ڕۆمانی

# کاروان و سەگوەڕ



دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوەی

زنجیرەی ڕۆشنبیری

*

**خاوەنی ئیمتیاز: شەوکەت شێخ یەزدین**

**سەرنووسەر: بەدران ئەحمەد حەبیب**

* * *

ناوونیشان: دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوەی ئاراس، گەڕەکی خانزاد، هەولێر

س. پ. ژمارە: ١

www.araspublisher.com

# کاروان و سەگوەڕ

ڕۆمان

نووسینی:

محەمەد مەولود (مەم)



ناوی کتێب: کاروان و سەگوەڕ - ڕۆمان
نووسەر: محەمەد مەولود (مەم)
بڵاوکراوەی ئاراس- ژمارە: ٢١٩
دەرهێنانی هونەری: بەدران ئەحمەد حەبیب
بەرگ: ئاراس ئەکرەم
خۆشنووسیی بەرگ: محەمەد زادە
پیت لێدان: نادیە عەزیز
هەڵەگری: شێرزاد فەقێ ئیسماعیل. هەندرێن شێرزاد
سەرپەرشتیی کاری چاپخانە: ئاوڕەحمانی حاجی مەحموود
چاپی یەکەم - چاپخانەی وەزارەتی پەروەردە، هەولێر- ٢٠٠٣
لە کتێبخانەی بەڕێوەبەرایەتیی گشتیی ڕۆشنبیری و هونەر لە هەولێر ژمارە (٢٩٢)ی ساڵی ٢٠٠٣ی دراوەتێ

*«ئامێر و کەرەستەی دروستکردن و ئاوەدانکردنەوە هەر ئەو ئامێر و کەرەستەیەن، کە ڕووخاندن و وێرانکاریشیان پێ دەکرێ... ئینسان خۆی بۆ چۆنێتی بەکارهێنانیان سەرپشکە»* .

ئیمشەو... دژ خەوی کات و سات و... سەرەتا و دوایی بوونت لێ تێکەڵاو بووە... بێداری و کاسی ئۆقرەیان لێ هەڵگرتووی، لە هەموو شەو و ڕۆژانی دڕ و دژواری ڕابردووی ئەم زیندانەت، تەنیا ئیمشەو پتر حەز بەجۆرە هەسانەوەیێک دەکەی... هەناسەیێکی درێژ و لاوازت هەڵکێشا، بۆ ماوەیەک لەسەر گازی پشت لێی ڕاکشای، هەر بەغەریزە چوارپەل و، هەموو ئەندامەکانی لەشت لێ شل کردن، لەنێوەوەت حەزت دەکرد هەندێک یەکسان بی! حەزت دەکرد ماسوولکە ژانگرتووەکانی لەشت ساتێک هێدی ببنەوە؛ بەڵام سەیرە... دەڵێی تەنانەت شانە و ئەندامەکانی لەشیشت وەکو ئەوانیش پەیوەندییان بەوجوودتەوە پچڕابێ، ئەوانیش ئاگایان لەو حەز و ئارەزووەی تۆ نەمابوو!

ئەوانیش ئۆقرە و ئارامیان لێ ون بووبوو... لە وەڕەسی و گرانایی وجوودیان پتر دەکردی، ناچار بێ بیرکردنەوە کێل بوویەوە، وەکو ژانگرتوو خۆت کۆکردەوە، زیڕەت لە کۆت و زنجیرەکانی دەست و پێ و ملتەوە هێنا، دەست و پەلت لێ کێشانەوە، ڕاست بوویەوە و هەستایەوە سەرپێیان، بەبێ ویستی خۆت چەند شەقاوێکت هاوێشتن، بەهەنگاوی کوێرانەی ئاڵۆز... بەپانایی و درێژایی ژوورە تاریکەکەدا دەهاتی و دەچووی، چەند جارێک ژووری زیندانەکەت پێوایەوە، مێشکیشت وەکو دەست و پێ و ملت... کۆت و زنجیر کرابوو، ئەویش بەکۆڕێکی تێل دریی ئاسنین تەنرابوو، هەوڵت دەدا... ئەو تۆڕەی مێشکت... ئەو تۆڕە دڕکاوییە بچڕێنی! کاتێک لە پێوانی ژوورەکەت وەڕەس بووی، خۆت بەدیوارە چڵکنەکەی زیندان هەڵپەسارد، جارێک دادەنیشتی و سەرت دەخستە نێو دوو ئەژنۆکانتەوە، گەی پەنجەکانی دەستت بەنێوچەوانت دەشکاندنەوە... جارێک سەرت هەڵدەبڕیەوە... لەو دیوارە ڕەشەکانی ژووری زیندانەکەت، کە وەک تارمایی تینت بەمێشک و بەچاوەکانت دەدا، نیگای تیژت پتر لەو دیوارە ڕەشانە گیر دەکرد، دەتەویست بچیە نێو ئەو تەونە جاڵجاڵوکەییەی بەسەرییەوە نیشتبوو، هەروەها هەوڵت دەدا بەسەر ئەو ڕستە زنجیرە نووسراوانەی سەر دیوارەکان بچیتەوە، ئەو ڕستانەی لە ماوەی زیندانییەکەتدا دەیان جار... سەدان جار دەورت کردبوونەوە و بەسەریاندا چووبوویتەوە.

ڕستەکان ئەوەندە زۆر تێکەڵاون... ئەوەندە ئاڵۆزن... چەند لێیان وردبییەوە... چەند





بەسەریاندا بچییەوە دواییان هەر نایێ... تا چاوت گوازتنەوە و لە دەرگا ئاسنینەکەی زیندانت گیرکردن... کە لەشت جووڵاندەوە... لە ڕۆخ دەرگا بۆ چەند کاتێک سەری یاخی بووت بەپلێتە ئەستوورەکەیەوە سپارد... ڕووت گوازتەوە سەر دیوارە ڕەشەکە، دیسان خۆت بەخوێندنەوەی ڕستە نووسراوەکان، کە وەک ڕێچکەیێکی نەپساوەی مێروولەی مردوو بەمێشک و هەستتەوە نووسابوون... خۆت بەخوێندنەوەی ئەو ڕستانە خەریک کردەوە، ئەو ڕستە نووسینانەی دەیان... بگرە سەدان ئینسانی وەکو تۆ و ئەوانەی لەپێش تۆوە لەم ژوورەدا... وەک قۆناخێکی سەختی کاروانی ژیان خۆیان و کاروانی نەپچڕاوی خەباتی گەلەکەیان گوزەریان کردبوو و، بەزۆری زۆردارەکی تێی ئاخنرابوون... وە بەدوا سەرنجی پڕ لە سۆز و هیواوە بەسەر دیوارەکاندا بەجێیان هێشتبوو.

تۆش لەو ماوەیە کە لەنێو ئەم چوار دیوارەدا ژیاوی، تۆش وەکو ئەوان... وەکو ئینسانێکی ئەم عەسرە ناهەموارە، وەکو ڕۆڵەیێکی ئەم میللەتە زۆرلێکراو و دیلەمۆرکی خۆت پێیانەوە چەسپاندووە و، هەندێک لات لێ نەخشاندبوون، جێ پەنجەت لەسەریاندا بەجێ هێشتووە؛ بەڵام ئەوەی تۆ لەسەر دیوارەکانی ئەم ئەشکەوتە بەجێی دەهێڵی، وەکو نووسینەکانی ئەو کەسانەی بەر لەخۆت، هەر تەنیا و دروشمی گیانبەخشی و نەبەزین و شیعری پڕ لە خۆشەویستی و ڕکوکین و تۆڵە نین، نا... نا... تۆ ئەمانەت دووبارە نەکردوونەتەوە، تۆ لە ماوەی زیندانییەکەت هەوڵت دەدا لەتەک هەموو ئەو ڕستە پڕ جۆش و ئاگر و خۆشەویستییانە بەجەمسەرە تیژەکانی زنجیرەکەی مەچەکت... تاکە وشەیەک هەڵبکەنی، کە مەعنای هەموو ئەو ڕستانە... هەموو ئەو نووسینانە، ئەو سەرنج و سۆز و هیواو ئاوات و، ئەو ڕابردووانە بگرێتەوە و ئەنجام بدا.

تۆ... ئێستا، چەند سەعاتێکی درێژی تەمەنی کورتی ماوەت بۆ ئەوە تەرخان کردووە، کە هەموو وشە ڕەش و سپییەکان... هەموو ڕستەکان... هەموو دروشمەکان، هەموو شیعرەکان هەڵبوەشێنییەوە، بیانتاوێنییەوە، دایانبڕێژییەوە... هەموو پیتەکان وەک تیغی دەبان ئاو ماڵ بکەیتەوە، تا وەکو ئەو تاکە وشەیەی پێ بنووسی و بیکەیتە چراییێک ژووری زیندانەکەتی پێ ڕووناک بکەیەوە، تام و ڕەنگ و دەنگ، مەعنایەکی تازە بەرستە نووسراوەکان ببەخشی، وەک چۆن تیشکی ڕۆژ تام و ڕەنگ و بۆ بەدار و درەخت... بەگوڵ و گوڵزار دەبەخشێ و... ژیان بەعالەم.

بیکەیتە تیشکی ئەکسیرێک دیوارە ئەستوورەکان بسمی، دیوارە کۆنکریتییەکان شەق بکا، ڕێگا تەنراوەکان... ڕێگا لە کۆسپ و قۆرت و تێلدڕ پاک بکاتەوە، سنوورەکان بەرەو ئازادی و سەربەرزی ببەزێنی... بیکەیتە ئەو تاکە گوڵە گەشەی سەری

بووکێکی تازە دەرازێنێتەوە و جوانی... نازداری، فەرامۆشیی و دڵنیایی دوارۆژ و خۆشەویستی پێ دەبەخشی.

بۆچ نا ؟ هەر ئەو ژوورە نییە ئەو دەیان و سەدان لاوەی وەکو تۆی بۆ باخەڵی دەسگیران و، بووکی ئاواتییان وەڕێ کردووە ؟

هەر ئەو ژوورە نییە ئەو هەموو دەسگیرانانەی هێوێنی نەمریی بۆ خۆیان و، ژیانێکی تازەی پڕ شانازییان بۆ گەلەکەیان ڕشتووە ؟!.

هەر چەندە خۆشنووس نەبووی، کە بەئارەزووی خۆت ئەو وشە تاقانەیە هەڵبکۆڵی و دیوارەکانی پێ برازێنێتەوە؛ بەڵام دیسان هاوارت لە زنجیرەکانی دەستت هەڵستاند و، بۆ نووسینی ئەو وشە پیرۆزە وەک خۆشنووسێک، وەک فەرهادێک... سووچە تیژەکانی زنجیرەکەی مەچەکت لە دیوارە ڕەشە چڵکنەکان چەقاند، بەوردی هونەرمەندانە دەستت بەنووسین کرد، سەر و بۆرت بۆ پیتەکانی دادەنا، لایەنە دوور و نادیارەکانت بۆ دەکێشان، ڕووناکی و سێبەرت بۆ ساز دەکردن، دەتهەویست دوا وشەیەک، کە لە دڵ و دەروونت و، دەم و پەنجەکانت، وەکو دیاردە و بەڵگەییێکی وجوودت لە ژیاندا دەمێنێتەوە، ئەو وشەیە بێ، کە چۆن مەعنا و تام بەو ژیان و وجووەی ئێستا و ڕابردووت دەدا...

هەروا ئەو ڕووگەیە بێ، کە ئنیسانییەت لە بەرەبەیانی بوونییەوە چین لەسەر چین، ڕیز لەدوای ڕیز، دێن و ڕووی تێ دەکەن خۆیان لە پێناویدا بەخت دەکەن، تۆش بەدرێژایی ژیانی سەخت و چڕتەوە هەمیشە لەنێو مەعنای ئەم وشەیە نقووم دەبووی، ئەو وشەیە بۆت ببووە ئەو (سییەی) ماسی لەژێر دەریادا هەناسەی ژیانی پێ دەخواتەوە، بۆت دەبووە ئەو ئەوین و ڕووناکییەی پەروانە بەسەودا و عیشقەوە بەدەوریا دەسوڕێ و، لە پێناویدا بەخولیاوە بۆ گەیشتن پێی گیانی خۆی دەبەخشێ و دەیکاتە قوربانی.

کە بیرت لەم وشەیە و لەوانە دەکردەوە، کە لە دوای تۆ بەم ژوورەدا گوزەر دەکەن، ئەوانەی لەدوارۆژدا لە کاروانی نەپساوەی خەباتی گەلەکەت دەبنە بەش، گیانی نەبەزین و خۆ لەبەرگرتن لەم وشەیەدا دەخوێننەوە، کە بیرت لەوە دەکردەوە ئەم وشەیە لە چۆڵی و تەنیایی... لە ساردوسڕیی ڕۆژ و شەوانی تێکەڵ و ڕژاویاندا تین و گەرمایی بەزیندانە تاریک و شێدارەکانیان دەدا، سام و وەرەسی ناوەوەیان وەک تەمی بەرەبەیان دەرەوێنێتەوە و... پەرتوبڵاوی دەکاتەوە و پەیامی ڕۆژێکی نوێی ڕوونیان بۆ دەهێنێ... تۆش سەبارەت بەو هەستەت، هێزێکی تازەت دەهاتەوە بەر، لەو ماوە کورتەدا...





درێژەی چاوەڕوانی... چارەنووسی سەخت... لەو ماوە درێژە... کورتەی، چرکە لە دوای چرکە و، سات لەدوای سات شانەکانی مێشکت یەکدی دەخواتەوە و، لەنێویەکدی دەیانتوێنییەوە، ئەو وشەیە پتر دڵنیایی پێ دەبەخشی، کە پاش ئەو یەکدی خواردنەوە و تراژیدییە، دووبارە سەرلەنوێ بۆ ساتێکی داهاتوو لە وجوودێکی دی، لە لەشێکی دیکە دەژیێتەوە و، بەگیانێکی نوێ، بەوزەییێکی نوێ، بەویست و ئارەزوویێکی تازە... لە ڕووبەڕووبوونی چارەنووسدا پێشوازی دەکا و، بەم هۆیەشەوە ڕاستیی (بوون)ت پتر بۆ ڕوون دەکاتەوە و، ڕاستیی ئەوەش، کە چۆن نەبوونی لە بوونەوەیە... هەروا بوونیش لە نەبوونەوە دەبێتەوە.

تۆ، کە نزیکترین کەسێکی لە خودی خۆتەوە چۆن توانیوتە دەستنیشانی ڕێرەوی ژیانی خۆت بکەی، هەروەها ئەوەت لەلا بوەتە باوەڕێ، کە ئەوانەی لە دوای تۆشەوە دێنە ناو ئەم قەفەزە ئاسنینە کەڕولاڵە، بەهەموو ڕۆشنی بیر و، بەهەموو ئاگاییەوە دەستنیشانی (خۆ)یان و ئەو ڕێگەیان کردووە، کە گرتوویانە و دەزانن لەو ڕێگایەوە بەکوێ دەگەن، ئەو ڕێڕەوەی هەر بەخۆیان بۆ خۆیان هەڵیانبژاردووە و، بەهەموو هەوەسەوە پێیدا دەڕۆن، کۆسپ و قۆرتەکانی یەک لە دوای یەک دەبڕن و دەزانن هەواری دواییان مەرگ دەبێ؛ بەڵام نەک هەموو جۆرە مەرگێک؛ بەشکەم ئەو مەرگەی خۆیان بۆ خۆیان دیاری دەکەن، یان گەیشتن بەئاوات... ئاواتی ژیان هەڵدەبژێری بەپەڕینەوە بەسەر پردی ڕووباری هاری مەرگدا.

تۆ، لاوێکی ئازا و بەجەرگ بووی، تاکو ئەم ساتەیش هەر ئازا و نەترس و بەجەرگی، چۆن لە دنیای دەرەوە بەرامبەر بەژیان ئازا و بەجەرگ بووی... ئێستایش بەرامبەر بەمردن وای.

(ئێستا ) شانازی بەخۆت دەکەی، کە بەبڕواییێکی پتەوەوە لە ڕێگاییێکی پیرۆزەوە بۆ ئامانجێکی پیرۆزتر گەیشتویتییە ئەم مەنزڵگایە، بەهۆی ئەو بڕوایە پتەو و چەسپاوەت.

ئەم کونجە تاریک نوتەکەی لێ کردی بەگۆڕەپانێکی گەورە و فراوان، بەعالەمێک، عالەمێکی بێ دوایی و بێ سنوور... عالەمێک تیشکی ڕووناکی ئەو بیروباوەڕەت هەموو سنوورە ئەستوور و دەستکردەکانی شەق کردووە، وەک چۆن ڕۆژ ناوجەرگی تاریکیی شەوی ڕەش و ئەستوور بەتیغی شەبەق شەبەق و پەرت دەکا، عالەمێک ترس قووت دەدا...

ترس دەبەزینی و هەرگیز مانەوەی پێ نادا گەرای لەنێودا بچێنێ و، ئەوەت لا بەتین

تر دەکا، کە تۆ تاقە شتێک کە دەتوانی بێ سێ و دوو دڵنیات بکا، ئەوەیە کە چۆن هەرگیز لە مردن نەترساوی و ئێستایش لەم کات و ساتە لەرزۆک و شلۆق و وڕانە لە مردن ناترسی و... لە تەنهایی بێ کۆتایی ئەم ئەشکەوتە تاریک و شێدارەدا بەجۆرە ئەشقێکی سۆفیانە، بەسەودا و سۆزێکی گەرمەوە بەرەو پیری مەرگەوە دەڕۆی، بەرەو پیری ئەو مەرگەی دەتگەیەنێ بەژیانێکی ڕاستەقینە، ئەو مەرگەی ژیان لێی دەڕەوێتەوە... ئەو مەرگەی پڕدەکەت لێ دەکاتەوە گۆڕەپانێکی فراوان و بەئاسانی بەرەو ئاوات بەسەر ڕووبارە هارەکەدا دەتپەڕێنێتەوە.

بۆچ نەء؟ بۆچ وانەبێ؟! تۆ لە هەموو کەس پتر خۆت دەناسی و دەزانی، کە ئەمە بۆ یەکێکی وەکو تۆ کارێکی ئاساییە، بۆ یەکێکی وەکو تۆی شەوەهای شەوە پڕ ئازارەکانی نێو ئەم ژوورەت، سەدان سەعات لەگەڵ خودی خۆت... لەگەڵ لێکدانەوەی ئەوە دەژیای، کە تۆی بەم چارەنووسە گەیاندووە، لە ئەنجامیشدا ئەوەت بەڕوونی بۆ ساغ کردەوە، کە چۆن ئینسان دروستکەری ژیانە... مردنیش ئەنجامێکی ئەو ژیانەیە و، مرۆ هەر تەنیا ئاو و نان و خەوتن و ڕیتن نییە، ئەمانە ئەو شتە ئاساییانەن، کە سرووشت لە سەرەتای بوونەوە وەکو دیاردەیەکی ژیان درێژە بەو بوونە دەدەن، هەروەها ئینسان... ئادەمیزاد لەگەڵ هەموو گیانلەبەرێکی دیکە، لەگەڵ ئاژەڵ زیندەوەر، لەگەڵ جانەوەر و دەعبا... لەگەڵ دڕندە مێشومەگەز لێک نزیک دەکاتەوە، هەروا لێکیان جودا دەکاتەوە.

«ئێستا» لە هەموو کاتێک پتر بۆت ڕوون بۆتەوە، کە ئەگەر ئینسان لەم عالەمەدا دەژی... دەشمری، کە دەشمری... یان مردنی ئەو گیانلەبەرو زیندەوارانەی دەبێ، کە هەرگیز بۆ ئامانجێکی دیار نەژیاون، کە هەر تەنیا ئاو... نان... خەوتن و ڕیتن قەفی گەیەکانی ژیانیانی پێک هێناوە و، ئەو گیانەیان چۆن بێ ئامانج لە هیچەوە و بۆ هیچ جوولە بەلەشیان دەدا، هەروەها بێ ئامانج دەبنەوە بەشێک لە نەبوون و جەستەکانیان دەبێتە هێلانەی ما و مێروو، ملیۆنەها کرم و میکرۆب، سەرەنجامیش دەبێتە گەرد و... لەژێر پێی کەساندا پەرت دەبێ و دەبێتەوە بەهیچ!، بێ ئەوەی شوێنێک لەسەر ڕووی عالەمی پێشوویان بنەخشێنێ.

بەڵام تۆ، هەر چەند سووری سرووشت و ژیان لە سەرهەڵدان و توانەوەت لەم عالەمەدا... لەو گەردلوولەدا بوونت بەجۆرێکی ئەوها دەردێنێ و ئەوهاش ڕەش دەکاتەوە؛ بەڵام ئەوە دەزانی، کە تۆ لەم سووڕەی ژیان و توانەوەیەدا، هەرگیز لەو جۆرە گیانلەبەر و زیندەوارانەنی، کە لەو گۆڕان و سەفەرەی بوونە و نەبوونەیاندا، تەنانەت





تاقە نیشانەییێکی بەقەدەر داوە موویەک، یان ئەوەندەی زەڕەییێکی ئۆتۆم لە عالەمی پێشوویان جێ ناهێڵن.

تۆ ئەوە دەزانی، کە گەردی جەستەی تۆ، کاتێ تێکەڵ بەزەوی دەبێ... تێکەڵ بەهەوای دنیا دەبێ، ئەو گەردەی جەستەی تۆیە ڕۆشنیی دەدا بەڕۆژ... ڕەنگ و بۆو جوانی بەگوڵزار دەبەخشێ... نرخ و تام دەدا بەدار و دەوەن... سەنگ و دەنگ دەدا بەژیان... مەعنا دەدا بەبوون... ئاواز بەمەل و کەو و شالوور دەبەخشێ... ئیلهام بەشاعیر و بەهرە و سەدا و سەودا دەخاتە مێشک و دەروونی هونەرمەند و عاشقان... کانیاوەکان دەتەقێنێ... ڕووبارەکان خورتتر دەکا بڵندی دەخاتە سەر ترۆپکی شاخەکان... هەروا تیرن و گوڕ و دەوا بەچەوساوەکان، خوێنیان نوێ دەکاتەوە... سەریان بەرەو ژوور بڵند دەکا و، هانیان دەدا بەجۆشەوە بەرەو ئامانجەکانیان بچنە پێش، ترس و سامیش بەسەر جەلادەکاندا دەبارێنێ... خەویان لێ دەزڕێنێ و... ژیانیان لێ تاڵ دەکا... پشتی زۆردارەکان دەشکێنێ... سەریان شۆڕ دەکا... هێزی ئەوەیان لەبەر دەبڕێ، کە بتوانن چاویان بەرەو ڕۆژ هەڵبڕن.

تۆ... کە بەخۆت ڕێگای ژیان و مردنت بۆ خۆت هەڵبژاردووە، ئەوە دەزانی، کە ئەو گەرد و بێ سەنگ و زەڕرە وردیلانەی... تۆ... تەرازووی زەبروزەنگ... ئاگر و ئاسنی دوژمنانی ئینسانییەت بۆ بەرژەوەندیی چەوساوەکان... بۆ چاکەی زۆرلێکراو و دیلەکان دەلارێنی و، لەنگەری پێ دەبەستێ، لە ئەنجامیش گەردەلوول و تۆفانێک دەنێتەوە... ڕەشەباییێک هەڵدەکا... هەرەس بەکۆشکی زوڵم و ستەم دێنێ، زۆردارەکان بەرەو دەریای نەبوون ڕادەماڵێ.

راستە هەموو گیانلەبەرێک لەساتێکی لەززەتی ئەوانی دی... لەساتێکی لەززەتی نەوعی خۆی دێتە ناو ئەم ژیانەوە؛ بەڵام جیاوازیی نێوان تۆ وەکو ئینسانێک و گیانلەبەر و زیندەوارەکانی دیکە، ئەوەیە کە (ئەتۆ)ی ئینسان تەنانەت لەززەت لە مردنیش وەردەگری، تۆ مردنیش وەک ژیان دەناسی، بڕواییت وەهایە کە چۆن ژیان زەدەی لەززەتێکی ئەوانی دیکەیە، مردنیش ئەنجامی ئەو لەززەتەیە و، هەردووکیان... ژیان و مردن... ئەو لەززەتە دروست و تەواو دەکەن.

تۆ لەززەت لەوە وەردەگری، ئەگەر لەڕێی ئەوانی دی... لە پێناو نەوع و توخمی خۆت ئەو ژیانە بەجێ دەهێڵی.

ئەمەیش فرمانێکە و لەوەتەی ئینسان لەم سەر زەویە دروست بووە و هەناسە وەردەگرێ و هەناسە دەدا، بەفرمانێکی خۆی دەزانێ.

بوون... لە پێناوی بوون

نەبوون... لە پێناوی بوون.

ژیان لە پێناوی ژیان و... مردنیش هەر لە پێناوی ژیان... ئەمانەن کە بڕواییت پێیانە، ئەمانەن کە بۆیان ژیاوی و ئێستایش بۆیان دەمری، ئەمانەن کەڵک و نرخ دەدەن بەو ژیانە و، گەورەیی بەم مردنە و، هەرگیز بۆشایی ئەوە ناخەنە و جوودتەوە، کە ترس خۆی تێدا حەشار بدا، بۆیە کە ڕووبەڕووی مردن دەبێ ناترسی.

بەڵێ... دەشێ نەترسانیش جۆرە ترسێک بێ... ئەمما کام ترس؟ ترس لەوەی ئەو فرمانەی، کە لە ڕۆژی بوونتەوە فرمانی تۆن... تۆش بەفرمانی خۆیان دەزانی... ئەو فرمانانەت بەچاکی نەگەیاندبن، بەڕێکوپێکی ئەنجامت نەدابن.

ئەگەر تاکە پەرۆشییێک لە دڵ و دەروونتدا بخولێتەوە، هەر ئەوەیە کە پێت خۆش بوو ماوەت ببوایە هەموو فرمانو ئەرکەکانت وەکو خۆت ئاواتت بۆ دەخوازتن، ئەوها جێ بەجێیان بکەی...

ئێستایش لەم دوا مەنزڵگایەت، کاتی دوا فرمان بەجێ دەهێنی و گیانت لە ڕێی بیروباوەڕت دەبەخشی... ئەو نهێنییە، یان ئەو هەقیقەتەت بۆ دەچەسپێ، کە تۆ بۆچ نەترساوی... بۆچ ناترسی!...

لەم شەوی کۆتاییەدا، جڵەوی یادت شل کردووە و بەنێو دنیای یادەکانتدا ئەم سەر و ئەو سەر دەکەی، ڕۆژەکانی ڕابردووت خورد دەکەیەوە، لەنێو ڕێچکەی ئەو ژیانەتدا خۆت وەک ئەو ڕووبارە دێتە بەرچاو، کە لە پەنا و دۆڵ و دەشتە وشکەکاندا دەخزن و، ژیان بەدار و دەوەن دەبەخشی و، سەوزی بەگیا، ژیانی کەسان نوێ دەکاتەوە، خۆبشی لەم گەڕەی ژیان بەخشینە و ژیانەوەیەدا دەتوێنێتەوە و لەنێو دەبا، لە ئەنجامدا وەکو مەلێک پرسیار لە مێشکتدا کۆ دەکاتەوە و، لەگەڵ ئەو یادانەتدا دەکەونە مەشق و زۆرانێ:

– *ئایا لەو چەند ساڵەی لەگەڵ خەڵکی وڵاتەکەتدا ژیاوی چیت بەو خەڵکە... چیت بەوڵاتەکەت بەخشیوە؟.*

– *چیت بۆ دوارۆژی چەوساوەکان مسۆگەر کردووە؟.*

کاتێ لەناوەوەت وەڵامی ئەم پرسیارانەت دەدەیەوە، بەهێمنی و پڕ شانازی سەرهەڵدەبڕی... خۆشییەک دەپەڕێتە دەروونتەوە... ڕووناهی چاوەکانت بەتینتر دەبێ... بەهێمنی ڕوو دەکەیەوە نووسینی سەر دیوارە ڕەشەکانی ژووری زیندانەکەت...





ڕستەکان... وشەکان لەپێش چاوتدا دەدرەوشێنەوە، ڕووناکی دەدەن بەژوورە تاریکەکە... لە دیوارەکە نزیک دەبیتەوە، بەسووچە تیژەکەی زنجیری مەچەکت، تاکە وشەیێک دەنگدانەوەی ئەو ڕۆژە ڕابردووانەت بێ... ماناو تام بەو ژیانە و وجوودەت... هەروا بەم توانەوە و مردنەت بداو، تاکە وشەکە وەکو ئەستێرەییێکی پرشنگدار دەیخەیتە سەرووی ئەو هەموو وشە و ڕستە ئاگرین و پڕ سۆز و سەرنج و ئاواتانەی، ئەوانەی پێش تۆ، کە لە ڕێگای ئەم ژوورەوە گەیشتوونەتە چارەنووسی پڕ شانازیی خۆیان... بەجێیان هێشتووە.

دوێنی هێوارە بوو، هەواڵیان پێ دای، کە (سبەی شەو فەرمانی لە سێدارەدانت وەجێ دەهێندرێ)!.

خەبەرەکە بەلای تۆوە شتێکی ئاسایی بوو!!... کارێکی وەهای تێ نەکردی، بەبزەییێکەوە هەواڵەکەت وەرگرت، هیچت نەگوت، لچێکت لە هەواڵدەرەکان شۆڕ کر، کە ئەوان پێیان دەگوتی:

– *هەواڵیشمان بۆ دایکت ناردووە، تا بۆ دواجار یەکتری ببینن.*

خەبەرەکەت لەلا سەیر نەبوو، لە خۆتت پرسی:

– *هەر ئەمرۆم لە ژیاندا ماوە؟.*

چاوقوچانێک دامای، تا لە خۆتت پرسییەوە:

– *ئایا هەموو ڕۆژێکی ژیانم، بەدوارۆژ نەزانیوە؟.*

سەیرت بەعەقڵی جەللادەکان دەهاتەوە... لەگەڵ خودی خۆت لێکت دەدایەوە!

– *ئەمانەت... وەکو ئەو زیندەوەر و دڕندانە دێتە بەرچاو... کە هەموو ئامانجێکیان لە ژیاندا خواردن و نوستن و ڕیتن و هەناسەدانە!.*

– *ئەمانە... ئامرازێکی بێ گیانن... بەپێی پێویستی و، بەفەرمانی خاوەنەکانیان دەجووڵێنەوە.*

*لەگەڵ نەرمە ئاهو بزەییێکی هێمن دەگەڕایەوە ناو خۆت!*

– *ئەوەی بۆ ئامانجێکی وەکو ئامانجی تۆ... دەژی... تێدەکۆشی، مردنی لەسەر دەست داناوە، وەکو تەزبیح یاری پێ دەکا.*

ئەمشەو سەعات دوازدە فەرمانەکە وەجێ دێنن... سەعات دوازدە، ئای کە مەوداییێکی تەنگ و... فراوانە!.

سەیرە... حەز دەکەی زوو بەناویدا ڕابووری! خۆشت نازانی بۆ لەو گوزەرە بەپەلەی؟!

ئایا خۆت ئەم مەودایە، بەو مەودایە دادەنێی، کە بوون و نەبوون بەیەکتری دەبەستنەوە؟ یان... نەبوون بەبوون؟ وەکو ئەو دایک و باوکەی چاوەڕوانی کۆرپە تازەکەیان دەکەن... پەلەی ئەوەن، کە ئەو بوونە تازەیە چارەنووسیان دیاری بکا، مەعنایەک بدا بەبوونیان؟!

یان ئەم مەودایە بەدوا مەودای چاوەڕێ کراوی خۆت دەژمێری؟.

ساتەکان چەقیون... ئەو ڕۆژەی دەرەوە لە جەللادەکان ئاوا ناکەن، دەبێ چاوەڕوان بی... چاوەڕوانی گەلێک قورس و تاڵە، دەبێ چاوەڕوان بی... چاوەڕوان...

شەوێ پاش هەواڵەکە، کۆمەڵێک یادگار بەمێشکدا دەهاتنەوە، وەک شریتێکی سینەما لە پەردەی مێشکتدا وەدەرکەوتن و تێدەپەڕین.

هەندێک لەو یادگارانە وەک خەون... خەونێکی نەرمونیان و قووڵ پەڕی ئاوریشمیان لە هەستتدا دەخشاند، هەندێکیشیان ئەوها ڕووت و دژوار... دڕ و هار بەنێو پێچوپەنای مێشکتدا وەک قۆپەنێک ئەستری دەرزیلەیان هەڵدەدا، دەمارەکانی گیان و هەستیان دەهەنجنی، هەموو ورد و درشتی قەوماوەکانی تەمەنی ڕابردوویان لێ زیندوو دەکردەوە، بێزت لە بەشێک لەو یادگارانە دەهاتەوە! شانازیشت بەزۆربەیان دەکرد، ئەو یاد و مردووانەت هەرگیز لە ڕۆژە ڕابردووەکانت... لە چۆنێتی و باری ئاسایی تەمەنی پێچراوەت، بەیادتا نەدەهاتنەوە... تاڵی و شیرینی ئەو ڕۆژە ڕابردووانەی ژیانت لەم کات و ساتەی کۆتاییەدا یەکترییان دەگرتەوە، گەلێک یادی شیرین و خۆشگوزەرانی بەسەریان کردیەوە، ئەو یادانە ڕووناکییان بەدەروونت دەبەخشی.

بەرامبەر بەمانەشەوە فرە قەوماوی تاڵ و پڕ ئەشکەنجە و ناسۆری و سەخت وەک پەردەیەکی ڕەش دایانپۆشی.

«ئێستا» پاش ئەو هەموو یادکردنەوانە، پتر و چاتر ئەوەت بۆ ڕوون بۆتەوە، کە بۆچ دەربەستی ئەم مردنە نی؟ لەگەڵ ئەوەی، کە هەموو گیانلەبەرێک تەنانەت ئاژەڵ و زیندەواریش لە مردن دەترسن! بۆچ تۆ لەم کات و ساتەدا ناترسی؟.

بەڵام... ئایا مردن ئەنجامی ژیان نییە؟ مردن بەڵگەی ژیان نییە؟ گەلێک گیانلەبەر هەن هەر بەغەریزە و لە پێناو پەرەپێدانی ژیانی ئەوانی دی، بۆ درێژبوونەوەی ژیانی توخمی خۆی دەمرێ و، لاشەکەی دەبێ بەخۆراکی بەرەی نوێ. مرۆڤن بۆ بەرەی داهاتوو، لە پێناو مانی توخمەکەی خۆی لەنێو دەبا، ئەو ئینسانانەی لە گۆڕەپانی شارەکان خۆیان دەسووتێنن هەر بۆ ئەوە نییە بەو ئاگرەی لاشەکەیان ڕووناکی بەژیان بدەن؟.





ئەو کەسانەی بەهەموو هەوەس و ویستی خۆیانەوە... خۆیان دەکەنە قوربانی، هەر بۆ ئەوە نییە، کە ژیان بهێننەوە دۆخی ڕاستی خۆی و ڕێ بۆ ئەوانی دیکە نەخش و دیار بکەن؟

جاران... زۆر جاری وا دەبوو، کە ناوی مردن دەهات ترسێکی نادیار دەکەوتە دەروونتەوە، ئەمەیش هەر لە پێناوی ئەوە بوو، کە نەوەک ئەو مردنە، ئەو مردنە نەبێت، کە خۆت هەڵی دەبژێری... ئەو مردنە نەبێ، کە گوراح دەدا بەژیان و، باری گران و دژوار لەسەر شانی ئەوانی دیکە سووک دەکا.

ڕاستە تۆ خۆت بەبار نەدەزانی، خۆت بەشایستەی ئەم ژیان و سەردەم و تافە دەزانی. لەگەڵ ئەوەشدا کە زۆر شتی پووچ و بێ کەڵک... گەلێک بیر و هیوای پیرۆزیشیان لەژێر پێدا بوو، لێت ناخۆش دەهات بەهەموو ڕەنگێک، سەبارەت بەهەموو هۆیەک، یان بەپێی یاسای سروشت، بێ تام و بێ ئامانج وەکو ئەو گیانلەبەرانەی دەبن و دەمرن... تۆش ئەوها ببی و بمری... هەوڵت دەدا بەو ڕەنگە بمری، کە خواستی خۆتی لەگەڵ بێ.

تۆ سەر بەنەتەوەیێکی فەرامۆشکراوی، لە وڵاتێکی دیل و دابەشکراوی سەر بەچەند ڕژێمێکدا دەژی، چونکە دیل و زۆرلێکرا، بەچاوی دیل و وەک ئینسانێکی دەرەجە دوو و کەم بەجودا گەری سەیر دەکرێی، هەموو هەناسەییێکت... هەموو جووڵە هەنگاوێکت... حیسابێکی سەختی بۆ دەکرێ، حیسابێک کە لەلایەن دیلکەر و داگیرکەرەکانت هەرگیز لێبووردن و بەخشین ناگرێتە خۆی، هەرگیز چاوەڕوانی زەرریێک مرۆڤایەتی و چاو لێ پۆشین ناکەی، پیاو چۆن هومێدی مرۆڤایەتی و میهرەبانی لە دیل کەر و چەوسێنەر و لە دوژمن دەکا؟!.

لە ماوەی تەمەنی ڕابردووتدا، گەلێک چێژت لە دەربەدەری و دەردەسەرییەکانی ژیان وەرگرت... هەوڵت دەدا، خۆت هان دەدا، لە ڕێگای ژیانێکی باشتر، لە پێناوی کامەرانی و سەربەرزی، لە پێناو سەرفرازی و ئازادیی خۆت و گەلەکەت، خەبات و ململانێت دەکرد... پلە بەپلە لە سەختییەکانی ژیان دەگەیشتی، بەدڵ و دەروونێکی گەرمی پڕ لە ئاواتەوە، بەرەو پیری هەموو ناهەمواریەک دەچووی، برسییەتی و کوێرەوەری بوونە مامۆستات، فێری ژیان ویستییان کردی، وانەی پیرۆزی و نەگریسی ژیانیان بۆ شی دەکردییەوە.

نا نەخێر... تۆ هەرگێز لە ژیانتدا... لە هەوڵ و خەباتتدا لە ڕیز کاروانی نەپساوەی ململانێی میللەتەکەتدا، هەرگیز خۆت بەبار نەدەزانی، خۆت بەو کرمە نەدەژمارد، کە

بەمژینی خوێنی ئەوانی دیکە دەوام بەبوونی بدا، لە پێناو ئەو بوونەت بەهەموو شتێک ڕازی بی.

بۆیە (ئێستا) بەڕوونی و ڕەوانی، دەزانی هۆی ئەم بێ دەربەستی و نەترسییەت لەڕووی مەرگ و ژیاندا چییە؟... دەزانی کە ژیان... یان مەرگ چ پەیوەندییەکیان بەتۆوە هەیە، هەروەها تۆش چ پەیوەندیت بەوانەوە هەیە، ئەوەشت لا ئاشکرا بووە، کە ئەم پەیوەندییانە تا چ ڕادەیەک بەتاقیکردنەوەی ڕۆژانی ڕابردووی خۆت میللەتەکەتەوە بەندن!... ئاوێتەن... ئاوێتەیێکی ئاوەها کە لێک جودابوونەوەیان نەبێ.

تۆ کە ئەوەت لا ونە، کە مردن زەرورەتێکی ژیانە، بەوە ڕازی نەبووی بەبێ هۆ، ئەوەی پەیوەندیت بەو زەرورەتەوە هەبێ... بەبێ ئامانج، بەبێ مانا بژی و، هەر بەو ڕەنگەیش ئەم ژیانە بەجێ بهێڵی.

تۆ... کە قەناعەتی یەکجاریت بەم ڕاستییانە هەیە و، بەراستی خۆت دەیانناسی، لەسەر بنکە و بناغەی ئەم ڕاستییانەیش ڕێگای خۆت لە دووڕیانی بوون و نەبوون... دیار و دەستنیشان کردووە... یان ژیان بۆ مردن، کە ئەمەیش ڕەوشتی بەرزبوو... مل شۆڕ و بێ دەسەلاتانە... یان مردن لە پێناو ژیان... کە ئەمەیش چۆنێتی ئەم کات و ساتەی ئێستاکەت ڕوونی دەکاتەوە، وەک چۆن جستوجۆ و بورکان و، جونبووشی ساڵەهای ساڵی گۆڕانەکانی جیۆلۆجیی لوتکەی بەرز... دۆڵ و شێو و، هەروەها گۆمەکان دادەرێژێ و وەکو هێما و دیاردەی بەربەرەکانێی سروشت بەسەر جەرگی زەوی چەسپاندوون و، مەعنا بەو کەونە دەدەن، ئەوەها ئەم توانەوە و هەڵوەشانەوەی تۆش دواهێمای بوونت دادەرێژێ و مەعنا بەو ڕۆژانەی ڕابردووت... بەو هەمەوو خۆشی و ترشی و تاڵ و سوێریانەی ژیانت بەو هەمەوو شل و پەیتی و ململانێیەی تەمەنت دەبەخشن و، دیاردەی نوێ لەسەروبەری ژیانی داهاتوودا دەنەخشێنێ و دەچەسپێنێ.

شەوی پاش ئەوەی هەواڵەکەیان پێ گەیاندی، یادگار مێشکیان تەنی بووی، بەرەو دوور... دوور... دوورتر پەلکێشیان دەکردی.

لە سەردەمی منداڵیتەوە تا هەرزەکاریت، کە قوتابییەکی بچکۆلانەو، لەدواییشدا لاوێکی بەگوراح و پڕ خوێن و ئاوات بووی.

سەردەمی منداڵیت لە قوتابخانەکەی شارەکەی ئاگر و خەم... لەگەڵ منداڵانی گەڕەک... لەگەڵ فەرەیدون و مچە و ئەوانی دی وردە وردە سەرتان بەرەو ڕۆژ هەڵدەهێنا و، لەشتان بەرەو ڕۆژ هەڵدەکشا و دەروون گەش دەبوونەوە، مامۆستای قوتابخانەکەشت پتر ڕێڕەوی ژیانی بۆ دەستنیشان کردی، مامۆستا (شەنگە) مرۆڤییێکی دڵپاک و





دەستپاک و دەمپاک بوو، ئەوەی پاکی بوو، ئەوەی ڕاستی بوو، ئەوەی ڕەوا و ڕەوان بوو، ئەوانەی وەرژاندە ناو بیر و گیانتەوە، ئەلفوبێی ژیانی فێر کردی، تۆوی ڕێز گرتنی دایک و باوک و ئەوانی دی... تۆوی نیشتمانپەرستی و خۆشەویستی ئینسانی لە دەروونندا چاندی.

لە هەرزەکاریتدا، لەگەڵ باوکت بوویتە شاهیدی کوشتن و بڕینەکەی گاوورباغی و چەوساندنەوەی کرێکارەکانی کۆمپانیا گەورەکەی سەر بەبێگانە، لەو ڕۆژەوە باوکت وەکو باوکێک، لە دەست چوو؟... کە فاشیستەکانیش دەستیان بەسەر وڵاتدا گرت... لە شارەکەی ئێوە بووە تۆفان... دڕندەیی... بەتینتر پەرەی سەند، پەلاماری خەڵکی ڕەشوڕووتی شاریان دەدا... کە زۆربەیان وەکو تۆ کورد بوون... کرێکارەکانی کوردیان بەیەکجاری و سەرجەم لە کار و کارگەکان، لە دایەرەکانی حکومەت، لە دەزگاکان وەدەرنان، ڕاوی خێزانەکانیان دەنا و ئاوارەیان کردن... بەشێکی زۆریشیان لەمانە بۆ ئەو ژێرانە وەڕێ کردن، یان ئاوقای بەندیخانەکانیان کردن.

خوێنی گەلێک کەسیان بەناهەق ڕشت... ئابڕووی هاووڵاتییان ژێر پێ خرا... منداڵی بێ دەرەتان کەوتنە کۆڵانەکان.

تۆش بەدەگمەن باوکی خۆت دەدەی!... باوکت لێ کرا بەبیانی، دایکت بەکارەکەری ماڵان توانی تۆ و نەسرینی خوشکت بژێنێ، ماوەیێک لە قوتابخانە پچڕای تا لەسەر ویست و ئارەزووی دایکت چوویتەوە قوتابخانەی ئەو گەڕەکە پیرەی خۆتان لێ حەشاردا بوو، مامۆستای ئەو قوتابخانەیەت... مامۆستایەکی دیکە بوو، هەرگیز لەچ لایەنێکەوە بەمامۆستا (شەنگە) نەدەچووا... (مامۆستا زێدان) لەنێو ئێمە قوتابییان بەزار لافی شۆڕشگێڕی و سۆشیالیستی لێ دەدا، کەچی لەناوەوەی، لە ڕەوشتی و لە کردەوەکانی دڕندەیێک بوو بۆ خۆی! تەنانەت ڕێگای نەدەدا لە قوتابخانە لەگەڵ هاوەڵەکانت، لەگەڵ فەرەیدون... لەگەڵ مچە و ئازاد بەزمانی زگماکی خۆت بدوێی!

لە سێ ساڵ پتر لەو قوتابخانەیە مایەوە، لەو ماوەیەدا تەنانەت هەویەی تۆ و هاوەڵەکانت و، ناوی گەڕەک و قوتابخانەشیان گۆڕی... مامۆستا زێدان ئەو ڕۆژە بڕیاری دەرکردنی لە قوتابخانە دای، کە لە دەرسی وێژەدا چەند شیعرێکی کوردیت بۆ خوێندنەوە و تەرجەمەت کردن... ئەو دڕندەیە بەو شیعرانە زۆر تووڕە بوو... هەناسەی تەنگ بوو... هەڵچوو... خۆی لێت گیف کردەوە... تووکی سەری گرژ بوو... دەستی بەجنێودانی خۆت و باوک و باپیر و میللەتەکەت کرد!... شێتانە پەلاماری دای، هەتا هێزی لەبەر بوو دوو زللەی لەبنا گوێت قایم کردن!، تۆش بەواق وڕماوی سەیرت دەکرد،

نەتدەزانی چ تاوانێکت کردووە، تا بەم ڕەنگە سزات بدا؛ بەڵام زۆری پێ نەچوو، کە بۆ بەیانی هەر لەبەر دەرگا گەورەکەی قوتابخانە (عەممو عوگلە)ی فەڕاش فرمانی دەرکردنەکەی دایە دەستت! ئەو ڕۆژەش دوارۆژی قوتابخانەت بوو... بۆ یەکجاری پەیوەندیت لەگەڵ ئەو قوتابخانەیە و، هەموو خوێندنێکی دەوڵەت بڕا، کەوتییە نێو قوتابخانە سەخت و فراوان و دژوارەکەی ژیان، ماوەیێک لە بەرەبەیانەوە دەچووی لە مەیدانی کرێکاران دەوەستای... ئێوارانیش لەگەڵ هاوەڵەکانت لە چایخانەکەی ڕۆخ جادە بەرین و پڕ حەشاماتەکە دادەنیشتی، بیرت لەو خەڵکە دەکردەوە، کە بێ پسانەوە، تا ئێوارە درەنگێک بەبەرمندا دەهاتن و تێدەپەڕین!، وات بۆ دەهات ئەوانە خۆشیان نازانن بۆچ و لەکوێوە بۆ کوێ دەچن؟!.

فاشیستەکان پتر چنگیان لەگەرووی خەڵکەکە گیر کرد... خوێن بەری چاوی گرتبوون، تەنانەت جووتیارەکانی دەوروبەری شار و گوندەکانی ناوچەیان لەسەر زەویوزار، لەنێو ماڵ و مەزراکانیان دەرپەڕاند، ڕاوی کرێکار و ڕەشوڕووتیان نا، کەوتنەوە کورد قڕان و پیاو کوشتن، بەکۆمەڵ خەڵکیان ئاوقای بەندیخانەکان و بەرەو گەرمەسێرەکان دیل و ڕەوانە دەکردن، دڕندانە هێرشیان دەبردە سەر گەڕەکە هەژارەکان، بەبلدۆزەر و بۆمبا و تەقەمەنی گەڕەکەکانیان وێران دەکرد، خانووەکانیان بەسەر خاوەنە بێ دەسەڵاتەکانیاندا دەڕووخاند، تۆش قینوڕک، ترس و تۆڵە توانای هەڵگرتنی باری گرانی ژیانی شارە خوێناوییەکەت نەما، لە هەژمەتان و لە دەست سیخوڕ و ئینسانخۆرەکانی شار لەگەڵ کۆمەڵێک لە هاوەڵەکانت ڕووتان کردە چیا.

پازدە ساڵە... پازدە ساڵ، پازدە ساڵیش تەمەنێکە و بەدەم ئاسانە، ئەو کاتە ساڵێک پتر بوو، چووبوویتە ڕیزی کۆمەڵانی خەڵکی خەباتگێڕی وڵاتەکەت، پشتت بەشاخە بەرزە سەرکەشەکانەوە دابوو... ڕۆژێکی سەختی زستان بوو، ئەو پێدەشتەی بەرپێت ڕەشایی پێوە نەمابوو، چیاکانی بەرامبەریشت ئەوەندە سپی بوون، ڕێشکە و پێشکەیان بەچاوەکانت دەکرد، ڕۆژێکی ساف و ساماڵ بوو، لەبەر تیشکی ڕۆژ، کە لەسەر بەفرەکە دووبارە دەبووەوە، چاوەکانت ئاویان تێزا بوو... بەجوانی نەتدەبینی، لەو ڕۆژە سەختە دابوو، کە دایکت بەڕێ خست، کزەباییێکی سارد دەهات و لەسەر بەفرەکە دەخزی، وەک تیخ خۆی دەکێشا بەروخسارتەوە. «ئێستا» هەموو شتێکی ئەو ڕۆژەت وەبیر دێتەوە وەک ئاوێنە دێتە بەرچاوانت، لەنێو ئەم تاریکاییەی نیوەشەوی زیندانەت... لەم دوا هەنگاوی ژیانتدا، کە پاش چەند سەعاتێکی دیکە، ڕۆژ لەگەڵ مژدا، تێکەڵاو دەبێ و دەکەوێتە ململانێ...ڕاوی شەو و تاریکی دەنێ، فاشیستەکان بۆ





یەکجاری دنیات پێ بەجێ دەهێڵن، لەم ژیانە و لەو ڕۆژانەت دەپچڕێنن، کە فەرامۆشیان داوە بەگیانت و، ئەوەت بۆ ساغ دەکەنەوە، کە ئەو خوێنە ڕژاوەی تۆش دەبێتە نیشانەی کاوێژە و موژدەی بەزینی شەو و تاریکی و هەڵهاتنی ڕۆژێکی نوێی پێوەیە، لەم کات و کورت و درێژەدا، سەر لە دیوارەکانی زیندان هەڵدەبڕیەوە، بەسەر ڕستە و دروشمەکاندا دەچیتەوە، ئەو ڕستە و درووشمانەی نیشانەی گیانبەختی و خۆلەبەرگرتن و نە بەزینی میللەتەکەت دووبارە دەکەنەوە، هەوڵ دەدەی بەجەمسەرە تیژەکەی مەچەکت تاکە وشەیێک لەسەرووی ڕستەکانەوە هەڵکۆڵی، تاکە وشەیەک پەیوەندییێکی پتەوی لەگەڵ ئەو ڕۆژە ڕابردووانەت لەگەڵ باوەڕ و بیرت، لەگەڵ گیانتدا پەیدا کردووە، بۆتە ئەو تیشکەی شەوانی تاریکی زیندانت بۆ ڕووناک دەکاتەوە، بۆت بووە بەلاوک و حەیران و لەگەڵ خۆیدا، لە شەوانی تەنهایی، لەگەڵ زیندانییەکانی دەوروبەرت دا، ئێواران... نیوە شەوان... بەرەبەیان لەگەڵ تەقینەوەی شەفەق، وەک بوومە لەرزە قەڵای زۆرداریی بەندیخانەکانی پێ دەهەژێتەوە، بۆت بووە بەو لاوک و حەیرانەی لەگەڵ خوێنت تێکەڵاو بوو، لەگەڵ بیرت یەکی گرتۆتەوە، تەنیایی ڕۆژ و شەوانی دیلییەتیت ئاوەدان دەکاتەوە، لەنێو بەزمی ئازاردان و جەزرەبەی جەللادەکان فێری خۆ لەبەرگرتنی کردووی، خوێنت نوێ دەکاتەوە و بیرت ساف و گەردی ئازارەکانی خۆت و میللەتەکەت پەرتوبڵاو دەکاتەوە.

ئەو وشە پیرۆزە، پیرۆزیی کاروانی خەباتی هەموو چەوساوەکانی جیهان پتر بەمێشکتەوە دەچەسپێنێ، لە وەرەسیدا ئیرادەت پێ دەبەخشێ، کاتێ سەرت دەنێیتە قەد گۆشەیێکی زیندانەکەت، بۆت دەبێ بەشەریتێکی نەرمی ئاوریشمین، دەبێ بەهیلانەی ئارام، هەروەها ئەو وشە پیرۆزەشە بۆتە لەعنەتێک، خەو لە چاوی جەللادەکان دەزڕێنێ، ئارامیان لێ هەڵدەگرێ، وەک پۆلکە ئاگرێکی دۆزەخ چزە لە دەروونی فاشیستەکانەوە دێنی.

دنیای زۆردارەکانی هەڵدەقرچێنی و ژیان دەکاتەوە و... پیس و پاک لەیەک جودا.

پازدە ساڵ لەمەوبەر، لە ئێوارەیێکی سەختی زستان، بەچەند وشەیێکی بریندار پڕ لە قین و ویستی تۆڵە، دایکت بەڕێ خست و بەهێمنی پێت گوت:

- *دایکە ئیتر لێرەوە، تۆ بڕۆ خوا حافیزت بێ...* ئا...ئەنگوستێکت بۆ ڕایەڵ کرد و، کە دەتگوت:

- *ئەو دێیەی بەرامبەرت زۆر دوور نییە، هەر دە دەقیقە ڕێ دەبێ، کە گەیشتییە ئەوێ، سەیارە هەیە و بەئاسانی دەتباتەوە شار.*

بەپەرۆشێکەوە پێت گوت:

– *من ناتوانم بێمە ئەو دێیە...*

– *ئاگات لە خۆت بێ، لەسەرخۆ بڕۆ... خۆت ماندوو مەکە.*

دەستت بردە گیرفانی پاڵتۆکەت و چەند گلۆڵە کاغەزی بچووکت نانە دەست، لەسەرخۆ گوتت:

– *ئەم نامە و چوکلێتییانە جوان قایم بکە، لە بیرت نەچی جگە لە خاوەنەکانیان نەیاندەیتە دەست کەسێکی دیکە.*

بەدەنگ بانگت کردەوە:

– *خودا حافیزت بێ... دایە گیان... خودا حافیز...* دایکت بەقورگی پڕ لە گریان، باوەشی پێدا کردی، بەدەنگێکی نووساو و بەقسەی لێک پچڕاو پێی گوتی...

– *ڕۆڵە ئاگات لە خۆت بێ...*

– *بەهۆشیاری هەڵسوکەوت بکە، هەرگیز سەرەڕۆیی نەکەی...*

– *خوا حافیز... کوڕم... خوا حافیز، غەوسی گەیلانی بتپارێزێ... یاخوا.*

بەم ڕەنگە دایکت وەڕێ کرد و، لە پەنای تاوێرێکدا دانیشتی تفەنگە چیکییەکەت نابووە باوەشتەوە، دەستی چەپیشت لەبەر تیشکە خوێناوییەکەی هەتاوی لەرز لێ نیشتوو نابووە بەرچاوتەوە، بەچاو داو بەدوای هەنگاوە شەکەت و قورسەکانی دایکتدا دەچوویتەوە، کە وەک تارمایی بەرەو دێیەکە دەکشا.

هەتا دایکت نەگەیشتە نێو دێیەکە، دەستەکەت لەپێش چاوت لانەدا.

ئەگەر چی زۆر ماندوو بووی، لەگەڵێک چەم و شیو و کۆسپ و هەڵدێردا، لە زۆر باریکە ڕێی سەختدا دایکت بەکۆڵ هەڵدەگرت، پێویستیت بەهەناسەدان و هەسانەوەیێکی زۆر هەبوو؛ بەڵام هەرکە دایکت لەناو ئاواییەکە ونبوو... بەگورجی بۆی ڕاست بوویەوە، ملی ڕێگاکەت گرتەوەبەر، بەتوندی تاوی هەنگاوەکانی خۆت دەدا، ترسی ئەوەت لێ نیشتبوو شەوت لێ دابێ، یان ڕێگا گوم بکەی و، وەبەر سایەقەی شەوی ئەو زستانە بەفراوییە بکەوی.

بەپەلە دەچوویە پێش، هەر بەو ڕێگایەی لەگەڵ دایکت پێیدا هاتبوون، هەر بەو ڕێگایەدا بەرەو بنکەکەی خۆت گەڕایتەوە.

جێ شوێنی پێیەکانت لەسەر سپیایی بەفرەکەدا چاپ ببوون، بەچوستی ڕێگات دەپێچایەوە، لەتاو خەم و سۆزی دیدەنیی دایکت و، لەژێر تەوژمی هەستی پڕ ناسۆری





ڕووداوەکانی بەسەر دایکت... بەسەر خێزانەکەی باوکتدا هاتبوون دەروونت دەکولاّ... دەبرژا و ئازاری لێ دەتکا، ئاگات لە نشێو و هەوراز و کەندوکۆسپ و ساردوسۆڵیی ئەو ئێوارەی زستانە، هەروەها ئاگات لە بوونی خۆشت بڕا بوو!!.

ساڵەوەختێک بوو دایکت نەدیبوو، لە چۆنێتی شارە گەورەکە و، لە چۆنێتی هاوەڵەکانت، دایک و باوکی کلۆڵت، نەسرینی خوشکت و، لە چۆنێتی هاوڕێکانی منداڵی و هەرزەکاریت، لە چۆنێتی ئاوارەکراو و بێ سەروشوێنەکانی گەڕەک بێ ئاگا بووی.

پتر پەرۆشیی ئەو دایکە لێ قەوماوەت بووی، کە بەپشتی کۆچەوە، بەتەنیا ڕێگای سەختی ژیان و، ڕۆژانی ئەو شاری گڕ و خوێنە دەپێچیتەوە، ئەو دایکەت کە هەر لەناو زگییەوە هەتا ناو لانک و هەتا قوتابخانە و... تا هەرزەکاریت، هەمووی هومێد و هیوای لە دنیادا بەتۆوە بەسترابوو... خوێنی خۆی دەخواردەوە... تا خوێنی لەشی تۆ گەرم و بەگوڕاح بخا: «بابەگوڕ گوڕ، بەگوڕ هاتم... بۆ کوڕ هاتم».

خۆی گوتەنی:

– *لە بابە گوڕ گوڕەوە تۆی خواستووە، تا بۆی ببیتە چرای ژیان.*

– *بەهەزاران دەردی سەری و چەوسانەوە و جل شۆری و نانەوایی ماڵان بەخێوم کردی.*

– *بۆ دیدەینی تۆ شەو و ڕۆژم لێ تێکەڵاو ببوون، وەک چۆلەکەی بچو فڕێنراو... دایکێکی ڕۆڵە ون بوو بووم، ئۆقرەم لێ هەڵگیرا بوو، بێ ئارام... بێ سەر و شوێن وەک وڕی گێژ لە شارە گەورەکەدا دەخولامەوە، تا کەوتمە چۆڵ و شاخ، بەهەنگاوی شەل و شێواو، ئەم دێ و ئەو دێم لێک دەبەستنەوە، هەتا تۆم دۆزییە ڕۆڵە گیان.*

دایکت گەیشتە لات و هەرکە لە دوورەوە چاوی پێت کەوت بەگوڕ بۆت هات، بەهەموو سۆزی دایکێتییەوە باوەشی تێ وەرینای... گەردن و ڕوومەت، چاو و دەم و لێو و سەر و سینگی دەلێستییەوە، شان و ملی بۆن دەکردی، خۆت تێ هەڵدەسووری، قەستی دەکرد قووتت بدا، لەگەڵ خۆی بتکاتەوە یەک!... بۆچ نا؟ تۆ پارچەیێکی لەو...؟ تۆ بەشێک لە وجودی ئەو دایکەت پێک ناهێنی؟ ئەو دایکە ناهەق نەبوو، کە لەدوای پارچەی خۆی دەگەڕا... وێڵی دۆزینەوەی بەشی ونبووی خۆی بوو! تۆش وەک پشیلەیەکی دەستەمۆ خۆت دابووە دەستی، خۆت تێ هەڵدەسووی... بۆنی دایکێتی دەچووە گیانتەوە، ڕۆژانی کۆرپەییت دەهاتەوە یاد... حەزت دەکرد بچیتەوە کۆشی یەوە، حەزت دەکرد بچیتەوە نێو جۆلانەی دڵییەوە، وەک ئەو جۆلانەیەی کاتی ساواییت لە

دار هەنارەکانی ناو حەوشەی خانووەکەتان بۆی هەڵبەستبووی، حەزت دەکرد لە باوەشییدا ئارام بگرییەوە و، دەم بنێیتەوە بەسینگ و مەمکییەوە، حەزت دەکرد بگەڕێیتەوە سەردەمی ساواییت، عالەمی پاکی و ڕەوانی... ساوایی، عالەمی بێ ڕقوکینە، بێ زوڵم و زۆرداری.

لەنێو ئەو خەیاڵانەدا، ماوەییێک بەداماوی مایەوە، توانای بیرکردنەوەت وەستا، لە بوونی خۆت و لە گەرمایی سنگ و باوەشی دایکت بەولاوە ئاگات لە هیچ شتێک نەما... لە دەوروبەرت پچڕای هەتاکو ڕستەی فرمێسکەکانی دایکت پچڕا و، ڕۆژانە سەر ڕوومەت و گردنت گەرماییان گەیشتە سنگت، ئەو کاتە... تەنیا ئەو کاتە هەستت بەدەوروبەرت کردەوە، خۆت وەکو ئەو ساوایە دەهاتە بەرچاو، کە لاچکی کراسی دایکی گرتووە و هاوار دەکا، یەک هاوار... دوو هاوار... سێ هاوار.

– *دێم... دێم... دێم... مەڕۆ.*

شەرمێک دایگرتی، وات بۆ دەهات، کە دایکت بەڕاستی هێشتا وەکو منداڵێک سەیرت دەکا، بیرت لەوە دەکردەوە نەوەکا هاوڕێکانیشت ئاگاداری ئەو هەموو هەست و سۆز و جونبووشی دەروونیەت بن؟! ئەوانیش وەکو منداڵێک سەیرت بکەن.

ئەگەر چی گەرووت لە گریان پەنگا بووەوە، فرمێسک لە چاوەکانتەوە قەتیس مابوون؛ بەڵام خۆت گرت لە بری ئەوەی کانیی سۆز و فرمێسکەکانت بتەقێن و، بەتاوێرە فرمێسکێک دەروونی گڕگرتووت سارد بکەیەوە... تۆ بەبزە لەدوای بزە... بەپەیژەی باڵشکا دڵی دایکت دەدایەوە و، لە ئەنجامیشدا پێکەنینێکی شێتت پژاندە ڕووی میهرەبانی وەکو بتەوێ پێی بڵێی!

– *نا دایە... نا، دایە گیان من هەرگیز لە ئێوە جودا نەبوومەوە، من بەدرێژایی ژیانی ئەو سەر لووتکانە، بەگیان هەر لەگەڵ ئێوە و، هەر بۆ ئەوە ژیاوم و دەژیم.*

– *دایە گیان خۆت ئەوە دەزانی، من بۆچ دەستم داوەتە چەک... بۆچ پشتم بەو شاخانە قایم کردووە... چاک دەزانی من و هاوەڵەکانم بەدوای تۆڵەی خوێنی ڕژاو و ئابڕووی تکێنراو و حەقی زەوتکراوی ئەم میللەتە و، حەقی ئینسانیی خۆماندا بەربەرەکانێ و ململانێیی دوژمنی فاشیست دەکەین.*

– *خەم مەخۆ دایە گیان، ڕۆژی بەیەکگەیشتنەوەییێکی گەش و پڕ کامەرانی نزیکە و، دوای هەموو تاڵی و سۆیریێک شیرینییەو، دوای هەموو تەنگانەیێک فەرەحناییە و، هەموو داکەوتنێک سەرکەوتنی لەدوایە.*





ساڵەو وەختێک بوو چاوەڕێ دایکت دەکرد، کاتت لێ ببووە بەرداشێکی قورس، ئەرک و ململانێیی شەو و ڕۆژانی ناو ئەو چیا و هەڵدێرانەت... چاوەڕوانیی هەڵهاتنی ڕۆژ و مانگ... کاتە دڕ و دژوارەکانی ژیانی ئەو ڕۆژانەت نەیاندەتوانی بیکەڕێنن، ڕۆژت لێ نەدەگوزەرا، هەتا ئەو دەمە و ئێوارەیەی دایکت لەپڕ لەملەکەی بەرامبەر بنکەکەتا، لەگەڵ دوو هاوڕێت بەدەرکەوت!، شێت ئاسا پڕ مگێز و ئارەزوو، تامەزرۆیانە بەپیرییەوە چوویت... ئەویش سەرەڕای پیری و شەکەتیی، وەکو بەدیدەنیی تۆوە گیانێکی تازەی هاتبێتەوە بەر، بەگورجییەوە بۆت دەهات و لە دوورەوە باوەشی بۆ ئاوەڵا کردبوویەوە، توند... توند بەخۆیەوە قرساندی و، دەستی بەبۆن کردنت کرد.

***

دوێنێ شەو لەنێو ئەم یاد کردنەوەیەدا ون بووی، ئەو یادگارانەت بۆ ببون بەهاوڕێ و هاو مەجلیسی ژووره تەنگو تارەکەت، ئێستاش بیر لەوە دەکەیەوە، کە ئەگەر دایکت بێ بۆ دیدەنیت، چۆن بەو هەموو باری کۆت و زنجیرە گرانانەی دەست و پا و ملت بەرەو پیری دەچی؟.

چۆن بەو مەچەک و بازووە دیل کراوانەت دەتوانی وەڵامی باوەشی ئاوەڵای بدەیەوە؟.

خۆ جەللادەکان نایەڵن تەنانەت یەک تاکە سەعاتیش لەگەڵ یەک بن، جا چۆن دەتوانن بەو تاکە سەعاتە کلاڤەی ژیانی ڕابردووتان بۆ یەکتری هەڵکەنەوە و؟ هەرگبەی سەفەری پڕ مەینەت و دژواری ژیانتان بۆ یەکتری هەڵبڕێژن؟

چۆن دەتوانن لەو ماوەیەدا لە یەکتری تێر بن؟ تێربوونێکی ئەوها، کە هەرگیز جارێکی دیکە، برسی بوونی لێ نەوەشێتەوە؟

ئەو جارەیان دایکت سێ ڕۆژ لەگەڵتدا مایەوە، ئەو سێ ڕۆژە و، لە ئێوارەشەوە هەتا بەرەبەیان دەگەڕانەوە نێو یەکتری، بەسەر ماک و شوێن پێی کاروانی ژیانی خۆتان و، ئاوایی گەڕەک، شارەکەدا دەچوونەوە، پەیتا پەیتا پرسیارت لێ دەکردن و، پرسیارەکانت لێ دووبارە دەکردنەوە.

– *توخوا دایکە باوکم چۆنە؟ گوردێکی تێ ماوە؟*

– *ئەدی نەسە... نەسرینی خوشکم چۆنە؟ ئاخۆ پاش ئەوەی لێمان قەدەغە کرا، بەزمانی زگماکی خۆمان بخوێنین ئەو لەگەڵ خوێندن و قوتابخانە چۆن ڕەفتار دەکا؟*

– *توخوا دایە گیان خاڵۆ حەسەنم لە بەندیخانە چۆن ڕادەبوێری؟ بشێ بەری نەدەن*

*دایە... ئا ؟ خۆ ئەو بەستــەزمـانە نەخـوێندەوارە، هـیـچی بەسـەر هـیـچـەوە نەبوو! لە ڕەشبگیرەکەوە و هەتا ئێستا لە زیندانەکان دەتوڵێنەوە!*

– *دایکە باسیانم بۆ بکە، بەدرێژی باسی هەموویانم بۆ بگێڕەوە.*

– *باسی گـەڕەکـەکەی کـۆنمان، گـەڕەکە نوێیـەکـەمـان، چۆن لەگەڵ ژیانـی ئەم گـەڕەکـە تازەیە ڕاهاتوون؟*

– *بەداخەوە بیستمان (ئەنوەر) لە سێدارەدرا، بەداخەوە.*

– *ئەرێ دایکە هاوڕێکانی شـارم چۆنـن؟ فـەرەیدون چۆنە؟ ئەو سـەگـە چاوشـینە هەر لەسەر ڕەوشتی جارانی، ئێستایش فیتەفیت دەکا ؟... باوەڕ ناکەم هەتا ژنێک نەهێنێ واز لەم بەزمورەزمە بێنێ!.*

– *ئەدی مچە چۆنە؟ قسە زلەکانی جارانی هەر ماون؟*

– *توخوا دایکە، کە گەڕایتەوە زۆر سەلامیان لێ بکە، چاویان ماچ دەکەم.*

چرکـە و سـات و کـاتی ئەو سێ ڕۆژەی دیدەنی دایکت بەم ڕەنگە، بەم گلەیی و پرسیار و ئاواتە جۆراوجۆرانە هەڵپێچایەوە، ڕەنگدانەوەی ڕووداوەکانی ئەو سێ ڕۆژ و شەوە هەتا ئەمشەوی دواییە بێ دواییەی زیندان، لە پەردەی هەست و مێشکت دووبارە دەبنەوە.

بەڵام ئەمـڕۆ، ئەگـەر ئەمڕۆ دایکت ببینی چی لێ دەپرسی؟ هەواڵی چ کـەسێ، کـام خزم... کـام هاوڕێ... کێ دەڵێ لێی دەپرسی؟... ها ؟ ئەو ڕووداوانەی پاش دەرچوونی تۆ لە شارەکە و، لە دەوروبەری شارەکەدا ڕوویاندا بوو و، دەنگوباسییان پێتان دەگەیشتن، هەموویان ئەوەندە خوێناوی و جگەربڕ بوون، کە بڕوا ناکەم دایکیشت بتوانێ وەکو ئەو سێ ڕۆژە بەزمـانێکی ڕەوان بیـانگێـڕێتـەوە، هەرگـیـز ناتوانێ بەچ جۆرێک کـاری ئەو ڕووداوانە وەکو جاری پێشـووی لەسەر ڕووی بشـارێتەوە، ئەوسا دایکت لەبەر دڵی تۆ بەجۆرە بزەییێکی خەم ئامێزەوە دەیگوت.

– *هەموو باشن، هەموویان سەلامت لێ دەکەن، نەسرین چاوەکانت ماچ دەکات.*

لەگەڵ ناو هێنانی نەسرین، دایکت دەمی گیرا، قسەکانی لە گەروودا یاخی بوون، بەچاکی بۆی تەواو نەکران، تاکو لەپڕ دایە پڕمەی گریان! ئەو کـاتە کسپـەیێک کەوتە دەروونتـەوە، هەر بەغـەریزە و لەناوەوە هەسـتت کـرد، کـە شـتـێک ڕوویداوە! دایکت تووشی کـۆسـتـێک بووە و نایەوێ بۆ تۆی ئاشکرا بکات، تۆش کـەوتیـیـە دوودڵی و گومانەوە، ئارەزووت دەکرد ئاگاداری هەموو شتێک ببی... هەموو شتێک، جا چ خۆش





بێ و چ نـاخـۆش، نا چار پەپت بەدایکت گـرت، لێی پارایتـەوە، زۆر تکات لێی کـرد ولێی پاڕایتەوە، کە هیچ شتێکت لێ نەشارێتەوە کە چی ئەو لەگەڵ بزەیێکی گرینۆکیی تەماویی تاڵ هەر دەیگوت و دەیگوتەوە!

– *ڕۆڵە... باوەڕت بێ هیچ نەقەوماوە، هەموویان ساغ و سەلامەتن! هەوڵی ئەوەی دەدا لەگەڵ ئەو پاکانەیەیدا کەم و زۆر نیگەرانییێک لەسەر ڕووی دەرنەکەوێ!* بەدرێژایی ئەو سێ ڕۆژەی لەلات مـایەوە، باسی هیـچی وای بۆ نەکـردی، کـە پەرە بەو دوودڵی و گومانەت بدا، یان دڵت پێی تەنگ بێ! بەڵام تۆ دڵت بەقسەکانی ئاوی نەدەخواردەوە، وەهات بۆ دەهات، کە ئەویش لەگـەڵ ئەو هەمـوو قـسـە گـرتنەی، لەگـەڵ ئەو ڕووکـەشـە هێـمنە جـوانەی بەسەر خـۆیدا کـێـشـابوو، لەگەڵ ئەو هەمـوو سـوێند و فـاتیـحـەی بۆی دەخـوێندییـەوە، وات بۆ دەهات، کـە ئەویش لەناوەوە خـۆی دەگـوشێ و دەسـووتێ و دەتلێتەوە؟ جۆری قسەکردنی شایەتیی ئەوەیان بۆ دەدای، کە قسـەت لێ دەشارێتەوە، بەتایبـەتی کـاتێ ئەوەت لەلا ڕوون بووەوە، کـە لەو سێ ڕۆژەدا نەخـواردنی هەبوو نەخەوتن! گـەلێک جـاریش خـۆی لەبیـر دەکـرد، دەچووە دنیـاییێکی دی و بەبێ هۆیەکی دیار لەنێو قسـەکانیدا فـرمێسکی دەباراندن... یان لەگـەڵ خۆیدا بەکرپی دەگـریا، ئەو چۆنیـەتیـیـەش پتـر کـاری تێ کـردی و نیگەران دەبووی و، گـومـان خـۆی بەسـەرتدا دەسەپاندەوە و، لە پێناو ئەوەی بگەیتـە حەقیـقـەت دەستت بەسوێنددانی دەکردەوە و، لێی دەپاڕایتـەوە، ئەویش لەگـەڵ ئەو هەمـوو ئازار و ژانانەی خـۆیان لەسـەر ڕووی دەنواند، پێی لە دڵی خـۆ قـایم کـرد بوو، چ شـتـێکی نەدەدرکـاند! هەتا تۆ پتـر لێی دەپاڕایتەوە، ئەو بێ دەنگتر دەبوو، دەیویست وەکو خۆی ئارەزوو دەکا، ئەئاوا دڵنیـات بکاتەوە، لەبەر ئەوە بەدەنگێکی نووساو و هەڵبزرکاو دەیگوت و دەیگوتەوە:

– *ڕۆڵە گـیـان... بەفـرمـێـسکەکـانم نیگەران مـەبە، ئەم فـرمـێـسکانەم فـرمـێـسکی شادین... شادی بەدیدەنیی تۆ!.*

هەناسەییێکی توند و ساردی هەڵدەکێشایەوە، کە دەیگوت:

– *کوڕەکەم... گلێنەی چاوەکانم، قەت باوەڕم نەدەکرد جارێکی دیکە بتبینمەوە!...*

–*گـەلێک هەواڵی جـەرگـبـڕمـان پێ دەگـەیشـتن، هەمـوو ڕۆژێک دەیانگوت: «فـڵانە شوێن بۆردوومان کراوە».*

*«فڵانە شوێن بەر تاڵان و کوشتار کەوتووە و زیندەوەری تێدا ڕزگار نەبووە».*

– *ڕۆڵە... بەدرێژایی سـاڵێک، لەو ڕۆژەی ئەتۆ هاتوویتـە شـاخ ڕۆحـمـان لەسـەر دەستمان بووە، ئۆقرەمان لێ هەڵگیراوە.*

*خۆکە یەکێکتان دەسگیری دوژمن دەبوو، یەکسەر دەیانکوشت و، تەرمەکەیان لەنێو شەقام و بازاڕدا دەگێڕا، لە دواییشدا لە گۆڕەپانەکەی ناوەندی بازاڕ هەڵیاندەواسی، هەموو جارێکیش لەو جارانە بەکۆمەڵێک خەم و پەژارەوە، بەدڵەکوتی... ژانگرتوو دەچووینە گورەپانەکە، لە تەرمەکە ورد دەبوومەوە، نەوەک خوانەخواستە....*

هەر چەندە تۆش بەجۆرێک نقوومی ناو دەروونی دایکت ببووی و لەناختەوە هەستت بەشتێکی نادیار دەکرد، کە لەرزی بەلەشتدا دەهێنا، دەتزانی کە دایکت چۆن لەناوەوە دەکولێ؛ بەڵام تۆش ئەو ئاسا... تۆش لەبەر دڵی ئەو خۆت نەدەهێنایە سەر ئەو چۆنییەتی و ڕاستییەی لێت ببوو بەیەقین، وەها خۆت نیشان دەدا، کە باوەڕیت بەهەموو قسەکانی هەیە، دانت بەخۆتا گرت و ئیتر زۆرت لێی نەکرد... ئەوەی نایەوێ بیلێ... بیلێ، هەتا سێ ڕۆژەکە تەواو بوو، خۆی داوای کرد بگەڕێتەوە شار، ئەو ڕۆژە... ڕۆژێکی زستانەی سارد بوو، لەگەڵ بەرەبەیان خۆت پێچایەوە، تفەنگەکەت هەڵگرت، پاڵتۆیەکی سەربازیت لە هاوڕێیەکتەوە وەرگرت و، داتە سەر شانی دایکتەوە... وردە وردە بەیەکەوە بەرەو ئەو دێیەی ڕێگای ئۆتومبێلی پێ دەگەیشت، کەوتنە ڕێ.

هەر چەندە دێیەکە تەنها سێ چوار سەعاتێک ڕێگا دەبوو؛ بەڵام ئێوە هەتا نزیک ڕۆژئاوا نەگەیشتنە ئاقارەکەی.

ڕێگاکە بەفر داپۆشی بوو، ڕۆیشتنی نێو بەفریش وەکو ڕۆیشتنی ئاسایی نییە، مرۆ لەگەڵ هەر هەنگاوێکیدا لەنێو بەفر دەیگوازێتەوە چەند ئەوەندەی هەنگاونانی ئاسایی تین و تاقەت بەخەرج دەدا... ئارەقەی خوێ دەردەدا.

لەو ڕێگا کورتە درێژەدا، لەناو ئەو ئارەقە و خوێ ڕشتنە، دایکت دڵی خۆی بۆ کردیتەوە، قەتماغەی لەسەر برینەکانی دەروونی لادا، هەواڵە جەرگبڕە ناخۆشەکانی پێ ڕاگەیاندی، ئەو کارەسات و قەوماوە تاڵ و تیژانەی لە ماوەی ساڵێکدا تێی ئالا بوون، یەکە یەکە بۆی هەڵڕشتی، تۆش لەگەڵ ئەو ڕووداوە دژوارانەدا ئاگرێک لەناوەوەت داگیرسا، دەروونت جزەی لێوە دەهات، لەنێو سۆت وسوێی ناوەوەت هەناسەت تەنگ بوو، هالاوی تۆڵە کاسی کردی، تووڕە بووی، هەڵچووی، خەریک بوو مێشکت بتەقێ، تا لەنێو شەپۆلی داخ و جست و جۆی دەروون و مێشکت بەکۆمەڵێک گلەیی و نالەبارییەوە پێت گوت:

– ئەدی دایکە... هەی دایکی کلۆڵم... ئەدی بۆچ ئەو سێ ڕۆژە بێدەنگ بووی؟... بۆ...؟ بۆ...؟.





*خۆ من دەمزانی شتم لێ دەشاریتەوە، بەوڵڵاهی لەناوەوەم هەستم دەکرد، کەشتم لێ وەپەنا دەدەی، دەمزانی لێتان قەوماوە، وەبەر ئاگر و ئاسنی خوێنرێژەکان کەوتوون؛ بەڵام هەی دایکە... هەی دایکی بەدبەختم....*

بەبێ دەستی خۆت، ناڵەیێکی درێژت کرد؛ بەڵام دایکت زوو پێشی پێ گرتی و نەیهێشت پتر بکەویتە ناو دۆزەخی قەوماو، کە بەهێمنی گوتی:

– *حەزم نەکرد دڵگیرت بکەم، دەمەویست ئەو چەند کاتەی لەگەڵتدا دەژیمەوە، ئەو چەند کاتە پڕ کامەرانییەم بەخەبەری ناخۆش... ژەهراوی ناکەم.*

دایکت وەها وەڵامی گلەیی و ناڵە درێژەکەی دایەوە و، لەسەرخۆ سەرێکی دەهەژاند، کە دەیگوت:

– *کوڕم؛ ئەمری خودایە، وەهایان لەنێوچاواند نووسرا بوو، ئەو خەبەرە ناخۆشانە وەک لێشاوێکی جیوە ڕژانە گیان و دەروونتەوە*، بەدرێژایی وڕوکاس و، بەلەشێکی گران، ڕێگاکەت ڕەکێش کرد و دەتپێچایەوە، ماوەی ئەوەت لێ برابوو، کە هەڵویستێک دەربڕی! چونکە دایکت پێش ئەوەی ئەو هەواڵە نالەبارانەت پی بگەیەنێ، هەموو ڕێگاییێکی بەرهەڵستی و ماوەی سەرپشکیی و هەڵبژاردنی لێ بەستبووی، مەرجی خستبووە سەرت، بەپەیمان و بەڵێن دەست و دڵی گرێ دابووی، کە پێی گوتی:

– *بەو شەرتە قسەت بۆ دەکەم، کە هەر چییەکم پێ گوتی بەقسەم بکەی.*

تۆش کە ئارامت لێ هەڵگیرا بوو، تامەزرۆ بووی ئەوەی لە دەروونی دایکت دا هەیە بیزانی، هەموو ئەو خەبەر و قەوماوانەی لێی شاردبوویەوە ئاشکرایان بکات، پەلەی ئەوەت بوو زوو دەمی بجوولێنی و ئارامێک ببەخشێتە گیانتەوە، لەبەر ئەوە دەبێ پەروا و لێکدانەوە، بەبێ ویستی خۆت، چەند جار لەسەر یەک بەدەنگ بانگت کرد:

– *بەڵێ... بەڵێ... مەرج بێ بەقسەت بکەم.*

دیسان دایکت وەکو تەواو بڕوایی بەو شەرت و بەڵێنەت نەکرد بێ، بەنەرمی داوای لێ کردی:

– *دەسوێندم بۆ بخۆ.*

– *بەخوا... بەسەری تۆ... بەقورئان دایە گیان ئەوەی تۆ بیلێیت... ئەوەی دەیلێیت بەگوێت دەکەم.*

دایکت بڕوایی پێ کردی، بەئاستەم مەچەکی دەستی گرتی و، دڵسۆزانە

ڕایکێشای... تا لە پەنا گاشەبەردەکە، بۆ لای دار بەڕووە پیرە ڕووتەکەی ڕۆخ ڕێگا لاتاندا.

دایکت پاڵتۆکەی سەرشانی داکەند و لەسەر بەفرەکە ڕایخست، دوو بەدوو دانیشتن و لەسەرخۆ، بەئەوپەڕی دان بەخۆگرتنەوە سەرنجی لە ئاسۆگیر کرد، هەناسەی هێمن و گەرمی لەگەڵ هەوا ساردەکە تێکەڵ دەبوو، دەبوو بەهەڵم... بەهەوادا هەڵی دەڕشت دەتوایەوە، دایکت دوور، زۆر دوور دەیڕوانی و، وەکو لەگەڵ خۆیدا قسە بکا، بە دەنگە نەرمەکەی گوتی:

– *کوڕم... نامەوێ تۆیشم لە دەست بچێ؛ نامەوێ بەهۆی منەوە بگەڕێیتەوە شار.*

دایکت لەگەڵ قسەکانی، وردە وردە هەناسەی تەنگ دەبوو، ڕەنگی هەڵدەبزرکا، زویر و ترسا و خۆی دەنواند، وەکو بڵێی حەز نەکا ئەو ئاگر و ژیلەمۆیەی چزەی لە دڵ و هەناوی ئەو دێن، بەیەکجاری بەڕووی تۆدا بیپڕژێنێ، خۆی لە قسەکردن و گێڕانەوەی ڕووداوەکان دەگرتەوە، دەتزانی ڕووداوی دڵتەزێن کاسیان کردووە، دەتزانی قەوماوی سامناک لە تۆ دەشارێتەوە، تۆش لەگەڵ ئەو چۆنییەتییەی دایکت، دڵت بەتوندی لێی دەدا، خوێن بەرەو مێشکت هێرش دەبرد، هەموو لەشت کر بووە گوێ و ئاراستەی دەمی ئەوت کرد بوون، پەلەت بوو زوو خەبەرەکان بزانی و دەروونت بهەسێتەوە، بەبێ دەستی خۆت، دەنگت لەڕوویدا هەڵبڕی و بەنیمچە گلەیی و وەرسێکەوە بانگت کرد:

– *دەقسە بکە... دایە قسە بکە...*

– *خۆ من... من گرم گرت، دیقم کرد... دەقسە بکە... دەی؟*

دایکت ڕووی لە ئاسۆ گوازتبووەوە، بەفرەکەی بەردەمی، زوقمی ڕۆژ لەسەر بەفرەکە دووبارە دەبووەوە و دڕژایە چاوەکانییەوە و سپێنەی چاوەکانی سوور هەڵگەڕاند بوون و، برژانگەکانی هەڵقرچاند بوون، بەو هۆیەوە چاوەکانی گچکەتر دەبوونەوە، لەگەڵ بانگەکەی تۆ پتر هۆشیاری پەیدا کردەوە، هەندێک لە جێگاکەی جوولا، ڕووی بۆ لای تۆ هەڵبڕییەوە و، بەدەنگێکی نووساوەوە گوتی:

– بەکورتی کوڕی خۆم، هەر کە تۆ هاتیتە دەرەوە، چەند ڕۆژێکی پێچوو، هاتنە سەرمان، هەموومانیان گرت، ڕەوانەی حەپسخانەیان کردین... من و باوکت و نەسرینی خوشکت... زۆریان لە باوکت دەکرد، کە بێتە دوات، ئەویش پێی گوتن: «ئێوە حکومەتن، تۆپ و تەیارەتان هەیە... تانک و زرێلیتان هەیە، ئێوە تواناتان زۆرە، من چیم لە دەست دێ، فەرموون بچن بیهێننەوە».





زۆریان لەگەڵدا کرد... زۆرتریان گوت، هەڕەشەیان لێ دەکردین، کە ئەگەر ئیعدامان نەکەن، ئەوا ئاوارە و نەفی ئەو خوارەمان دەکەن؛ بەڵام هیچیان چنگ نەکەوت... باوکت ملی بۆ نەچەماندن... هەتا لەژێر ئازاردان و جەزرەبە و دارکاریدا کوشتیان.

دایکت ماوەیەک وەستا بۆ ئەوەی بەر لە چەند فرمێسکێک بگرێ، کە بەسەر ڕوومەتە چرچ و لۆ چاوییەکانیەوە گیرسابوون، تا لە دواییدا لەگەڵ ئاهیکی توند لەسەر قسەکانی ڕۆیشت، من و نەسرینی خوشکیشت... هەر کە دایکت ناوی نەسرینی بەسەر زاردا هاتەوە، پتر خۆی پێ نەگیرا، ئەو هەموو ئازار و ژانانەی قووتی دابوونەوە و، لە دەروونیدا بەندی کرد بوون... سەریان کرد، هەڵچوون، دایە پرمەی گریان... گریانێکی دژوار و کۆست کەوتووانە، تۆش هەناسەت لێ تەنک بوو... لێوەکانت دەلەرزین، یارمەتی ئەوەیان نەدەدای قسەیێک بکەی! هاوبەشیی خەمەکانی دایکی کلۆڵت بکەی، دەستەکانت بێ ئامانج بەجۆرێکی ئالی هەڵدەبڕین و، دەت جوولاندنەوە، بۆ هەموو لاییێک دەتجوولاندنەوە وەکو ئەوەی لە بری زار و زمانی پەککەوتووت، لە بری لێوە لەرزۆکەکانت، لە بری ئەمانەوە بەدەستت هەست بەقەوماوەکە بکەی! هەر بەدەستیش دەنگدانەوەی ناوەوەت بەرامبەری دەربڕی، کە پەلاماری دەستەکانی دایکتدا، دەستەکانیت گرتن، خستتە سەرسنگتەوە، سەر لاڕوومەتەکانت، بەهەموو هێزتەوە دەستەکانت دەگوشین، بۆنت دەکردن، تاوەکو شێت ئاسا، بەدەنگێکی تیکەڵاوی نیوە لاڵ بانگت کردەوە:

– *ئێ... ئێ... نەسرین، ئێ دایە گیان نەسرین... چی؟!* دەنگی دایکت تێکەڵ بەنووزانەوەییێکی کول و دڵتەزێن دەبوو کە، گوتی:

– *بەرەبەیانێک... من و نەسرینیان بەرەڵڵا کرد، هەر ئەو ڕۆژەیش بۆ ئێوارە نەسرین خۆی سووتاند.*

دایکت بەر لە هەنسکدانەوە، دووبارە و، سێ بارەی دەکردەوە...

– *ئا... ڕۆڵە، نەسرین خۆی سووتاند... خۆی سووتاند!* سەری هێنایە نزیکتەوە و، دەمی بۆ لای گوێت هێنا و بەکڕی گوتی:

– *ئیتر خۆت دەزانی بۆچ؟!* شێتانە هەستایتە سەر پێیان، چەند جارێک بێ ئامانج سەر و ملت بۆ ئەملاو ئەولا درێژ کرد، نەتزانی بۆچ پەلاماری تفەنگەکەتدا، بەرچاوەکانت تاریک بوون، قینورک لێت بوون بەهەزار... هەزار... بەهەزار دەست گیانیان دەهەژاندیەوە و، لەنێو دەروون و مێشکتدا دەیاننەڕاند... بانگیان دەکرد و دەنگیان دەدایەوە:

*- تۆڵە... تۆڵە.*

تەکانت دایە خۆت، تاشتێک بکەی؛ وەکو پڵنگێکی بریندار ڕاپەڕی و لەنێو بەفرەکەدا چەند جارێک گێژت خوارەوە؛ بەڵام دایکت سوێند و پەیمانەکانی وەبیر هێنایەوە، لە جێگاکەی کێل بووەوە و ملی گرتی... ڕایکێشای تاکو لە جێگاکەی پێشووت، لە تەنیشت خۆی داینیشاندییەوە و لەسەرخۆ پێی گوتی:

*- کوڕم... ئا بڕوو... شەرەف لە هەموو شتێک بەنرخ و گرنگترن.*

*- ناڵێم پێم خۆش بوو، نەسرین خۆی سووتاند، بەڵام پێم ناخۆش دەبوو، بەم شێوەیە بیبینم.*

چۆنێتیی نەسرین، ڕۆڵەم برینێک بوو هەرگیز سارێژ نەدەبوو.

بەناهومێدییێکی زۆرەوە، لەگەڵ ئاهێکی بەجۆش گوتی:

*- نامەوێ تۆ خۆت بەدبەخت بکەی.*

*- نامەوێ خۆت بخەیتە تۆڕی ئەو بێ ئابڕوو و بێ دینانە، تۆڵەیش... کوڕم، تۆڵەیش ڕۆژی خۆی دێ، خوداش بەوە ڕازی نییە، کە ئەو خوێنڕێژ و دڕندە و خوانەناسانە بەسەر ئێمەیان هێناوە.*

وەکو بەم چەند قسەیەی دایکت ئاگرەکەی دەروونت لەگڵپە کەوتبێ و سارد بووبێتەوە، هێمنییەک باڵی بەسەردا گرتی، ڕووت تێکەڵاوی ڕووی دایکت کرد، ئەویش لەسەرخۆ دەستی گرتی، وەک چۆن تۆ دەستی ئەوت دەگرتن و دەتنانە سەر سینگی خۆت، ئەویش ئەئاوا دەستەکانی گووشی و بەرزی کردنەوە، بەسەر مەمکە پووچەڵەکانیدا قرساندن و، لەسەرخۆ پڕسی:

*- نامناسی... کوڕم نامناسی؟*

*- بەشیری ئەم مەمکانەم فرچکم دای و، گەورەم نەکردووی؟*

*- هەرگیز سەر شۆڕیمان بۆ خۆ هەڵبژاردووە... نا ؟ ؟*

*- ساڵەهای ساڵ بەنانکەری بێ... بەجل شۆری ماڵان بێ... تۆ و نەسرینم بەخێو نەکردن؟*

*- کوڕم لەبیرت چووە، چۆن کۆنە فانیلە و، پاکەتە جگەرەشم بۆ باوکە کلۆڵەتان دەناردە حەپسخانە؟!* دەستەکانی لە ڕووە قۆپاوەکەی هەڵدەسووتن، کاتێ پێی گوتی:

*- مەترسە... کوڕم... مەترسە هەر بەڕوو سووری ژیاوین و، هەر بەڕوو سووریش دەمرین.*





*دڵنیابە هەرگیز دەست لە نامەردان پان ناکەمەوە، بەئارەقی نێوچەوان خۆم پێ بەخێو دەکرێ.*

*- کوڕم... تۆ لەم لایەنانەوە نیگەران مەبە، بیر لە گوزەرانی من مەکەوە، من دایکم... دایکی تۆم، تۆش باش دەمناسی.*

دوا قسەکانی دایکت لە هەواڵە جەرگبڕەکان کاریگەرتر بوون، بەو قسانەی دەروونت پتر بریندار بوو، قەتماغەی لەسەر زامی کۆن و نوێ هەڵپچڕی، ئەو ڕۆژە سەختانەی وەبیر هێنایەوە، کە تۆ و نەسرین، تا ئێوارە درەنگ چاوڕێتان دەکرد، لەگەڵ ڕۆژئاواش بەکۆڵێک ماندوویی و بەشانی تۆز و ئارداوی دەگەڕایەوە نێوتان، ئینجا لەپێش ڕۆشنایی چرا کزەکە بەسێ قۆڵی کسکۆلەتان دەکرد... تا درەنگی شەویش تۆ و نەسرین بەجووتە پەڵپتان پێ دەگرت، داواتان لێ دەکرد حیکایەتی کوڕە چکۆڵە ئازاکەتان بۆ بگێڕێتەوە... ئەو کوڕە ئازایەی هەزار کەند و کۆسپی بڕی، بەسەر هەزار قۆرت و هەڵدێردا تێپەڕی... لەناو بەفر و تۆف و کڕێوە، بەسەر چیا بەرزەکە هەڵدەگەڕا، تاوەکو خۆی کرد بەئەشکەوتە ترسێنەرەکە و دێوی ڕەشی کوشت، ئەو دێوە دڕندەی سەرچاوەی ئاوی ژیانی لە خەڵکەکە بەستبوو، گوڵ و گوڵزاری مێرگەکانی سیس و ژاکاو کرد بوو... مردنی بۆ خەڵکەکە و بۆ ژیان دەنایەوە:

*کوڕە چکۆڵە، دایە... کێو*

*چووە نێو ئەشکەوتی دێو!*

لەگەڵ ئەو یادانەدا ڕستەی فرمێسکەکانت لێ بەردە بوون و، بەسەر گۆناکانتدا دەهاتنە خوار، لەنێو ئەو یادانەدا ئاگات لە کات و سات بڕا... تەنانەت هەستت بەچۆنێتیی دایکیشت نەدەکرد، یادی تاڵ و تفت بوون، هەتا دەهات دژوار ژەهراویتر دەبوون.

هەر چەندە، باوکی پیر و نەخۆشت لە ئەنجامی جەزرەبە و ئازار و، لەژێر قامچی و بەکێبلی جەللادەکان خوێنی ڕژا و گیانی لێ زەوت کرا؛ بەڵام ئەوەندەی خەمی نەسرینت بوو، ئەوەندە خەمی باوکت نەبوو، تۆ و نەسرین درێژایی ڕۆژانی منداڵی و هەرزەکاریتان پێکەوە ڕابوارد بوو، متووی یەک ببوون، ئەگەر ڕۆژێک نەتدیبا تەنگاو دەبووی، ئەو ڕۆژەی ڕووت دایە بەرزاییەکانی پتر هەستت بەبۆشایی و نەبوونی ئەو لە دەورتدا دەکرد.

ئەگەرچی دایکت ڕابەرێکی گەورەی ژیانتان بوو، شەو بەجووتە لە باخەڵی ئەودا دەخەوتن، بەپێچەوانەوە باوکتان زۆر کەم دەدی، بەتێپەڕبوونی ڕۆژ و مانگ و ساڵ ئەو

باوکەت وەکو غەریبی لێ هاتبوو! تەنانەت خۆیشی کە بەڕێکەوت پێی دەکەوتە ماڵەوە، هەستی بەو چۆنییەتییەی خۆی دەکرد، کە دەستی بەسەر تۆ و نەسرین دادەهێنا و، دەیخستنە نێو باوەشی و بەگلەییەوە بەخۆی دەگوت:

– *کەی هێشتوویانە چەند ڕۆژێک لەگەڵتانا بەسەیمەوە، هەر زیندان و فنیش و دوورخستنەوە و نەفی بەشم بووە.*

ئەو سەردەمە ژیانی تۆ و نەسرین و دایکت، ژیانی هەرسێکتان هەر چاوەڕێ کردن بوو، چاوەڕێی باوکێک، کە باڵی باوکیەتیتان بەسەردا بگرێ، لە تیر و توانجی ڕۆژگار، لە تێز و گاڵتەجاڕیی پیاوخراپانی کۆڵان و گەڕەک... لە سەرزەنشتکردن و گاڵتەی مامۆستا و قوتابییە فەرخە جاشەکان بۆتان بچێتە قەڵغان.

تاواتان لێ هات لە گەڕەک، لەنێو منداڵەکانی پیاوەکانی میری و، بگرە لە قوتابخانەیش وەکو نامۆتان لێ هاتبوو... خۆتان بەغەریب دەزانی... بەدەگمەن تێکەڵاوی ناو ئەو منداڵانە دەبوون، نەتان دەتوانی بچنە کۆڕی گەمە و یارییەکانیان، چونکی هەموو ڕۆژێک دەیان جار تیر و توانجیان تێ دەگرتن، بەچاوی سووک سەیریان دەکردن و، پێیان دەگوتن:

– *شیوعی... کوڕی شیوعی!*

– *تۆش وەک باوکە شیوعیە سەگبابەکەت خایەنی... حکومەتتان خۆش ناوێ!...*

– *باوکت هەر بەسمێڵە فشەکانییەوە دیار بوو، کە لەو ڕۆژانەدا، ئەوەی وڵاتی خۆی خۆشویستبا، ئەوەی ڕکی لە ستەم و ناڕەوایی ببوایەوە، ئەوەی لە کردەوە دڕندەییەکانی حکومەت بەرهەڵستی بکردبا... بەشیوعی لە قەڵەم دەدرا!*

*ئەوەی سمێڵی ببوایە بەدژی ڕیژیم و حکومەتیان دەژمارد.*

*ئازار و سزا دەدرا و، ئاوقای بەندیخانەکان دەکرا و، زۆر کەسیان بەم تۆمەتانە لەنێو دەبرد... دەنا خۆ باوکی بەدبەختت هیچی بەهیچەوە نەبوو، پەیوەندی بەهیچ ڕێکخراوەیێکی سیاسییەوە نەبوو، نەخوێندەوار بوو، بەڵام زەبر و زەنگی ڕۆژگار... ئەو زوڵم زۆرییەی لە دەست کار بەدەستانی ڕیژیم چێشتبووی، ئەو پاشاگەردانی و چەوسانەوەی میللەتەکەی تووشی ببوو، وەهای لێ کرد بوو حەق و ناحەق بدرکێنێ.*

هەروەها هۆشیارییێکی زۆریشی پەیدا کرد بوو، کە وای لێ کرد بوو لە گۆنەری گەنجایەتیدا دەست بداتە چەک و بچێتە ڕیزی پێشمەرگە نەبەزەکانی مەهاباد... ڕووداوەکانی کۆمارە جوانەمەرگەکەی مەهابادیش... کوشتنی پێشەوای سەرۆک کۆمار...





لە داردانی سەدان لاوی کورد، وێرانکاریی ڕژێمەکەی شا و ئەمریکای ئیمپریالسیت بەسەر کوردستانیان هێنا، ئاوارەکردنی هەزاران خێزان و، ڕاونانی زۆربەی هاوەڵەکانی پێشەوا و شۆڕشگێڕەکانی مەهاباد... ئەو خوێن و فرمێسکە ڕژاوانەی لەو تاقیکردنەوەیەی بەچاوی خۆی دیبووی، پتر ڕاستی بۆ ئاشکرا کرد بوو و، وریایی بۆ پەیدا کرد بوو، وای لێ کرد بوو هەر بەغەریزە بەرهەڵستیی چەوتی بکا. لە ڕاست هەقیقەت چاو نەتروکێنێ، وەکو کەسێکی ئەم میللەتە زۆرلێکراوە مل بۆ زۆردار نەچەمێنێ و بەئاسانی خۆی نەدا بەدەستەوە، جگە لەمانەیش، لە ڕۆژانی گەش و ڕەشی مەهاباد چەند بەیتە شیعرێکی هێمن فێر ببوو، ئەو دێڕە شیعرانەی کردبوونە بنێشتە خۆشەی سەرزاری و، دروشمی پیاوەتی، لە دڵتەنگیدا دڵی خۆی پێ دەدایەوە، لە لاوازیدا تینیان پێ دەبەخشی، ئێواران کاتێ لە کار دەگەڕایەوە... بەیانییان کاتێ دەست و بازووی لێ هەڵدەکردن... خاکەناسەکەی دەنایە سەرشانی، لەنێو گەرمەی ئیشدا، لەژێر گرانایی بەرد و تەبەقە قوڕ و چەمەنتۆ، لەگەڵ تکەی ئارەقەی نێوچەوانی، ئەو چەند دێڕە شیعرەی دەگوتن و دەیگوتنەوە و، بۆی ببوون بەوێرد و هەمیشە لەبەرخۆیدا دەوری دەکردنەوە:

*گەر لە برسانا و لەبەر بێ بەرگی ئەمرۆ ڕەق هەڵێم*

*نۆکەری بێگانە ناکەم، تا لەسەر ئەرزم ئەمن*

*من لە لۆمەو و تانەو و زنجیر و دار باکم نییە*

*لەت لەتم کەن، بمکوژن... هێشتا دەڵێم کوردم ئەمن.*

تۆش تاکە شتێک لە باوکتەوە فێری بووی، ئەو دوو دێڕە شیعرەی هێمن بوو، لە قوتابخانە لەنێو قوتابییەکانی هاوڕێت بەرامبەر بەمێملەکانیش بۆ وەڵامی تیروتوانجیان هەر دەتخوێندنەوە و دەتگوتنەوە، هەر ئەمانەیش بوونە هۆی تووڕەبوونی (مامۆستا زیدان) و دوایی هێنان بەرۆژانی قوتابخانە، هەروەها بوون بەهۆی پچڕانی ئەو پەیوەندییە نائاساییانەی لەناویاندا دەژیای و گەڕانەوەت بۆ نێو دنیا و، نا ژیانی ڕاستەقینەی گەلەکەت و دوورکەوتنەوەت لە ژیانی ڕووکەشی و زیف و درۆ و ساختەی شارە بلّح و کەڕولاڵەکە. بەهەر جۆرێک بوو لەگەڵ دایکت هەڵستان و کەوتنەوە ڕێ، بەسەرنج یەکتریتان دەدواند، سەرنجەکانتان نەفرەت و قینی لێ دەباری، پاڕانەوە و سامێکیشی دەئاڵاندە ڕوخسارە ئاڵۆزەکاو و هەڵبزرکاوەکەی دایکت.

خواحافیزیت لە دایکت کرد، بەرەو شار بەڕێت خستەوە، ئەو بەڕواڵەت لەبەر دیدەنیی تۆ هێمن و کەیفخۆش خۆی دەنواند، تۆش سەبارەت بەقەوماوە جەرگبڕەکان

کەیل و، دەروونت پڕ لە ڕق و تووڕەیی و قین بوو... گڕی گرتبوو، دەبڕژایەوە، ئای ڕۆژانی ڕەنگ زەرد! خۆ ئەگەر ئەمڕۆ یەکتری ببیننەوە بەپێچەوانەی ئەوساتان لێ دێ... ئەو هەواڵی کوشتنی تۆی پێ گەیشتووە... هاتووە بۆ دیدەینی یەکجاریت، کە بەجێت دەهێڵێ... ئەو کۆست کەوتوو... زگ سووتاو، لێ قەوماو، تۆیش بێ باکانە سەرت بەرز دەکەیەوە، چاوت دەبڕیەوە ئەو وشەیەی شەو و ڕۆژانی ناو زیندان، بەسووچە تیژەکەی زنجیرەکەی مەچەکت... لەسەر دیوارە ڕەش هەڵگەڕاوەکە هەڵتکەندووە و واتای ژیانی سەختی پڕ شانازیت کۆ دەکاتەوە.

تۆ... باوکت نییە، چونکی بەرەو ئاواتێک دەڕۆی، کە هەموو خواست و ئاواتی ڕەشوڕووتەکان... هەموو ئاواتی گەلەکەتی پێوەیە.

ئەویش... سەرلێشێواو... ڕەنجەڕۆ... ئاوات هیوا لەدەست چوو، تەنانەت تەرمەکەشت نادەنە دەستی، هەتا کاتێ دێتە سەر گۆڕەکەت کڵۆڵیی خۆی و، چارەنووسی توو، بەچەند فرمێسکێکی گەرم بلاوێنێتەوە، یان وەکو زۆربەی ژنە کوردانی کوڕ و برا و دەسگیران و مێرد کوژرا و، گۆڕەکەت بەبەرد ڕەنگاوڕەنگ هەڵنێ و، بەگوڵە بەهارە و پایزە بیرازێنێتەوە، تەنانەت هەژاری بێ دەرەتانییەکەی ماوەی ئەوەشی بۆ نارەخسێنێ (خێر ئاوێکت) بۆ دابنێ... تا خەڵکە جگەر سووتاوەکەی گۆڕستان بەقومێک لە ئاوەکەی دەروونی هەڵقرچاویان پێی سارد بکەنەوە.

ئەو بەدبەختە... جەرگ سووتاوە، چۆن بەرگەی ئەم کۆستە دەگرێ؟ ئەو کۆستەی ناهومێدی یەکجاریی ئەوە و، تۆش بەسەرکەوتنی دوای! بێ دەربەست و بگرە نیمچە کەیف خۆشی کردووی و، بەهێمنی پێشوازی لێ دەکەی!

***

ئەوسا... هەر دایکت بەرێ خست، تۆش بەهەنگاوی توڕە و ئاڵۆزەوە، بەرەو بنکەکەت گەڕایتەوە.

ئێوارەیەکی درەنگ بوو، زوقمی بەفرەکە وەک دەست و پەنجەی پیرەژنێکی بێکەس و تەماحکاری خاوەن تاقە مانگایێک فرمێسکی لە گلێنەکانت دەدۆشی، دەگەڵ هەر دڵۆپە فرمێسکێکی دەترژاندە سەر بەفرەکە، بڕیارێکت دەدا، بڕیاری تۆڵەسەندن، تۆڵەسەندییەکی لە قەوماوەکەی... لە تاوانەکەی کوشتنی باوکت و نەسرین خوێنینیتر و، بەسامتر! بڕیارت دا نوێژی نیوەڕۆ خۆت بگەیەنیتە شار، هەرچی پیاوی میری هەن... هەرچی سەر بەمیری هەن... هەرچی سیخوڕ و خۆفرۆشن و پیاوکوژ هەن بیاندەیتە بەر شێلکەی گولله و، تۆڵەیان لێ بستێنی!





بەڵام سوێندەکەت، ئەو پەیمانەی بەدایکت دا بوو، ڕێی بەئەکام هێنانی بڕیارەکانی دەگرتی.

سەعاتە ڕێیەک نەڕۆیشتبووی، لەنێو دنیا و خەم و تووڕەبوون و، ویستی تۆڵەدا... سەرلێشێواو... خۆت بزر کرد، ڕێگای گەڕانەوەت لێ ون بوو، هەر چەندە لە بەیانییەوە خۆراکێکت تام نەکرد بوو؛ بەڵام هەستت بەبرسیەتی نەدەکرد! لە بنار چیا سەختەکەوە بۆ چەمە بەرینەکە نشێو دەبوویتەوە، خۆر لەنگەری بەرەو ڕۆژ ئاوا هاویشتبوو، سیبەری لوتکە بەرزەکان وەکو ژانگرتوو کووڕیان کرد بوون... تانەیێکی بۆڕیان بەسەر دۆڵەکەدا کشاند بوو، هەنگاوی بەپەلە تاوت دەنان، لەگەڵ هەر شەقاوێک دەروونت دەهەژار هەڵدەچوو، تف و نەفرینت بۆ بێ بەزەیی و خوێنڕێژی و زوڵم و ستەمی میری و کلک و کلتوورەکانیت وەڕێ دەکرد، لەگەڵ خۆتدا بەدەنگێکی نزم یەک و دووت دەکرد، نەسرین و باوکی لێ قەوماوت لەناو چاوو هەستتدا توابوونەوە، خۆت لە ئاستی ئەو دوو بێ تاوانە، بەتاوانبار دەزانی، جەنجاڵێک مێشکیان دەتەنی، دەنگی هاوار و داد خواستن، ناڵە و پارانەوەی بێ سوودی نەسرین، کە بەهەشت نۆ تەگەی ملهوڕەوە تێی بەرببوون... تێکەڵ بەژان و خەمی بێ ئەندازەی دایکت دەبوون، کە لە ژووری بەندیخانەکەی گوێی لە هاواری نەسرین دەبوو و، لە گوێتا دەزرنگایەوە و، هەرچی تووڕەیی و ڕقت هەبوو، وەک ئەژدیها سەربان لێ قیت دەکردییەوە، داوای تۆڵەیان لێ دەکردی، گەردەلوولێکیان لەناوەوەت هەڵدەکرد... لەناو گەردەلوولەکە... گوێت لە دەنگی نێری باوکت دەبوو، کە لەژێر جەزرەبە و وشەی قەمچی، تەپەی دارکاری... لەنێو ئازار و ژانەکانی بانگی دەکرد!

– *تۆڵە...تۆڵە و...*

دەرژانە گیانتەوە و ژانەکانی دەروونیان دژوارتر دەکردی، وەک کزە با ساردەکەی ئەو ئێوارەی زستانە... تیغ ئاسا دەروونییان بریندار دەکردی و مێشکیان دەڕووشاندی، لەژێر باری ئەو هەموو کارەسات و جۆنبووشی دەروونەت... کاس دەبووی، بەر چاوت لێڵ دەبوو، کۆیرانە بەهەڵدێر و قۆرت و نشێوەکاندا تلت دەخوارد، شەویش نەک بەشێوەی خەونێک؛ بەڵکو وەک ئەوەی ئەو هەموو کارەساتانە تازە ڕوویان دابێ، ئەوها لەنێو سپی و ڕەشایەتیی ئەو شەو و بەفرەدا، وەک جانەوەری هەمە جۆر لێت قیت دەبوونەوە و، نەتریان بێ دەدای، دەیان بەخشیبە نێو کابووسێکی دۆزەخی پازدە ساڵە... پازدە ساڵ بەدەم ئاسانە، ئێستایش پاش ئەو هەموو ساڵانە، وردودرشتەکانی ئەو شەوەت وەبیردێنەوە، لە پێش چاوەکانیدا زیندوو دەبنەوە و، وەک جنۆکەی ڕەش

هەڵدەقۆزنەوە.

ئەو کاتە لاوێکی بەگوڕ و ڕاپەڕ بووی، هێزی جوانە گایەکت هەبوو، ئێستایش کە نیشانەی پیری لە مووەسپییەکانی لا جانگت سەر دەردەخەن... هێشتا بەر گیان... بەباوەڕ هەزار ئەوەندەی ئەوسا بەهێزی.

ئەوسا ئەگەرچی زۆر بەهێز و چاونەترس و بەجەرگ بووی؛ بەڵام گەلێک جار ترس خۆی تێ هەڵدەسووی! جەزت دەکرد زۆرتر بژی، تاوەکو پتر خۆت دەرخەی، پیر و جوودی خۆت بچەسپێنی، کار و فرمانی زۆرتر وەئەنجام بدەی، لە پێناو ژیان، ژیانت خۆش دەویست.

ئێستا ئەگەر چی هەناسە سواری سینگت بووە، بێ تووکی... لەڕی... ڕەشکە و پێشکە بەچاوەکانت دەکا... زۆر جار لەگەڵ هەستانە سەر پێیان پێش چاوت تاری دەبێ و، دڵەکوتێ دەتگرێ؛ بەڵام هەرگیز ترس تەواناى نییە لێت نزیک بێتەوە، هیچ شتێک نییە... بۆی... یان لێی بترسێی، تەنانەت لە خودی خۆشت ناترسی، بەدرێژایی ئەو ڕۆژانەی لە ژیاندا بووی، ئەوەی پێویست بوو بیکەی، ئەوەی لەسەرت بوو بیکەی، ئەوەی بۆت کرا بەبێ گرێ، بەبێ کەم کورتی ئەنجامتدان، ئەو بارەی لەسەر شانتەوە بوو بەپووختی هەڵتگرت و، بەزەبری بازوو... بەهێزیی شان و مل... بەهۆشیارییەوە تا ناو ژووری ئەم زیندانەت گەیاند.

جاران لە خودی خۆت... لەسەر کەشی و سەرەڕۆییت زۆر دەترسای، هەڵەییێکی بێ قەست هەزار و یەک پرسیاریان ڕووبەڕووت دەکرد، لە دەور و لە دەروونتدا سەریان هەڵدەدا... ناچاریان دەکردی، کە خۆت وەڵام ئامادە بکەی.

(ئێستا ) دڵنیاییت، هەموو جۆرە ترسێک لە دەروونتدا، لە دەور و بەرت دا پەرت بووە و، وەڵامی هەموو پرسیارێکت وەچنگ هێناوە.

ئەو کاتە خەمت زۆر بوون... خەمی گەلێکت بەکۆڵەوە بوو، فرمان و ئەرکەکانت ڕێیان نەدەدای لەززەت لەو خەمانەت وەربگری، لەنێو ئازادی چەوساوەکان دەتلایەوە... سەختی ڕۆژگار جەور و ستەم خوێنیان بەتەوژمتر دەکردی، تووڕە دەبووی... خۆت هان دەدا تۆڵەستێن بی.

«ئێستا» یادی کورتترین ساتی ئەو ڕۆژانەت، جۆرە لەززەتێکی بەتەمەنی هەیە، حەز دەکەی لە کاتی وەبیرهاتنەوەتدا، تەمەنی ئەو یادگارانەت درێژ بکەی، تاوەکو لە کاتی چاولێکنانی یەکجاریتدا دڵنیایی ئەوەت پێ ببەخشن، کە لە پێناو ژیاندا دەمری، دڵنیایی ئەوەیش کە ئەو بوونەت...ئەو کورتە بوونەت، ئەو گەرمیی ڕابردووەت هەتا





دنیا مابێ... هەتا ستە و ناهەق مابێ... هەتا زۆردار و زۆرلێکرا و لەسەر ڕووی زەوی مابێ، ئارام و خەم و خۆین لە دڵ و لە چاوی جەللادەکان وشک دەکاتەوە.

(ئێستا ) بەشێوەی پێشووت بیری تۆڵە سەندن بەمێشکتا گوزەر ناکا، چونکی ئەوەت لەلا ڕوونە، کە ئەو ئەرکە دەکەوێتە سەرشانی ئەوانی دیکە، ئەوانەی لەگەرمەی خەباتدان، ئەوانەی لە دوای تۆوە دێتە کۆڕی تێکۆشان، ئەوانەی لە دەشت ودەر، لەنێو چەمەکان لە شار و لە دێ، لەسەر لوتکە بڵندەکان... لەنێو بەفرەکان جێگای تۆیان گرتۆتەوە و هەرگیز پێ شوێنی دوژمن بزر ناکەن ئەو پێ شوێنەی، کە پێشوێنی تۆشە بۆ تۆڵەسەندن هەڵدەگرنەوە.

«ئێستا» وەکو جاران نی، جاران بەدوای ڕاستی... بەدوای خۆتدا دەگەڕای و خۆت لەناو ئەمانەدا دەبینی، ئێستا لەم کونجە تاریک و شێدارەدا... کاتێ دوای خۆت دا دەگەڕێی ڕاستی دەدۆزییەوە و، خودا بەدی دەکەی، ئێستا خۆت بووی بەبەشێک لە ڕاستی، بەشێک لە خودا.

(ئێستا ) وەکو مەسیح، سپارتاکۆس، وەکو هەموو شەهیدەکانی ڕێگای ئینسان خودا لە خۆتدا دەبینی، ئەهریمەنیش لەوانەدا کە ئەو گیانەی بۆ خودا هەوڵ دەدا، لەو گیانەی بەدوای ڕاستیدا دەگەڕێ، ئەو گیانە دەکوژن و دەیکوژێننەوە، ئەوانەی گیانی ئەو ڕابەر و پێغەمبەرانەیان کوژاندەوە، ئەوانەی بێ ئەوەی حیساب بۆ خودا بکەن... خۆ بۆ ئەوە ئارایشت دەدەن پاش چەند سەعاتێکی دیکە گوریسەکە بخەنە ملتەوە ...ئەوانەی وادەزانن بەکوشتنی تۆ ڕاستی دەخنکێ... خودا دەکوژرێ! ئەمانە هەر ئەوانەن، کە مەسیحیان لەسەر خاچەکە بزمارکوت کرد، سێدارەیان لە موسڵ و بەغدا، لە دیاربەکر، لە مەهاباد... لە سلێمانی و بارزان بۆ تێکۆشەرانی میللەتەکەت، بۆ ڕابەرانی ڕێی سەرفرازیی ئینسانی نەتەوەکەت هەڵخست، ئەوانەن هەزاران خوێنیان لە گۆڕەپانەکانی ڕۆما، لە مەحکەمەکانی تەفتیش... لە کۆمۆنەکەی پاریس، لە زیندانەکانی شباندۆ لە ئەڵمانیا، لەنێو دارستانەکانی ڤییەتنام... لە ئەفریقیای ڕەش، لە ئەمریکای لاتینی... لە ڕۆژهەڵات و ڕۆژئاوادا دەرشت، ئەوانەن سپارتاکۆسیان کوشت و، دەرگای مەیدانەکانیان بۆ «گلادیاتۆر» خستەوە سەر پشت

ئەوسا لە شەوێکی سارد و تاریکدا، لەنێو بەفر گیرت خوارد بوو، هەتا هێزت لە بەر مابوو مەودات بەهەنگاوەکانت دەدا، لەپڕ لە تفەنگەکەت گیر کرد بوو، هەستت لە دەوروبەرت ڕادەگرت، لە تارمایی و لە شەوبای سڕی ئەو شەوی زستانە سڵت دەکردەوە، پەلەت دەکرد زووتر ڕێگایە کە هەڵبکەیەوە و بگەڕێیتەوە بنکەکەت، ئێستا

لەنێو ئەم کونجی زیندانە پیس و تاریکەدا، دەست و پێت زنجیر و کۆت کراون، مەودای هەنگاوەکانت لە سێ چوار شەقاو پتر نییە، لە بەر نزمیی بانی زیندان ناتوانی بەتەواوی ڕاست ببییەوە، ئالێرەدا تەنها ترس نەبێ بیر لە هەموو شتێک دەکەیتەوە.

ئەو شەوە سەبارەت بەدژواریی قەوماوەکان سەرت لێ شێوا بوو... ڕێگات لێ ئالۆز ببوو، ئێستا سەری گلۆڵەی ڕێگا سەخت و پڕ شانازییەکەی تەمەنی ڕابردووت لەناو پەنجەکانی دەستتەوەیە، دەتوانی بێ گرێ و بەڕەوانی بەسەری بکەیتەوە، قۆتاخ دەستنیشان بکەی، دڵنیابی کە جارێکی دیکە هەرگیز ڕێگات لێ ون نابێتەوە، چونکی ئەو ڕێگایە... ڕێگاییێکە ملیۆنان شەهیدی سەربەرزی وەکو تۆ بەخوێن و بەئارەقە نەخشەیان کێشاوە و ڕەنگیان ڕشتووە.

ئەو شەوە گەلێک شتت لێ ببوون بەتارمایی، ورشە و جوولە و هەستیان... هۆشیارتریان دەکردییەوە، ئێستا لە چاوەڕوانیی دوا هەنگاوی ئەم ڕێگایە... ڕێگای چەوساوەکان، ئەم ڕێگایەی ترسنۆکی و ئازایی... دیلی و سەریەشە... ڕاستی و ناڕاستی... بەزین و خۆلە بەر گرتن لێک جودا دەکاتەوە، تۆ خۆت بووی بەو تارماییەی جەللادە ترسنۆکەکان دەتۆقێنی.

ئەو شەوە لەناو چەمە چڕەکەدا، لەنێو بەفرە ئەستوورەکەدا ڕێگات بەرەو بنگە دەشکاند، بەرەو ئاوات سەردەکەوتی ئێستا ئەم دوا هەنگاوەت لە ڕێگاییێکی ڕاست و بێ گرێ... بێ هەڵدێر و کەند و کۆسپ دەنێی، جڵەوی ڕێگا لە دەستی خۆتە، ڕێگایەکە چاوەڕوانی ماچکردنی کەوشەکانتە و، بڵێسەی دوا ئاوات لەبەرچاوتدا دەدەرەوشێتەوە... ڕۆشنایی دەدەن بەژووری زیندانەکەت... بەزۆر شتی نادیاریش، گەلێک شتی جوان و شاردراوە بەرەوانی دەبینی، هەموو دەقیقەیێکی ئەم کورتە تەمەنەت، پیرۆزیی هەنگاوەکانی پێشووی... تەمەنی ڕابردووت دەچەسپێنێ.

ئەو شەوە کشووماتە، هەموو چرپەیێک تەزوویێکی ساردی دەخستە لەشت، پتر هۆشیاری دەکردییەوە و بەهومێدی ڕێ دۆزینەوە دەیخستییەوە تەکان و گوڕ، هەنگاوەکانی بەرەو بنکەکەت گورج و بەرینتر دەکردی، بەو تیشکە ڕۆشناییەی لە دوورەوە، لە قوڵایی ئەو شەوەدا، لە گلێنەی چاوەکانتدا دووبارە دەبوونەوە، دڵت خۆش دەبوو، موژدەی گەیشتن بەهەوارگەی، بەگیانت دەگەیاند.

(ئێستاش) بەوە دڵخۆشتری، کە ئەو ڕۆشناییەی لە دەروونتدایە هەرگیز کز نابێ، هەرگیز ناکوژێتەوە... سات بەسات پرشنگی بەتینتر دەبێ، هەرچی کون و کە لە بەری تاریک و نادیاری دڵ و مێشکت هەیە ڕۆشنی دەکاتەوە، هەموو





ڕەنگەکان بەقەد و قەوارەی ڕاستەقینەیان دەبینێ و پتر دڵنیات دەکەن، کە ئەم ڕێگایە... ئەم ئەنجامە هەمان ڕێگا و ئەنجامی هەموو کەڵە پیاوو، هەموو ئەوانە بووە، کە لە سەرەتای ژیانەوە پڕ هەوەس و پڕ ویست و ئارەزوو و بەشداریی ڕەوتی نەپچڕاوەی کاروانی چەوساوەکانیان کردووە و دەیکەن.

ئەو شەوە بەرەو ڕۆشناییەکە دەچووی، بەپەلە لەسەر بەرزاییەکەوە خۆت گلۆر دەکردەوە، هەر کە نزیکیش بوویەوە ڕۆشناییەکە لەنێو چاوتدا ون بوو! بەسەرسامی چەند جارێک چاوەکانت هەڵگلوفتن، ڕووناکیەکەت ون کرد.

(ئێستایش) ئەو ڕووناکییەی دەروونت هەموو شتێکیان ڕۆشن کردۆتەوە، هەر چەندە چاوەکانت هۆگری ئەم کونجی زیندانە تاریک و نووتەکە بن؛ بەڵام بەهۆی ئەم ڕۆشناییەوە هەموو شتێک دەبینی، تاریکیی بێ دوایی ئەم شەوی دواییەت دواییەت... دەرودیوارە ئەستوورەکانی زیندانەکەت دەسمی، ٥٦ بۆ دەرەوەی زیندان... بۆ شارەکان، بۆ وڵاتانی دوور و نزیک، بۆ دەریا و بیابانەکان، بۆ بەرزایی و سەر لوتکەی چیایەکان هەڵت دەگرێ، پووچی و بەکەڵکی، گەورەیی و نزمی، پیرۆزی و نەگریسی، سەر بەرزی و ملکەچی... زۆر شتی بینراو و نەبینراوت بۆ ئاشکرا دەکات، تەنانەت تیشکی ئەو ڕۆشنایی دەروونەت، ناخی یاساوڵ و جەللادەکانی زیندانەکان، ناخی فاشیست و دڕندەکان دەسمی و زراویان دەڕژێنی، ئەو ژەهرە کوشندەیەی ناوەوەیان لێ دەکاتەوە، برینێک... برینێکی پڕ ئازار و کوشندە و بەرەو توپین ڕایان دەماڵی، ئەو شەوە جارێکی دی لەسەر بەرزاییەکی دیکەوە چەند ترووسکەیێکت بەدی کردنەوە، لەگەڵ ئەو ترووسکانەدا ئیستێکت کرد، هەناسەیێکت هاتەوە بەر، لە بەر خۆتەوە گوتت:

– *(ئۆخەی ئەوا گەیشتمەوە هەوار)*.

دۆێنێ ئێوارەیش، کە هەواڵی جێبەجێکردنی فەرمانەکەیان پێ گەیاندی، دیسان هەناسەیێکت هەڵکیشا و، لە دڵی خۆتدا گوتت:

– *ئۆخەی وا فرمانەکانم تەواو، ئەوا گەیشتمە قۆناخی دوایی، ئەوا گەیشتمە دوا هەوارگە.*

ئەم دوو ئۆخەیەت چۆن لەیەک دەم و زمان هاتوونەتەدەر، واتای ئەوە دەگەیەنن، کە هەموو مرۆڤێک، کە دەبێ... دەشمرێ، ئەوانەی دەبن و بێ کەڵک دەژین... بەبێ کەڵک دەمرن، وەکو نەبوو دەژمێردرێن، ئەوانەی بێ کەڵک دەژین بەنامەردی دەمرن... ئەوانەیش کە بەنامەردی دەژین و، بەنامەردیش دەمرن... ئەوانەن کە هەرگیز ئۆخەی ناکەن؛ بەڵام ئەوانەی وەکو تۆ بەسەر بەرزی ژیاون، بەسەربەرزیش دەمرن، ئەوانەن کە

دەزانن بۆچ دەژین و بۆچ ژیاون و بۆچ دەمرن.

ئەمانەن، کە چۆن ڕووبەڕووی هەموو کردەوە پڕ شانازییەکانیان ئۆخەی دەکەن، هەروەها کاتێ فەرمانی مردنیشیان پێ دەگا بەدڵنیایی سەردەنێنەوە.

ئەو شەوە لەبەر خۆتەوە دەتگوت:

– *(ئەوە ئاوەدانییە)*...

دووکەڵی سۆبای ماڵەکانی گوندت بەدی دەکردن، بەکەیف خۆشییەوە لەسەر ملەکەوە نشێو بوویتەوە، کاتێ لەپڕ ترووسکە ڕووناکییەکەت لەبەرچاو ون بوو، هەندێک حەپەسای، نەرمەترس و بیرکردنەوەییێکی تەماویی خۆیان بەسەر مێشکتدا سەپاند! ترس لەوەی لەو شەوی شەوەزەنگەدا ڕێگات بۆ نەدۆزرێتەوە، یان تووشی دەعبا و دڕندەییێک ببی، بیری ئەوەیش، کە چۆن خۆت بپارێزی تا دەگەیتەوە بنکەکەت، ماوەییێک بەچاو دەوروپشتی خۆت پشکنی، لەزەوییێکی خاڵ خاڵ بەولاوە، هیچ شتێکی دیت سەح نەکرد، ڕەشایی خاڵەکانیش کۆمەڵێک کا بەرد بوون، بەفرەکەی سەریان توا بووەوە، ترسی ون بوون پتر کاری تێ دەکردی!

«ئێستا» نەترسی هەموو شتێکی بۆت ڕوون کردۆتەوە، ئێستا ناخ و، ناخی ناخ بەدی دەکەی.

ئەوسا لەناو ترسدا گومانت لە چاوەکانی خۆت پەیدا دەکرد، تەنانەت (بسم الله) وشایتمانەشت بەخەیاڵدا دەهات! دە ڕۆژ لەمەوبەر شەیتانی ببووی، لەبەر سەرماوسایەقە نەدەوێرای مەلە بکەی.

ئێستا چەند مانگێکە جگە لە دۆڵکەییێکی ئاوی گەرمی خواردنەوە، چاوت ئاوی نەبینیوە؛ بەڵام هەست بەلەش پاکی دەکەی، ئەگەرچی زۆربەی شەوەکانی زیندان، خەونی پیرۆز بەسینگ و مەمکی دڵخوازەکەتەوە دەبینی و، شاتمانی بەخۆتا دێنی و، لەوە دڵنیای، کە ڕەوا و خۆشەویستی لەو ڕێگایەوە تێ دەپەڕی، کە تۆ گرتووتە، هەق ئەوەیە کە تۆ بەدوایدا دەگەڕێی، گیانی خۆت لە پێناوی ئەمانەدا بەخت کردووە، لەوە دڵنیای کە تۆ حەقی نوێژ بۆ پەرستنی ئەو بیروباوەڕ و ئاواتانە دەکەی؛ کە تۆ بەدرێژایی ژیانتدا هەوڵت بۆیان داوە، دڵت دەردەهێنی و دەیکەیتە (میحرابی) ئەو باوەڕی و ئاواتە و کڕنووشی بۆ دەبەی.

ئەوشەوە بەپەلە و پەلەتر دۆڵە پێچاوپێچەکەت هەڵدەلووشی، بەسەر بەردەبازەکانی نێو چەمەکەدا بازت دەدا، جۆرەها دەنگ و هەرا وەک جەنجاڵێک لە گوێیەکانتدا





لێکیان دەدا و، تێکەڵاو دەبوون، کە لەپڕ تاپۆی دەعبایێک... دەعبایێکی درێژ و پان و سەیر لە بەرامبەرتەوە ڕەپ ڕاوەستا، وەهات بۆ دەهات، کە پەلامار دەدا لە هەزاریەکی ساتێک کەمتر، گوللەییێکت پێوەنا، لەگەڵ گوللەکە ئەوەندی ڕووبەری کولێرەییێک ئاگرت لەسەر سینگی هەڵایساند، دەنگی تەقەکە جەرگی تاریکیی شەوی دە هەنگاوت و لەو چەم و دۆڵە دەنگی دایەوە و، بۆ ماوەیەک لە مێشکتدا دەزرینگایەوە، جۆرە سامێک سەرتاپا هەموو لەشی تەزاندی، تا چەند دەقیقەیەک خۆت لەسەر زەوەیەکە مەڵاس دا، دەنگی (سەگوەڕێک) لە دوورەوە بەئاستەم دەهات، وەڵامی تەقەکەیان دەدایەوە، دەنگی سەگوەڕ هێنایتیەوە سەرخۆ، هەندێک دڵنیاییت بۆ پەیدا بوو، سووکە ئومێدێک گوڕی خستەوە لەشت، هەڵستایەوە سەرپێیان، شەوبا دەنگی سەگوەڕەکەی دوورتر و کزتر دەکرد، لە تارماییەکە نزیک بوویتەوە، سەرنجی جێ گوللەکەت دا، نیمچە بزەییێک لەسەر لێوەکانت لەرزینەوە، سەرێکت لەبەر خۆتەوە هەژاندن!! سەیرە، کێلی قەبرە و پێکاوتە! (ئێستا) بێ گوللە و بریندارکردنی هیچ کێلە قەبرێک، بەسەرنجی تیژت لە تاریکایی ئەم ژووری زیندانە گەنیوەدا، دەنگی زیندانییەکانی دراوسێت، بانگی سەرکەوتن وفیداکارییان هەموو ترسێکت لە دڵدا دەخنکێنن؛ وەک تەمی دوای باران و تۆف دەیرەوێننەوە، (ئێستا) هیچ هۆیێک نییە سامگرتووت بکات، بانگەوازی زیندانییە هاوەڵەکانت، ئەو زیندانییانەی تۆ ئاسا دەزانن چ ڕێگاییێکیان گرتووە و، بەرەو چ مەنزڵگاییێک دەیانبات، بانگ و ئاوازی ئەو هاوەڵانەت بۆ بووەتە سروودێکی هەمیشە جاویدان، مەزنیی ژیان... نەترسی لە مەرگ... سەرکەوتن دەڕێژنە گیانتەوە، دەبنە (مارسیلێز) و وەک بوومەلەرزە بەندیخانە گەورەکە دەلەرزێننتەوە، خەو لە چاوی جەللادەکان دەکاتە خوێن.

هەروەها پەیوەندیت لەگەڵ ئەو زیندانییانە و لەگەڵ هەموو ئەوانەی لە ڕێگای ژیاندا دەمرن بەتینتر دەکا و، هەرگیز ئەوانەی لەو ڕێگایەدا... لە ڕێگای ململانێی دژ بەزۆردار و فاشیستەکان، لە ڕێگای سەرفرازیی چەوساوەکاندا وەکو تۆ گیانیان دەبەخشن... هەرگیز لە خۆتیان جودا ناکەیتەوە و، یەکتری بەغریب دانانێین، تۆ و ئەوان، لەم کاروانە نەپساوەی ئینسانییەتە بەرەو ڕووناکی دەبا... ناپچڕێنێ، ئەوانەی دەچنە ڕیزی پێغەمبەر و فەیلەسوفە ڕەسەنەکانی... دەچنە ڕیزی تێکۆشەرانی هەمیشە بەوەفا و لەخۆبوردووی سەرتاسەری مێژووی پەیدا بوون و... ئێستای بریندار و خوێناوی و، سبەینێی گەش و پرشنگدار.

ئەو شەوە دەستێکت لە سینگی کێلە بریندارەکەدا، وەک ئەوەی خۆت بریندار کرا

بی، تەزوویێک بەلەشتدا هات، هێشتا سام گرتوو و تاسابووی.

ئێستا... پڕ بەدڵ حەز لە کێلێکی لەو کێلە بڵندتر دەکەی بۆ قەبرەکەت، تاکو لە تاریک شەوێکدا، ببی بەرێنمایی ڕێبوارێکی ڕێ لێ ون بوو و، سەر لێ شێواو، تاوەکو لە درووشمی ئەو کێلەتدا سروودی نەترسان و ئاوازی نەبەزین بخوێنیتەوە و، لە بێدەنگی و ونبوون، لەسەر لێ شێواوی ڕزگاری بکا.

ئەگەر ئەو ون بووەش خۆت ئاسا لەناو کارەساتی جەرگبڕدا تووڕەیی و گڕی تۆڵەسەندن بێ حەوسەڵەی کرد بێ و لێت هاتە دەست و گوللەی پێوەنای، تا ئاگر و جێ گوللەی سەرکێلەکەتی بۆ ببێتە چرا و ڕێگای بۆ ڕۆشن و دیار بکا، وەک چۆن ئەستێرەکان ڕێگای ڕێبوار و گەڕیدە و کاروان... دیار و بەرەو قۆناخ بۆ دەستنیشان دەکەن و... فەرامۆشییێکی وەهایان پێ دەبەخشی، کە نە لە سەگوەڕ، نە لە تاپۆی دڕندە و دەعبا و... دێو و درنجی شەوی تاریک سڵ و سامگرتوو و دوو چاوی ڕێ گۆڕی و ون بوونیان نەکاتەوە، ئەو شەوە هەرکە دەنگی سەگوەڕەکە کپ و خامۆش بووەوە، تەقەییێکی دیت بۆ ئاسمانی سەگوەڕەکە حەواڵە کرد و، کەوتییەوە ڕێگا و ناو کاروانی ئاوات و ئامانجە پیرۆزەکانت، ڕێگاکەت بەگوڕتر دەبڕی... تاکو حەپەی سەگەکانت لەنێو جەرگی ڕەشی ئەو شەوە بەدوای خۆتدا بەجێ هێشت.

***

لێرە... لەناو ئەم ژوورە تاریکەدا، گەلێک شەو لەنێو ڕۆشنایی یادەکانت، لە چاوەڕوانیی داهاتووی نادیارتدا ون دەبووی، زرەی زنجیر و کۆتی بازوو و... ملت، دەنگی سروودی سەرکەوتنی ئەو هاوڕێیانەت، کە فەرمانی لە سێدارەدانیان جێبەجێ دەکرا، تێکەڵ بەترپەی پێی پۆستاڵی یاساوڵەکان... جنێو و... سەگوەڕی جەللادەکان دەبوو، پتر هۆشیارییان پێ دەبەخشی، لەنێو ئاواز و سروودەکان باوکی لەژێر جەزرەبە کوژراوت لەپێش چاو زیندوو دەبووەوە، مامۆستا (زەیدوون) بەزەلیلی و مل شۆڕی لەژێر پێیەکانتدا گەوزی دەدا، تۆش... دەنگی جەهووریی خۆت لە کولانکەی دەرگا ئاسنینەکەوە دەنارد و، تێکەڵ بەپانگی هاوڕێیەکانت دەبوو:

من لە لۆمە و تانە و زنجیرودار باکم نییە

لەت لەتم کەن، بمکوژن، هێشتا ئەڵێم کوردم ئەمن

لەناو ئەو سروود و بانگانەدا، لەو کۆڵانەی ڕووپێوی لە ڕووپێوی برینی سینگی تێر بارانکراوەکان پتر نەبوو، ئەو کۆڵانەت لێ دەبوو بەڕۆژێک، ڕۆژێک هەموو دنیای بۆ ڕووناک دەکردییەوە، دیوارە ئەستوورەکەی زیندانی ڕەسمی... دەیڕماند و تۆی





هەڵدەگرت و دەیبردی بۆ مەیدانەکانی دیار بەکر و... بارزان و... هەولێر و، مەیدانەکەی چوارچرا، کە قازیی نەمر و کاروانی شەهیدەکانی ڕێگای کوردستانی ئازاد گوزەریان لێ کردووە، دەبووە ڕۆژێک گەرمایی و ڕووناکیشی بۆ نەوەکانی دوا ڕۆژی گەلەکەت... بۆ چەوساوەکانی هەموو گەلانی ئەم سەر زەمینە دابەش دەکرد... دێو و درنجەکانی بەرەو کون و ئەشکەوتەکان دەرەتاندن... چرای هیوای لە دڵی هەموو تێکۆشەرێک هەڵدەکرد و مانای نەبەزین سەرکەوتنی فێر دەکردن.

لێرە... هەموو شەوێک بۆنی مەرگ دەکەی، دەزانی بۆ چی دەمری، دەزانی چۆن بەدرێژایی تەمەنی سەربەرزت... چ کاتێک بۆ مردن نەژیای... لە مردنیش نەترساوی... لە پێناوی ژیاندا گیانت لەسەر دەست داناوە، بڕواییت بەوە هەبووە، کە ئەو مەرگەی تۆ چاوەڕوانی دەکەی، پارسەنگی ئەو ژیانەیە، کە تۆ گەرەکت بووە... ڕەنجت بۆی داوە، خەباتت لە پێناویدا کردووە، تۆ وەکو ئەو پەروانەی بەهەموو هەوەسییەوە بۆ گەیشتن بەڕووناکی خۆی دەسووتێنێ، تۆ ئەو مۆمەی، کە لەگەڵ سووتانیدا... ڕووناکی دەدا، جەرگی تاریکی شەق دەکا و وەک تیغ دەیبڕی، بۆیە هەرگیز باکت بەمردن نەبووە.

ئەو شەوە... هەر سێ چوار دەقیقەییێک گوللەییێکت بۆ عالەمی سەگوەڕەکە وەڕێ دەکرد... سەگوەڕەکە گەرمتر بوو! بێ ئاوڕدانەوە بەگورجی دەچوویتە پێش، پاش نیو سەعات پیرەمێردێک سەرەڕێی لێ گرتی، کابرای پیرە پێشەنگی کاروانێک بوو، ئازووقەی بۆ پێشمەرگەکان دەبرد، ژانی ڕێگات ون کردووە، کە لە ئاقاری گوندەکە تێ دەپەڕی، تەنها دوو سێ خانوون بەدی دەکردن، خانووەکان وەکو کۆمەڵێک بریندار لە بنار شاخەکە، لەسەر زەوی ڕاکشابوون، سەرت بۆ ئاسمان هەڵبڕی، کاوێژە... هێلێکی سپی لە ئاسۆودا کێشا بوو، زانیت نزیکی شەبەقە، زۆری نەماوە ڕۆژ سەرهەڵبێنێ، لە مامە پیرەت پرسی:

– *خاڵو... ئێرە کوێیە؟*

سەگوەڕ بەتینتر دەبوو، پیرەمێرد بەردێکی هاوێشت و، بەدەنگێکی بەرز چخەی لە سەگوەڕەکە کرد و پێی گوتن:

– *جنۆکەکانە.*

بۆی ڕوونکردیەوە کە:

– *جنۆکەکان... ئەمانیش تیرەیەکن لە خێڵی جاف، بەشێکن لە ڕەش و بۆری ئەو خێڵە.*

پتر هۆشیاریت پەیدا کرد... فەرامۆشییێکت پەرپە دڵ، هەناسەییێکی فێنکت هەڵمژی، کابرا ڕێی بۆ دەستنیشان کردی و... سەری کاروانی بەرەو گوندەکە... بۆ ناو جنۆکەکان کێشا.

ماوەییێک داتە قەدی دار بەڕووە زەلامەکە، هەندێک هەسایەوە، کاتێ ئاسۆش ڕوون بووەوە، پێشەنگی کاروانی پرشنگی ڕۆژ لەسەر لوتکە زیوینیەکاندا دەرکەوتن و، ڕۆشنایی و بریقەیان بەدنیادا بلاوکردەوە، تۆش بەرەو بنکەکەت کەوتییەوە ڕێ، بەسەر گەلاوەی کۆمەڵێک دێی وێرانکراو و کەلەشی دار گوێز و دار بەڕووی بەبۆمبای دوژمن کوژراو و، باخ و کێڵگەی سوتاودا تێپەڕی، لەو ڕۆژە بەدواوە گەلێک شت لەبەرچاوتدا گۆڕان، پتر لە ڕەوشت و بێ بەزەیی و خوێنخواریی دوژمن شارەزاییت پەیدا کرد، هوروژمن ئەو کارەساتەی بەسەر باوکی پیرت... بەسەر دایکی لێ قەوماوت... بەسەر نەسرینی خوشکی بەزیندوویی خوراوت هاتبوو، لە دڵ و مێشک و هەستتدا تەوژمیان پتر دەبوو، ماوەییێک مات و بێ دەنگی تکایە ڕەفتار و ڕوخسارتەوە، هەمیشە لە پەنایێک دەگەڕای بیری لێ بکەیتەوە و بیر لەو ڕۆژە ڕەش و خوێناوییانە، لەوەی چۆن تۆڵە لە دوژمنی زۆردار بکەیتەوە، جار جارەیش کاس دەبووی، قەدەرێک دادەمای، دەکشایەوە ناوەوەی خۆت، کانیی سۆز و میهرەبانی لە دەروونتدا دەتەقی... هەڵدەچوو، تاکو لە چاوەکانتدا هەڵدەقوڵێ و، بەفرمێسکی گەرم دەروونی برژاوت سارد دەکردەوە دەگریای... بەکوڵ دەگریای بۆ پیرەباب، بۆ نەسرینی گیان ئابڕ و پیشاو، بۆ دایکی کۆست کەوتووت دەگریای... پاش هەموو ڕێژنە فرمێسکێکیش دەروونت دا دەمەزرا، جۆرە هێمنایی و ئارام و فەرامۆشییێک دڵنەواییان دەکردی، وەک ئەوەی ئەو فرمێسکانەت هیس و گەردی دەروونیان شۆر دەبیتەوە، لەشت سووک و، پێش چاوت فراوانتر دەبووەوە و لەگەڵ خۆت پەیمانت نوێ دەکردەوە، کە:

- *دەبێ خوێن و فرمێسکی ڕژاویان بەفیڕۆ نەچێ...*
- *دەبێ تۆڵە ستێن بی...*
- *دەبێ سەری دایکت بەرز بکەیتەوە...*
- *دەبێ وابکەی، میللەتەکەت شانازیت پێوە بکات.*

ئەوە بوو لەو ڕۆژەوە بۆ هەموو فرمانێکی گرنگ، بۆ هەموو هەڵمەت بردیێک، بۆ سەرقوللە و ئۆردوگاکانی دوژمنی داگیرکەری خوێنڕێژ خۆت هەڵدەبژارد، بوویتە پێشەنگ، هەر بەرەو پێش تەکانت دەدا، ڕووتی برسییەتی برینەکانی ناوەوەت پتر هانیان دەدای، بەگوڕتریان دەکردی، ترس وەک دوژمن لێت دەترسا، لەخۆبردوو بووی،





لە هیچ هێرشێک سڵت نەدەکردەوە، پلە بەپلە سەردەکەوتی... لەسەر دەستەییەوە بوویتە سەرپەل و... سەر لق، ڕۆژ لەدوای ڕۆژ لەنێو پێشمەرگەکانی هاوڕێتدا بەرێز و خۆشەویستتر دەبووی، پاش هەموویان بەشە نانی خۆت وەردەگرت، پێش هەموویان پەلامارت دەدا، وەک لاوێکی شۆڕشگێڕی ڕاستەقینە جێگای لەنێو دڵی هاوولاتییاندا کردەوە، خەڵکی ناوچەکە سوێندیان بەسەرت دەخوارد، هەر چەند ڕۆژێک، جارێک لەگەڵ هاوەڵەکانت ئەم چیا و ئەم دۆڵ و پێ دەشتانەتان دەکرد، لە هانای لێ قەوماوان دەهاتن، بەشەڕی پارتیزانی گەلێک پیرۆزی و سەرکەوتنتان وەدەست هێنا، زۆربەی ڕەشورووت بوونە پشتگیر و لایەنگیرتان، ئەمەیش نەک تەنها سەبارەت بەپیرۆزیی ڕێڕەو و بیروباوەڕەکەتان بوو و بەس؛ پەڵکو خوورەوشتی پاک و خاوێنتان ببووە پارسەنگ و لە ئاستی ئامانجەکانتان هاوسەنگ بوو، خەڵکە سادە و هۆشیارەکە بەراوردیان لە نێوان ڕەفتار و ڕەوشتی ئێوە و بەدخوویی دوژمنانتان دەکرد، میهرەبانی و دڵسۆزیی ئێوە و نگریسی و دڕندەیی دوژمنەکانتان وەهای کرد هەموویان ببنە هەواداری ئێوە، بەهەموو توانایانەوە یارمەتییان دەدان، نان... خۆراک... پۆشاک، تەنانەت توتن و پەڕە سیغار بەپێی توانایان هەموو پێویستییەکیان بۆ مەیسەر دەکردن... تۆش وەکو هاوەڵەکانت لەگەڵ شوان و گاوان... لەگەڵ گەورە و بچووک... لەگەڵ پالە و وەرزێر... لەگەڵ کوێخا و مەلا... هەژار و دەولەمەند، بگرە لەگەڵ پیر و پەککەوتە و منداڵەکانی گوندەکانیش بەزەردەخەنە و ڕێزگرتن، بناغەی ڕەوشتی شۆڕشگێڕانە و پەیوەندیی برایانەی هاوخەم و هاودەمتان دارشتبوو، چۆن تۆ ئەوەندە خۆشەویست بووی، ڕۆژ بەڕۆژ تا دەهات فرمان و ئەرکی سەرشانت لەلا پیرۆز و خۆشەویستتر دەبوو... هەموو هۆش و بیر و هێز و توانات لە پێناو ئەو فرمانانە بەخەرج دەدا، بەو هۆیەوە نەدەپەرژایتە سەر ئەوەی سۆراخێکی دایکە کلۆڵەکەشت بکەی، هەر چەندە لەوە دڵنیابووی، کە دایکت شێرە ژنێکە... دەتوانی ڕێگای خۆی لە ژیاندا بکاتەوە و، قسەکەی ئەوت هەر بەمێشکەوە نووسا بوو، کە پێی دەگوتی:

- *مەترسە کورم...*
- *نامناسی... نامناسی*

***

بیست شەوێک لەمەو بەر بوو، خەبەری فەومانی لە سێدارەدانی شێرزاد و ئازادت بیست، دوو برای جمک بوون، بەو خەبەرە دڵتەنگ و خەمبار بووی، هاوڕێیەتیتان لەگەڵ ئەم دوو برایە بەتین بوو، پاش دەستگیربوونتان ماوەییێک لەگەڵ دوازدە کەسی

دیدا پێکەوە لە بەندیخانە بوون، لە ژوورێکی تاریک و چکۆڵە و شێدار، وەکو کەلاکە کەوتبوونە سەر یەک، ڕووبەری ژوورەکە لە چوار مەتری چوارگۆشە پتر نەدەبوو، ئێوەش پازدە کەس بوون، ناچار نیوەتان بەپێوە دەوەستان، هەتا ئەوانی دیکە لەنێو لینگی وەستاوەکاندا چاویان گەرم دەکرد، ئینجا ئەمانە هەڵدەستانەوە سەر پێیان تاوەکو ماوەی ئەوانی دیکە بدەن... ساتێک لە جێگایاندا لێی بکەون، هەمیشە دەمی یەکێکیان بەکولانکەی سەر دەرگای ژوورەکەوە بوو، بەنۆرە لەو کولانکەیەوە، کە ئەوەندەی پانایی دەستێک دەبوو، بەنۆرە هەناسەیەکتان هەڵدەمژت، بەرەبەیانی زوو، ئۆردوانەکان وەک ئاژەڵ ڕیزیان دەکردن، پێشەکی سەر و گوێلاکیان دەشکاندنەوە، ئینجا بەجنێو و تێهەڵدان بۆ ئاودەستخانە لتیان دەخوڕین... لەو جێگایە هەر یەکەتان ماوەی یەک دەقیقەی هەبوو، لەو ماوە کەمەیشدا لەبەر پاڵەپەستۆ و چاووڕاو و ئیهانەکردن زۆربەتان فریای ئەوە نەدەکەوتن خۆتان هەڵکەن، ئێوارانیش بەهەمانە دەستوور بەزمەکەی ئاودەستخانە دەستی پێ دەکردەوە، هەر جارەش لەگەڵ تەنگاوی و دەست لە دۆخین بەردان بۆ خۆ هەڵکردن، ئۆردوانەکان لە قاقای پێکەنینیان دەدا، لەگەڵ و گونتان ڕادەمان... بەزمەکە پتر بۆ ڕابواردنی ئەمان بوو و هیچی تر! هەفتەی دوو جاریش دەرمانی زگچوونیان تێکەڵ بەو خوێ و ئاوە گەرمە دەکرد، کە ناویان نابوو (شۆربا ) و، لەگەڵ سەموونێکی وشکی وەک بەرد ڕەق، وەکو فراوین بۆیان دەناردنە ژوورەوە، بەو هۆیەشەوە ناچار دەبوون هەر بەئارەزووی خۆتان دەست لە بەزمەکەی ئاودەستخانە هەڵبگرن و، ئەو تەنەکەیەی بۆ میزکردنی شەوانتان لە سووچێکی ژوورەکە دانرابوو و، جێگای پێ تەنگتر کردبوونەوە، ناچار ئەو تەنەکەیەتان دەکردە ئاودەستخانە! ئیتر شەوان بازاری تەنەکە لە بازاڕی کار بەدەستە دز و جەردەکانی حکومەت بەهەڕمێنتر و... گەرمتر دەبوو!

کاتێ یاساوڵەکانیش ماوەی نۆبەتیان تەواو دەبوو، دەور و تەسلیم لەناویاندا دەست پێ دەکرا، حەپسەکان سەر ژمارە دەکرانەوە، ئەوانە بەدرێژایی ماوەی ئاڵوگۆڕەکە دەستیان بەلووتیانەوە دەگرت، لە کولانکە بچۆلەکەی دەرگا پۆڵایینیەکەوە ئەنگوستیان بۆ درێژ دەکردن... یەک... دوو... سێ... حەوت... پازدە، دەیانژماردنەوە، ئەو یاساولانە لەبەر بۆگەنیی ژووری بەندیخانەکەتان زاتیان نەدەکرد سەر بەو ژوورەدا بکەن و، بەو جۆرە سەر ژمێریان دەکردن، ئێوەش هەر بۆ ئەوەی وەڵامی بێ ئابڕوویی و گاڵتەجاڕییەکەی بدەنەوە و پتر ئەزیەتیان بدەن، زوو زوو جێگۆڕی و جووڵەتان دەکرد و ڕستەی ژمارکردنەکەتان لێ دەپچڕاندن و، سەرتان لێ دەشێواندن و، ناچار دەبوون





لەیەکەوە پێی دابچنەوە.

ژوورەکە لەبەر شێداری وەک ئاوڕشێنیان کرد بێ ئەوهای لێ هاتبوو، مۆرانە و تەختە کالۆس، قالۆچە و جاڵجالووکە و مێشوولە و هەمەجۆر زیندەوار لەسەر دەر و دیوارەکان... لە قورنەکان... لەنێو درز و قەڵشی ژوورەکەدا خۆیان مات دابوو و، بڵاوببوونەوە... بەلەشتان هەڵدەگەڕان... خوێنیان دەمژین... بەدرێژایی شەو و ڕۆژان خۆتان هەڵدەکراند و، بەو هۆیەوە تووشی خورشت و برین و نەخۆشی ببوون.

جیاوازی لە نێوان ئەو ڕۆژانە و، ئەم ڕۆژانەی ئێستات گەلێک زۆرە، لەنێو ئۆدەکەی ئەو بەندیخانەیەدا چۆن ماوەی هەسانەوەییێکی لەش نەبوو، هەروەها ماوەی بیرکردنەوە و بەخۆدا هاتنەوەیش لەوێ بیر و هەستتان بەلەشتانەوە گیر ببوو، هەوڵتان دەدا جێگاییێکی بۆ بکەنەوە و، هەر بەغەریزە ئیسپاتی ئەوە بکەن، کە ئێوەش هەن... زیندوون، تەنێکن بەپشتی کوڕی ئەم زەوییەدا. لەوێ ئەگەر لە ناکاو ماوەی وردە بیرکردنەوەییێکیشتان بۆ بڕەخسابایە، ئەوا ناڵە و ئازاری هاوڕێ نەخۆش و جەزرەبە دراوەکانت سەری هەموو بیرکردنەوە و یادێکی لێ دەقرتاندی، شەوانەیش پاش سەعات دوازدە لەتەک بەزمی تەنەکە، بەزمی ئۆردوان و جەللادەکان بەڕەنگێکی دی دەستی پێ دەکردەوە، هەر نیو سەعات جارێک سیرە لە دەرگا ئاسنەکەوە دەهات، دووسێ فیتە زەلامی دەمامکدار... دەرگای ژوورەکەیان دەکردەوە و، خۆیان دەکرد بەژوورەکەوە... ناوی یەکێک لە هاوەڵەکانت دەخوێندرایەوە زەلامە دڕندەکان وەک چۆن گورگ پەلاماری نێچیری دەدا، ئەوها خۆیان تێ دەکرد و پەلیان دەگرت، ڕەکێشی دەرەوەیان دەکرد، پاش نیو سەعاتی تریش، کەلاکەکەیان لە دوای خۆیاندا ڕادەکێشا، بەنیوە مردوویی لە دەرگاکەوە توورِ بۆ ژوورەوە تێیان هەڵدەدایەوە ناوتانەوە و، هەر لەبەر دەرگاوە ناوی یەکێکی دیکەیان دەخوێندەوە، یەکێکی دیکەیان بۆ دۆزەخەکەڕاکێش دەکرد! ئیتر بەم ڕەنگە هەتا بەرەبەیان لەبەر دەنگی ناڵە و هاوار و دارکاری و تەعزیب... تەنانەت بەپێوەش ئۆقرەتان نەدەگرت، تۆش سەرەڕای ئەو هەموو بێ ئارامی و نالە بارییەشت، زۆر جار پێکەنینت بەفەرەیدونی هاوڕێت دەهاتەوە، فەرەیدون لاوێکی نەترس و ئازا بوو، لە بەندیخانەیش لە هیچ شتێک نەدەترسا، ئیللا لەوەی، لە نیوە شەوێک لەو نیوە شەوانەدا ناوی بخوێندرێتەوە! وای پێ خۆش بوو ئەگەر هاتوو فەرمانی بەردانیشی بدرێ... ئەوا یەکێک بەچیەوە خەبەرەکەی پێ بگەیەنێ!

لە ڕاستیدا ئەویش ناهەق نەبوو، ئەگەر وەها بێ، چونکە ئەو بەستەزمانە پێش ئەوەی بیهێننە ژووری ئەم بەندیخانەیە واسیتەی گەورە گەورەیان بۆی کرد بوو، هەموو

جارێک کاتی مواجهەهە کردنی پێیان دەگوت!

– *خەمت نەبێ... بەزاواکەی فلانە کەس و... بەپووری فیسارە کەسمان گوتووە.*

– *بەبەرتیل دەمی خەزووری فلانە کار بەدەستی گەورەمان چەورکردووە... هەر بەم زووانە، چەند ڕۆژێکی پێ ناچێ بەرت دەدەن.*

ئەویش چەند ئازابوو... پتر خۆش باوەڕ بوو، وایدەزانی ئەوەی پێی دەڵێن ڕاستە و، ئیدی پاش دوایین چاو پێکەوتنەکە، بەگورجی هەڵدەستا و دەستی بەکەلوپەلەکانیدا دەگێڕا، لە خۆشیانا هەرچییەکی هەیبوایە لە پارە و جگەرە و جلوبەرگ هەمووی بەسەر هاوڕێکانیدا دابەش دەکرد و، دەیگوت باری خۆم سووک بکەم باشە.

لە سەرەتادا، کە ناویان بانگ دەکرد گەش دەبووەوە بەدەنگ دەیگوت:

– *کورینە... وا دیارە گرتی!*

*بەرەو جەللادەکان ڕادەپەڕی، کەچی جەللادەکان بۆکونێکی تاریکتر پەلکێشیان دەکرد و، ژەمە تێلایێکی باشتریان تێ دەسرەواند و لە ئەنجام بەنیوە مردوویی دەیان هێنایەوە.*

هەتا... وابو فەرەیدون وای لێ هات، دووچاری باروچۆنییەتیەکی هیستیری ببوو، بەئەو بوایە هەرگیز ناوی بانگ نەدەکرا، تەنانەت ڕقی لە ناوەکەی خۆشی دەبووەوە... پێی خۆش نەبوو ئەگەر بۆ ئازاد کردنیش بێ، بۆ ڕزگار بوونیش بێ لە بەندیخانە پێی خۆش نەبوو گوێی لە ناوی خۆی بێ!

بۆیە ئێوەش جار جارە لە نیوە شەوێکدا یەکێکتان دەنگی خۆی دەگۆڕی و لاسایی جەللادەکانی دەکردەوە، بەدەنگێکی بەرز بانگی دەکرد!

– *فەرەیدون عەبدوڵلا.*

ئەویش لەگەڵ بانگەکە... وەک دووپشک پێوەی دابێ ڕادەچڵەکی، لە جێگای خۆی ڕاست دەبووەوە، گوێڕایەڵی دەکرد... ئاهێکی توندی هەڵدەکێشا... ئێوەش قەرەقوێتان لێ دەکرد... کڕ دەبوون و جوولەتان لەخۆ دەبڕی، فەریدونیش پاش ماوەیەک هەست ڕاگرتن، حەزی دەکرد گوێی خۆی بەدووربخاتەوە، لە جێگایەکەی لێی کۆ دەبووەوە و هەتا بەیانی چاوەڕێی دەکرد... ژەهراوێکی دیکەی دەرخوارد بدرێ.

***

پازدەی مانگی ڕابردوو... ڕێگای مواجەهەی شێرزادیان دا، هەر چەند ئەم ژووری زیندانەت، هەندێک لە جێ تایبەتییەکەی مواجەهەکردندا دوورە؛ بەڵام بەجۆرێک گوێت





نابووە پەنجەرەکەی دەرگای ژوورەکەتەوە، کە گوێت لە زۆربەی قسە و گلەیی و نزا و تووک و گریان و لاواندنەوەی دایک و ژنەکەی... لە لغەلغی کوڕە ساواکەی دەبوو... شێرزاد بەدایکی دەگوت:

– *دایکە... خەم مەخۆ، ئەمە ڕێگای مێردانە.*

– *تەنها چاوتان لە منداڵەکان بێ...*

دایکەیش قوڵپی گریان گەرووی گرتبوو، هیچی پێ نەدەگوترا، ماوەیێک دەمی گیرا، تاوەکو بەزمانێکی نیوە لاڵ و ئالۆزەوە چەند قسەیێکی بێ سەر و پای لە دەم دەرژان!

تۆش هەر بەمەزندەی خۆت و لە شێوەی قسە کردنێ، لەو قسانەی بەدەنگە گڕ و تلّخەکەی، تەمەنی ئەو دایکەت بەچل ساڵان دەخەملاند!

زیاتر هەستت ڕاگرت... پتر گوێت هەڵخست... هەموو حەواست بۆ لای ئەو خێزانە لێ قەوماوە وەڕێ کرد، جگە لە ملچەی ماچ و هەناسەی سوارتووکەی ئافرەت و، گریانی ساوا هیچ شتێکی دیکەت نەدەبیست، کاتێ شێرزادیش کورە ساواکەی بەباوەشییەوە دەگوشی، لە خۆی هەڵدەسووی، بەمەزندەی تۆ دەیلیستەوە... نووزە نووزی کوڕە ساواکەی تێکەڵ بەکرووزانەوەی هەردوو دایکەکە دەبوو... وەک بەفروزریان پەردەی گوێچکەیان دەرووشاندی، هەناسەیان پێ تەنگ و تووشی دڵەکوتێیان دەکردی... کاتێ ماوەی مواجەهەکەیش کۆتایی هات، دایک و کوڕ و منداڵیان لەیەک جودا کردنەوە... هەستت بەوە کرد، کە تۆ زۆر بەهەڵەدا چووی، دەنگی گریان و پاڕانەوەی دایکی شێرزاد بەجۆرێک، بەجۆرێکی دڵتەزێن لە هەموو بەندیخانەکەدا بەرز بووەوە، بەدەنگی لاواندنەوە و پێدا هەڵگوتن و شیوەنەکەی ئەو دایکە، ئەمجارەیان تەمەنت تەنها بەسیوو دوو ساڵان دەخەملاند!

سەری مانگیش... واتە پێنج ڕۆژ لەمەوبەر، جارێکی دیش ناردیانەوە بەدوای دایکی شێرزاد... ئەمجارەیان بۆ دوا دیدەنی... ئازادی برا جمکەی شێرزاد بوو، لە ڕۆخ کولانەی دەرگا ئاسنینەکەی زیندانەکەت وەستایتەوە، هەمان دەنگی گریە و کرووزانەوە و ماچ کردنت گوێ لێ بووەوە، ئازادیان سەڵت و بێ ژن و منداڵ بوو، لە دوای کوشتنی شێرزاد، ببووە تاقانەی دایکەکەی، دەنگی کرووزانەوە و ڕۆ... ڕۆ و هاوارو دا و خواستنی دایکە، دەروونی بریندار و پڕ لە قین کردی، بەبێ دەستی خۆت لەگەڵ ئەو دایکە کۆست کەوتووە تۆش لە ژووری زیندانەکەت جلّەوت بۆ فرمێسکەکانت شۆڕ کرد بوو، هەناوت پڕ لە ژیلەمۆ دەبوون، هەرکە ماوەی مواجەهەیش تەواو بوو... دایک و

تاقەنەکەیان لە یەک جودا کردنەوە.

جارێکی دی لە شێوەی قسە و... شێوەی نووسانی دەنگی... لە ئاه و هەناسەی، تەمەنی ئەو دایکەت خەملاندەوە... ئەمجارەیان هەزار سوێندت دەخوارد، کە ئەم دەنگ و نووزەیە هی پیرێژنێکە... پیرێژنێکی تەمەن سەد ساڵی!

توونـد و تیـژە ئەم ژیانـەت، زوڵم و زۆری و بێ بەزەیی دوژمنە فـاشـسیـتەکـانت هەراسانیـان کـردی، کـاتێ سۆز و بێ دەسـتەڵاتیی ئەو کـاتەت، ئەو تووڕەییـەی لە دەروونتدا پەنگی خوارد بووەوە، بۆ یەکەمجار جۆرە ناهومێدییێک وەک تەمومژی دوای ڕۆژێکی تۆف و پڕ باران و برووسکە و هەورە تریشـقـە بەرەو ژووری زیندانەکـەت دەکشا، ئەمەیش هەر تەنیا هەستێکی زاتی بوو... تۆش بۆ ڕەواندنەوەی ئەم تەمومژەی ئەو ڕۆژە ڕەشانە و، لە هەڵکێشانی ڕەگی زۆداری و ستەم، لەسەر ئەم زەوییەدا حەزت دەکرد وەک هەموو ئەو هەزاران و ملیۆنان چەوساوە و شۆڕشگێڕانەی گەلە هەق زەوت کراوەکـانی دنیـا بەشدار بی، هەر چەندە دڵت تەنگ بوو، لە هەمـان کـاتدا ئەوەت لا ڕوون بوو، کە هەرگیز ئەو فرمێسک و خوێنەی لە ڕۆژانی یەکەم ژیانەوە، تا ئێستا ڕووی ئەم زەمینەیان ئاوداوە و ڕەنگ ڕێژ کردووە، ئەو خوێن و فرمێسکانە بەفیڕۆ ناچن و بێ ڕەنگدانەوە نابێ، ئەو ئازار و ئەشکەنجەیەی ئینسانییەت لەم ماوەیەدا کێشاویە، بێ دەنگدانەوە نابێ.

هەناسەیێکی توندت هەڵکێشا، فەرامۆشییێک پەڕییە دڵ و دەروونتەوە، سەرت هەڵبڕی، سەیرێکی ئەو ڕستە نووسینانەت کردەوە، کە ئەوانەی پێش تۆ دیواری زیندانەکەیان پێ نەخشاندبوو، سەیرێکی کۆت و زنجیـرەکانی دەست و مل و پات کردەوە، کەوتییەوە بیرکردنەوە و چوونەوە ناوخۆ، لە ئەنجامی ئەو جستو جۆیەی دەروونت و بیرکردنەوە دەگەیشتییە ئەوەی کە:

*- شتێکی سەیر و نائاسایی نییە، کە مرۆڤی ئەم سەدەیە لە شەو و ڕۆژێکدا گۆڕانێکی وەکو دایکی شێرزاد بگۆڕێ!*

نەتزانی چۆن هەر لەو کاتەدا وتەیێکی (ترۆتسکیت) وەک برووسکە بەمێشکدا هات وتێ پەڕی!؟ شۆڕشێکیان لەناوەوەت هەڵایساند، بەمست و پێ لەقە... بەکەللەی سەر، بەربوویتە دیوارەکانی ژووری زیندانەکەت، قەستت دەکرد دیوارە ئەستوورەکان بڕمێنی و بکەویتە نێو دنیا... دەنگ و ڕەنگی ئەو خوێن و فرمێسکانە کۆ بکەیتەوە!

وەک پڵنگێکی یەخسیر کرا و چەرخت دەدا، بەرۆخ لا دیوارەکاندا دەسووڕایەوە، لەگەڵ خۆتدا وتەکەی ئەو پیاوە سەر گەرمەت دووبارە دەکردەوە: *«ئەو کەسەی لەم*





*سەدەی بیستەمەدا ئاسوودەیی گەرەک بێ، ئەوە بەهەڵە لەم سەدەیەدا لە دایک بووە!»*

هەتا ماندوو بووی عارەقەی ڕەشت ڕشت، لەنێو ژووری زیندان وەردەچەرخایەوە، ئەمجارە سەرت بەرز کردەوە بەسەر ئەو ڕستە نووسینانەی سەر دیوارەکاندا چوویتەوە، کە سۆز و هەست و سەرنجی... کە ئاواتی دەیان و سەردانی وەک تۆی دەنواند، ئەوانەی لە کاروانی سەخت و پڕ شانازیی ژیاندا وەکو قۆناخێک لەم ژوورەدا کۆچباریان کردۆتەوە و، جێ پەنجەی خۆیان بەسەر دیوارەکانی بەجێ هێشتووە... سەیرێکی زنجیرەکەی مەچەکت کردەوە، هەوڵت دا بەسووچە تیژەکانی... بەپانایی دیوارەکانی وشە پیرۆزەکە هەڵکەنی، گوڕت دایە خۆت، یەکێک لە ئەڵقەکانت هەڵبژارد... بەپەنجەکانی هەردوو دەستت بەرزت کردەوە، وشەی (سەرکەوتن) ت نووسی، ڕەشایی دیوارەکان و ناو جەرگی شەوی زیندانت پێ سپی کردەوە، ئینجا دوو هەنگاو لە دیوارەکە دوورکەوتییەوە، چاوت بڕینەوە وشەکە، چەند جارێک بەدەنگ بەسەریدا هاتییەوە، هێمناییێک باڵی بەسەردا کێشایەوە، ئەو ناهومێدییەی وەک (بندۆک) لەناوەوەت نیشتبوو، پەرت و بڵاوبوونەوە، لەشت سووک بوو، خوێن هوروژمن بۆ دڵت... بۆ چاوت... بۆ ڕووت... بۆ گەرووت هێنا، ڕات کردە لای کولانکەی دەرگا ئاسنینەکە... سەرت بەکولانکەکەوە نا، بەهەموو هێزت... بانگی سەرکەوتنت ڕاهێشت، دەنگت لەناو هەموو بەندیخانە گەورەکەدا دەنگی دەدایەوە، زیندانییەکانی ناو ژوورەکانی بەندیخانە بانگەکەیان دووبارە دەکردەوە:

- *سەرکەوتن... سەرکەوتن.*

دنیای بەندیخانەکەی دەهەژاندەوە، وەک تیشکی لیزەر دەرودیواری بڵند و تێلدڕی بەندیخانەی دەبڕین... دەیسمین، ئاودیوی دەرەوە دەبوون...

- *سەرکەوتن... سەرکەوتن... سەرکەوتن.*

خەویان لە جەللادەکان دەزڕاند، گوێت لە ڕمبەی پۆستاڵەکانیان دەبوو... تێک دەقرژقرژان، وەک ئامێر و، گێژانە بەنێو حەوشەو ناو داڵانە تەنگەبەر و تاریکەکانی بەندیخانە دەسووڕانەوە، وەکو ئەو وشە پیرۆزە، فرمانی لاڵ و مێشکی وڕ و کاس کردین! پێت سەیر بوو جەللادەکان لەگەڵ ئەو بانگەدا وەها سەربان لێ بشوێ؛ بەڵام بۆچ سەیر بێ... ئەمانە ئەو گورگانەن، کە یوسفیان خوارد، ئەوانەن لەم سەدە سڕ و نووستوەماندا خوێنی ڕەشەکانی ئەفریقیا... سوورەکانی ئەمریکا... زەردەکانی ڕۆژهەڵات، خوێنی چەوساوەکانی هەموو دنیا دەمژن و دەڕێژن.

ئەمانە بەشێکن لەوانەی لە سەرووی ئەم زەمینە بریندار و، کەس کوژراوان... لە

ڕاست زۆڵم و چەوساندنەوە و زۆرداری خۆیان کەڕ و کوێر دەکەن، تەنانەت دەنگی گرمەی ناپاڵم... بۆمبای ژەهراوی... تەقینەوەی ترسنا کترین چەک نایانجووڵێنێ؛ بەڵام ئاستی سەرکەوتنی چەوساوەکان لە ئاست بانگی شۆڕش و سەرکەوتن دەتۆقن... ئۆقرەیان لێ هەڵدەگیرێ... گێژوگیر و کەڕوکاس دەبن، ئەمانەن بەفرمێسک و خوێنی ئینسانییەت دەژین و، دەزانن کە ئەو خوێن و فرمێسکانە چک بوون... ژیانی ئەوانیش وشک و چک دەبێ... دەزانن کە ئەو خوێن و فرمێسکانە هەڵچوون، دەبنە تۆفانێک... دوارۆژی تاڵ و چارەنووسی ڕەشیان دەنەخشێنێ.

***

دوێنی هەر کە فرمانی ئیعدام کردنیان خوێندبیەوە دوا داوات بینینی دایکت بوو؛ بەڵام پێش ئەوەی ئەم داوایەت ئاشکرا بکەی ئەوان پێیان گوتی:

– خەبەرمان بەدایکت داوە.

(ئێستا ) کەوا بەمەزەندەی خۆت کات لە دەوروبەری خۆرئاوا و ئێوارەیە و، تۆش کەمتر لە دوازدە سەعاتت لە ژیاندا ماون، پاش دوازدە سەعاتی دی، واتە لە ناوەندی جەرگی ڕەشی شەودا فەرمانەکە جێبەجێ دەکەن.

ئێستا بەراوردێ لەگەڵ خۆتدا دەکەی:

ئەگەر دوێنی خەبەرەکەیان بەدایکت گەیاند بێ، ئەوا ئەمڕۆ بەیانیی زوو زوو لە گەراجدا چاوەڕیی کردووە، ڕێیەکە زۆر دوور نییە، لە کەرکووکەوە بۆ هەولێر، هەر سەعات و نیوێک دەبێ، لە هەولێریشەوە بۆ ئێرە هەشتاو چەند کیلۆ مەترێکە... یا بڵێی ئەمەشیان سەعات و نیوێکی دیکە، بەم پێیە هەموو ڕێگاکە دەکاتە سێ سەعات، لێرەشدا سەعاتێک... دوو سەعات کەشمە کەش و جنێو و سووککردن و گاڵتە و ئەمسەر و ئەوسەری پێ دەکەن، ئەنجام هەر چۆنێک بێ، بەهەموو لێکدانەوە و حیسابێک دەبێ دەوروبەری نیوەڕۆی ئەمڕۆ گەیشتبێتە ئێرە، کەچی ئەوا شەو داهات و، ئەو هەر نەهات!؟ نازانم بۆ وەها دواکەوت ؟! بشێ هەواڵیان پێ نەدابێ؟ باوەڕ ناکەم... نا... نا لەوەتەی لێرەدام هەروەهام زانیوە، کە کەسوکاری ئەوانەی ئیعدام دەکرێن هەواڵیان پێداون! ئەدی بۆ هەر نەگەیشت؟! بشێ موقەدەرێک نەهاتبێتە ڕێگای؟!! حیسابی ئەوەش، کە چەند سەعاتێک لە کاتی جێبەجێکردنی فەرمانەکە پێش بخەن... بۆچ نا ؟

گەلێک جار شتی وەهایان کردووە، کامەرانی بەستەزمان نەک تەنها کاتی جێ بەجێ کردنی ئیعدامکەیان چوار سەعات پێش خست؛ بەڵکو چوار ساڵیش تەمەنیان لە





دەفتەر نفووسەکەیدا پێ بەخشی!؟ کلۆڵە منداڵێکی چواردە ساڵان بوو، بەپێی یاسای فاشیستەکانیش نابوایە ئیعدام بکرێ؛ کەچی ئەوان لە ساڵنامەکەیدا چوار ساڵ تەمەنیان درێژ کرد!! کردیانە هەژدە ساڵ... کردیانە لاوێکی هەژدە ساڵان! جگە لەوەیش دەبوایە سەعات دوازدەی شەو ئیعدامی بکەن... ئەوان لێی بەپەلە بوون، دەیانەویست زوو بیکوژن! چوار سەعاتیان لەمەودایەکە لێ خوارد و، سەعات هەشت ژیانیان لێ زەوت کرد... سەرم لەوە دەرنەچوو، بۆچ وەها لەو منداڵە بەپەلە بوون؟ وەکو بەکوشتنی ئەو... بەوشک کردنی خوێنی لەشی ئەو، ئیتر خوێن لە لەشی ئەم میللەتە چک و وشک ببێ! هە... هە... چۆن سەیر نییە؟! ئەم منداڵە کوژراوە خۆیشی نەیدەزانی لەسەر چی دەیکوژن! بەستەزمانە ئەوەندە عەزاب و جەزرەبەیان دابوو، وای لێهات بوو هەر تەنیا لە پێناوی ئەوەی ئیتر ئازاری نەدەن، هەرچییەکی جەللادەکان پێیان دەگوت، ئەو دەیگوت وایە!

هەر کردەوەیێکی دژی حکومەتیان... دژی فاشیستەکانیان دەدایە پاڵ ئەو دەیگوت:

–*ڕاستە... من کردوومە!*

لە ژووری بەندیخانەیش، لەنێو هاوڕێکانیدا گوتبووی:

– *خۆیشم لە خۆم کەوتبوومە گومانەوە! وامدەزانی ئەوەی ئەوان دەیڵێن ڕاستە و من کردوومە!*

لە پاشانیشدا هەناسەیێکی ساردی هەڵدەکێشا و لەبەرخۆیەوە دەیگوت:

– *بەڵام ئەگەر لە ڕاستیش لام نەدابایەو، بمگوتایە بەخودا من بەریم...*

*وەڵڵاهی ئاگام لە هیچ شتێک نییە و... ئەو کردەوانە کردنەوەی من نین...*

*هەر یەک حیساب بوو، ئەوەندە هەیە پتر ئازاریان پێ دەگەیاندم، پتر لەشیان داخ دەکردم... لە ئەنجامیش لەژێر حەیزەران و قامچیدا دەیانکووشتم.*

کامەران... بەهاوڕێ زیندانییەکەی گرتبوو:

– *خۆ قالەش وەکو من بوو... هاوتەمەن و هاو پۆلیش بووین، ئەو نەیدەویست وەکو من بوختان بەخۆی بکا... هەر هاواری دەکرد!*

– *نا... نا... وانەبوو، وانییە،.*

– *من ئاگام لێ نییە.*

هەتا بەزیندوویی کەوڵیان کرد و، لەژێر زەبری سۆندە و بەکارەبا و گاز لێگرتن... لەژێر پۆستاڵ پانیان کردەوە و گیانیان دەرکێشا.

کاتێ ئەو وێنانەت دەهاتنەوە بەرچاو و لە مێشکتدا سەریان دەکرد... مام پیرۆتی ئیعدام کراوت لێ زیندوو دەبووەوە، ئەو پیرەمێردە هەتا ئەو شەوەی کوشتییان، کەس و کارێکی بۆ دیدەنی نەهات! وەکو کەسێکی نەبێ... یان کەسو کاری بەس ەر و شوێنی نەزانن؛ بەڵام بۆچ وا نەبێ؟!

هەزاران کەس لەم وڵاتەدا ون بوون... لەپڕ بێ سەروشوێن نەبوون و، تا ئێستایش کەسێک بەچارەنووسیان نازانێ؟.

ئۆهـ... ئەی وڵاتی خوێن و گڕ... ئەی وڵاتی ئەشکەنجە و فرمێسک، بەگڕ و خوێن نەبێ بتەکان ناسووتێن و نابنەوە خۆڵەمیش، بەگڕ و خوێن نەبێ، شەبەقی ڕۆژی تازە ناپشکوێ... شەوی ئەستووری فاشیستەکان ناڕەوێتەوە... سەگە هارەکان لە وەڕین و دڕین ناکەون و، ڕێگای کاروانی سەرکەوتن نابێتەوە.

مام پیرۆت لە سەرەتای گرتنەکەیدا... لەگەڵ تۆ و فەرەیدون و شێرزادی هاوڕێت لە ژووری حەپسخانە تەنگە بەرەکە پێکەوە بوون، پیاوێکی پیری هەفتا ساڵە بوو، ئەو دەیگوت:

*- کاتێ گوندەکەیان داگیر و، ماڵیان تاڵان کرد، خەڵکەکەیان لە گوند وەدەرنا و، عارەبیان لە بیابانەکانی خوارەوە هێنا بوو، لەناوماڵەکانی گوند جێنشینیان کردن، ئێمەیش بەخاو و خێزانەوە... بەجلکی بەرمانەوە دەربەدەر کراین، خاوەنە تازەکەی خانوو و ماڵەکەی من، لەنێو کەلوپەلی ماڵە زەوتکراوەکەمدا، تفەنگێکی ڕەشکەی زەمانی عوسمانلی دەدۆزێتەوە، یا بۆ... خەبەری ئەو ئۆردووگای لەشکرەی دابوو، کە بۆ دەربەدەرکردنی ئێمە و، پاراستنی ئەوان لە ئاقاری گوند هەڵی دابوو... نیمچە لەشکرێک کەوتە شوێنم. لەوبەری زێ، لەنێو کەپرەکەم پەلاماریان دام و دەستگیریان کردم، مام پیروت دەیگوت:*

*- ڕاستە تفەنگەکە هی باوکم بوو، هەر وەکو یادگارێکی ئەو هەڵم گرتبوو، دەنا هەرگیز بۆ بەکارهێنان دەستی نەدەدا و، تەنانەت چۆلەکەیەکیشی نەدەپێکا؛ بەڵام فەرماندەی ئۆردووگاکە دەیگوت:*

*ئەمە تفەنگە و... تنەنگیش بۆ ئێوە قەدەغەیە.*

هەر چەندی کردم... پاڕامەوە دادێکی نەدا و، بەتێلا و شەق و زللە هەموو لەشیان گرواندووم و لەدوایشدا ئاوقای بەندیخانە کرام!

مام پیرۆت لەگەڵ ئەو هەموو ئازارەی چێشتبووی، هێشتا لەسەرخۆ و بەئارام بوو،





هەر جارەی باسی خۆی دەگێڕایەوە دەیگوت:

- گوندەکە یئێمە، کە ئێستا زەوت کراوە و بیانی لەنێودا جێگربوون، لەم بەرەی زێی گچکە بوو، دەکەوتە دەرەوەی ئەو ناوچەیەی پێی دەڵێن حوکمی زاتی، دڵم بەوەخۆش بوو، کە مادام خەڵکی حوکمی زاتی نیم، ئەوا لە مەحکەمە حوکمێکی سووک وەردەگرم؛ بەڵام فرماندەر و حاکمەکان پێیان گوتم:

- نەخێر تۆ کوردی، لە ناوچەی حوکمی زاتیش دەستگیربووی، ئەوەی خڵکی حوکمی زاتی بێ و، تفەنگی هەبێ.. حوکمی ئیعدامە!!

مام پیرۆت پێش ئەوەی حوکمی مەحکەمەی بۆدەرچێ... ماوەیەک لەبەندیخانە... لە ژوورەکەی تۆدا بوو... زۆربەی درەنگ شەوان جەللادەکان ناوی ئەویان دەخوێندەوە و، ڕەکێشی قەسابخانەکەیان دەکرد و... پاش نیوسەعاتێک بەبێ هۆش دەیان هێنایەوە و، کەلاکەکەیان دەهاوێشتەوە ناوتانەوە! کاتێ بەهۆش خۆشی دەهاتەوە، بزەکەی لەسەرلێو دەنیشتەوەو بانگی دەکرد!

- *هەر خودا... هەر خودا.*

چاوی بەرووی ئێوە زیندانییەکان دەگێڕا و دەیگوت:

- *ئای... ئینسان چەند قایمە!! ئیمشەو بەپانکەی بانەکەوە هەڵیانواسیم..*

- *ئیمشەو وایەری کارەبایان خستەملم!*

- *ئیمشەو کەوڵی پشتیان ئوتووکردم!*

- *ئیمشەو بەگازنینۆکیان هەڵکێشاوم!*

پەنجەکانی دەستی مام پیرۆت هەمیشە ئاوساو و، وجک پەنجەی لاوێکی هەژدە ساڵان سوور هەڵگەڕابوون، کەچی پیاوێکی خۆلەبەرگربوو ،هەربانگی خودای دەکرد و، لەنێوتەمی خەندەباییەکەیەوە دەیگوت:

- *دەزانم دەمکوژن؛ بەڵام بۆچ بەم چەرمەسەرییە؟!*

- *لە کام دین و لە کام زەمان خەڵکیان وەها کوشتووە؟*

پەنجەی بۆ لای ئێمە درێژ دەکرد و دەیپرسی:

- *کافریش بەم ڕەنگە کوژراون... ها؟!*

لە پاشدان بزەی سەر لێوەکانی گەورەتر دەبوو، کە دەیگوت:

*- چوار کوڕ و، حەوت نەوەم پێشمەرگەن!*

*- قەیناکا ئەگەر خوداش ئەم زوڵمە قبووڵ بکا... بەندەکانی خودا قبووڵی ناکەن... ئەم کوڕانەم خوێنم بەفیڕۆ نادەن.*

مام پیرۆت لە مردن نەدەترسا، ئەویش وەکو ئێستای تۆ لە مردن نەدەترسا و دەیگوت:

*- خوێنی من پیرە، زوو وشک دەبێتەوە؛ بەڵام خوێنی ئەو هەموو ساوا و منداڵ و کچ و کوڕ و ژن و پیاوە، ئەوانەی لە چوار قوڕنەی وڵات خوێنیان بەناهەق ڕژاوە... مەگەر تۆڵە وشکی بکاتەوە.*

هەروەها دەیگوت:

*- لەو ڕۆژە ڕەشانەدا... لەتاو ڕاووڕووت و کوشتن و بڕین، زۆر خێزان تەنانەت منداڵەکانیشیان لێ ون بوون و، لەنێو پەرێز و کەند و دۆڵ و بان بەئاگری تەیارە و ناپاڵم سووتان، بەشێکی خەڵکەکەش خۆیان بەزێ دادا و، گەلێکیان ئاوی هاری زێیەکە هەڵی لووشین.*

مام پیرۆت ئەم مردنانەی دیبوون، لە مردن نەدەترسا، لەبەر ئەوە لەنێو ئازار و ژانەکانیشیدا بزەی لەسەر لێو نەدەکوژایەوە، لەوە دڵنیابوو، کە خوێنی بەناهەق ڕژاو بەفیڕۆ ناچێ.

ئەو ڕۆژەی خەبەری ئیعدامکردنی مام پیرۆتت پێ گەیشت، تۆ لە حەپسخانە تەنگەبەرەکە بووی، هەموو هاوڕێکانت بەخەبەرەکە دڵتەنگ بوون و! بەسەرسامی و بەیەک دەنگ بانگیان کرد:

*- پیری هەفتا ساڵە و... ئیعدام کردن؟!*

بەڵام بەلای تۆوە ئەوەیش سەیر و جێگای سەرسوڕمان نەبوو!

مام پیرۆتیش وەکو (کامەران) و (قالە)، وەکو ئەم دوو منداڵە کوژراوە، ساڵنامەکەیان بۆ نوێ کرد بووەوە! بەڵام هی ئەو بەپێچەوانەی ئەم دوو منداڵە، کە هەریەکەیان چەند ساڵێک تەمەنیان پێ بەخشیبوون، هی مام پیرۆت، چۆن ماڵ و موڵک و خانووەکەیان زەوت کرد بوو، ئەم جارە تەنها بیست و یەک ساڵیان لە تەمەنی دزی، چونکە جەللادەکان دەیانویست زوو ئەم پیاوە پیرەش بکوژن، بەدزینی تەمەنی ئەو پیرەمێردەش تاوانەکە بەپێ ی یاسا جێبەجێ کرا.

بۆ پێت سەیرێی؟! تۆ ئەوە باش دەزانی، کە هەمووشتێک لە جەللادە فاشیستەکان





دەوەشێتەوە... هیچ دوور نییە ئاگاداری دایکیان نەکرد بێ... دەنا ئەوەندە گیر نەدەبوو.

ئیمشەو لەدوا قۆناخدا... لەنگەر لەدوا قۆناخی بوونت دەبەستی، بۆ یەکجاری ئارام دەگری، ئێستایش مردن بۆ تۆ هیچ ناگەیەنێ، وەکو چۆن بەدرێژایی تەمەنی ڕابردووت هەرگیز لە مردن نەترساوی، ئێستا ئەگەر تارمایی ترسێکیش خۆی لە گیانت هەڵسوی تەنها دڵی دایکتە، لەدڵی دایکت دەترسی، لە ملایەشەوە ناحەقت نییە، تۆ بەشێکی لەو دایکە و، دڵێ دایکیش شتێکی سەیرە، کاتێ بەیەکجاری لەو بەشەت جودا دەبیتەوە، تەنانەت بۆ دواجاریش ناتوانی بتبیننەوە، ئاخۆ ئەو دڵەی چۆن لێ بدا؟

سۆزی دایکێتی لەگەڵ هەست و سۆزێکی دی بەراورد ناکرێ، هەموو فەیلەسوف و نووسەرەکان، تەمەنی ئەم عالەمە نەیانتوانیوە لەو دڵە بگەن، لە دڵی دایک، خۆشت ئەوە چاک دەزانی، ئەو ڕۆژەت هەر لەبیرە... ئەو ڕۆژەی شەش حەوت ساڵ لەمەوبەر چووبوویت لەسەر بەردێکی بڵند وەستا بووی و، وتارت بۆ هاوڕێکانت دەدا، بڕیار و پلانەکانی سەرکردایەتیت پێ ڕادەگەیاندن، وتووێژ و موناقشەتان لەسەر دەکردن، بیروڕاتان لە بارەیانەوە ئاڵوگۆڕ دەکردن، زستانە ڕۆژێکی تووش بوو، بەفر زەوی لە بەرگێکی سپی پۆشیبوو، لە ئەنجامدا بیروڕاتان کردەیەک و، ئەوە بوو تۆیش بەدەنگێکی بەرز پێت گوتن:

*- کوڕینە ڕاستە هەمووتان کوڕی دایک و باوکی خۆتانن، زۆربەتان بەناز و نیعمەت پەروەردە کراون، بەخۆشی و شەرافەتمەندانە ژیانتان دەگوزەراند و، خۆشەویستی دایک و باوک و کەس و کارتانن؛ بەڵام دەبێ ئەوەش بزانن، کە ئێمە لێرەدا، لەنێو ئەم شاخانەدا، لە دوای ئەو تاقیکردنەوە توند و دژوارانە هەندێک فام و بیری دیمان لا دروست بوو، فام و بیروباوەڕی وەها، کە جیاوازییێکی زۆریان لەگەڵ ئەو ژیانە و، ئەو پەروەردە و ئەو ڕێنماییانە هەیە، کە لە ماڵی خۆتان، لە باوەشی دایک و باوک و خزم و خۆشەویستەکانیان هەڵتان گرتووە و، فێری بووین و، لێی ڕاهاتووین، هەموومان ئەوە دەزانین، ئێمە کە لێرەین، لە پێناوی (مان)دا لە پێناوی بوون و نەبوونی خۆماندا وەکو ئینسان، وەکو میللەتێکی زۆرلێکراو... حەقخورا و تێدەکۆشین، ئێمە بۆ پیاوکوژی و بۆ وێرانکاری ڕوومان نەکردۆتە ئەم شاخ و بیابانانە؛ بەشکەم بۆ ئەوە دەستمان داوەتە چەک، کە بەربەرکانیی دژی پیاوکوژی و وێرانکاری بکەین و، دوایی بەو زۆر و ستەم و خوێنڕێژییە بهێنین، کە ساڵەهای ساڵە دوژمنەکانمان دژی میللەتەکەمانی بەکاردێنن، ئێمە بەئارەزووی خراپەکاری ملمان نەداوەتە ژێر ئەم بارە گرانە، هەروەها بۆ هەوەس و ڕاوەکەو و سوسکەش چەکمان هەڵنەگرتووە، ئێمە لەتاو ئابڕوو و نامووسی

خۆمان... بۆ پاراستنی ئینسانیەتمان، بۆ ڕزگارکردنی خاک و خۆمان لە دەست دڕندە فاشیستەکان ئەم ڕێگایەمان هەڵبژاردووە، ئەو فاشیستە پیاوکوژانەی لە سەدان کیلۆمەتر دوورەوە، پڕ چەک و تفاق، بێ بەزەییانە هەڵیان کوتاوەتە سەرمان و، دەیانەوێ بەزەبری زۆری زۆردار... بەئاگار و ئاسن، سەرمان پێ شۆڕ بکەن... ماڵمان تاڵان و ئابڕوومان ببەن، پیاوەتی و ئینسانیەتمان لێ زەوت بکەن، هاتوون بەزەبری تۆپ و تەیارە و ناپاڵم لەناومان ببەن و تەفروتونامان بکەن.

ئێمە لە پێناو ڕەتکردنەوە و بەرپەرچدانەوەی هێرشی ئەو دوژمنە بێ ڕەحمە، ئەو دوژمنە بەدخوو و دڕندەیەی دەیان گوندی ئێمەیان وێران و زەوت کردووە، بەهەزاران مەزرا و باخ و کێڵگەیان لێ تێک داوین و، خاوەنەکانیان لێ وەدەرناون و دەربەدەریان کردوون... بیگانەیان لە ناودا جێنشین کردووە، ئەو دوژمنەی دەیەوێ میللەتەکەمان لە ڕەگەوە هەڵبکێشێ و لەناوی ببا... زمانی زگماکیان لێ قەدەغە کردووین... سەدان لاوی بێ تاوانی گەلەکەی ئێمەیان لە دار داوە و، بەهەزارانیان تا ئێستاش لە بەندیخانەکاندا دەتلێنەوە... یان بۆ جێگا و شوێنی نادیار بەڕێ کراون و، بێ سەر و شوێنیان کردوون، سەدان قوتابخانەیان لێ داخستووین و قوتابییەکانمان ڕاودەنێن و، بەوەندەش نەوەستاوە ئەوا بەچاوی خۆتان دەبینن... تەنانەت لە چیاکانیش... لە دۆڵ و دەشتو بیابانەکانیش... لەناو جەرگی دایکی خۆمان ڕاومان دەنێن... کردوویانین بەهیندیی سوور و وەک ئەمریکییە داگیرکەرەکان ڕەفتارمان لەگەڵدا دەکەن، وەک ئەوەی ئەوان لەگەڵ ئەو هیندییانەیان کردووە... دەیانەوێ لە کۆشی دایکی ئەبەدیمان بێ بەشمان بکەن و بەناهەق لەناومان ببەن! بەڵام بۆچ؟ بۆچ وەها دەکەن؟ وەڵامی ئەم پرسیارەش ڕووبەڕووی خۆتان دەکەمەوە...

– بۆچ؟... بۆچ... بۆچ وەها دەکەن؟!

– کوڕینە... ئێستا دەبێ ئێمە هەڵوێستمان چۆن بێ؟!

چ بکەین بۆ بەرگری لە بەرامبەر ئەو دوژمنە خوێنخۆرە... بۆ پاراستنی خاک و شەرەفمان، دەبێ ڕێگا نەدەین ئەو دوژمنە بەدفەڕە پتر پێ بنێتە ناو جەرگی وڵاتمان... دەبێ ئەو پێیەی پەل دەین، کە دەیەوێ سەری ئێمەی پێ پان بکاتەوە، دەبێ هەموو هەقێکی زەوتکراوی خۆمانی لێ وەربگرینەوە.

براینە... ئەوە دەزانن، کە ئەو دوژمنەمان بەهەموو توانایەکی هەیەتی دەمانکوژێ، لەنێومان دەبا، دەبێ پێش ئەوەی ئەو بەناهەق بمانکوژێ، ئێمە بەهەق بیانکوژین... چەکەکانیان لێ بستێنین، هەروەها نان و خواردن و ئەتفاقەی بۆ شەڕی ئێمە دایانناوە و





دایانکردووە، ئێمە پشت بەخۆمان و بەیارمەتیی هاوڵاتییە چەوساوە زۆر لێکراوەکانمان بەستووە، بڕواییمان بەهەقی خۆمان و بەمیللەتەکەمان هەیە، ئێمە پشتمان بەهەقی خۆمان قایمە... ئەوان پشت بەچەک و تفاق و پلانی ئیمپریالیستەکان دەبەستن، بڕواییان بەو تین و توانایە هەیە، کە ئیمپریالیستەکان پێیان دەبەخشن، لەبەر ئەوە هەر ئێمە سەرکەوتووین و لە ئەنجامدا هەر ئەوان بەزیوو سەرشۆڕ دەبن.

دەبێ هەمیشە بەزەیی و میهرەبانی و پیاوەتی و ئینسانییەت لەو دوژمنە چاوەڕوان نەکەین، بەچاوی خۆتان بینیتان لە هێرشەکانی سەر کەرکووک... دەشتی هەولێر و دوویز و کۆیە و بادینان و هەموو ناوچەکانی کوردستان، چ جۆرە خوێنڕێژییێکیان کرد! چ ماڵوێرانییێکیان تووشی خەڵکەکە کرد.

چ تاوانێکیان بەرامبەر بەمیللەتەکەمان کرد، کە لە هەموو مێژووی ئینسانییەت ئەم تەرحە تاوان و دڕندەییە نەکراوە، کەواتە دەبێ ئێوەش بەزەییتان پێیان نەیەتەوە، ڕەحمیان پێ نەکەن، بەحەق بەرگری لە خۆتان و لە وڵاتەکەتان بکەن... دووبارە دەیڵێمەوە، کە دەبێ ئەوەی سۆز و بەزەیی هەیە لە مێشک و دەروونتان... لە هەستتانا بیمەیێنن، چۆن ئەوان ئێمە بەیاخی بوو دەزانن، هەر یەکێکمان دەستگیر بکەن یەکسەر دەیکوژن، دەبێ ئێمەیش ئەوان بەداگیرکەر بزانین و، بزانین کە چۆن وەڵامی ئەو کردەوە و تاوانە دڕندانەیان دەدەینەوە، دەبێ ئەوە بزانن، کە ئێمە شەڕی پارتیزانی دەکەین، چ بەندیخانە و جێگامان نییە دەستگیری تێدا بەند بکەین... یان وەک باروتە ڕایبگرین... ڕەوشتی ئەمڕۆی ئێمە بەنا بەجێی دەزانێ ئەگەر دوژمن دەستگیر بوو بەرەڵڵای بکەین؛ چونکە ئەو دوژمنە جارێکی دیکە بۆمان دێتەوە مەیدان و، دڕندانەتر پەلاماری گیانمان دەداتەوە، جگە لەوەیش نانمان نییە بەخێویان بکەین؛ چونکە هەر ئەو دوژمنە خۆی پارووی نانیشی لە گەرووی میللەتەکەمان کێشاوەتەوە و، قەسدی ئەوە دەکا لە برسانا بمانکوژێ.

ئێمە لەسەر زەویی باب و باپیرانمان داین... ئەوان بۆمان دێن و بەئاگر و ئاسن هێرشمان دەکەنە سەر، زەوی لەژێر پێماندا دەتەقێنن لە ئاسمانیش مردنمان بەسەردار دەبارێنن... تۆڵەی خوێنی میللەتەکەمان بەئەستۆمانەوەیە، ئەو منداڵ و ژن و پیر و باوک دایکانەمان، کە لەژێر پۆستاڵی ئەو دوژمنە پلیشاوەتەوە... داوای تۆڵە دەکەن... تۆڵە... تۆڵە.

پاش ماوەیەک کڕی و هەناسە خواردنەوەییێک بانگت کردەوە:

– ئێستایش دەمەوێ (دە کەسێک) خۆی هەڵبژێرێ، هەتا کاری ئێمشەومان

*بەئەنجام بگەیەنین.*

ئێوە چل پەنجا کەسێک بوون، هەموویان هەر دەستیان بەرز کردەوە، هەر یەکەتان بانگی دەکرد:

– *من... من... من.*

چونکە ئەو تەنیا (١٠) کەسی گەرەک بوو، هەر چل پەنجا کەس، بەگەرمی بەرەو پیری فرمانەکەوە هاتنە پێش... ناچار بووی خۆت دە کەسەکە هەڵبژێری.

دە کەسەکەت دیار کردن... هەر بۆ ئەوەی دڵی ئەوانی دی نەیەشێ... هەستیان بریندار نەکەی، ئەوانیش بەسەر سێ قۆڵ دابەش کردن، بۆ ئەوەی ڕێگای کشانەوەتان بۆ خۆش بکەن، هەر قۆڵە لە دووریی پێنج شەش کیلو مەترێک لە قۆڵەکەی دیکە داتمەزراندن، کاتێ لەگەڵ دە کەسەکە خەریکی لێکۆڵینەوەی چۆنێتی فرمانەکە و نەخشەدانان بوون... بۆ جێبەجێکردنی، دڵشاد لێت ڕاپەڕی... بەتوندی دەنگی بەرز کردەوە و پێی گوتی:

– *بۆ من نابەی... بۆچ؟*

بەگلەییو نیمچە تووڕەییێکەوە پرسی:

– *تاکەی بەمنداڵم دەژمێری؟*

– *نا... نا... بەمنداڵت نازانم، ئەم جۆرە کارانە پەیوەندییان بەگەورەیی و بچووکییەوە نییە.*

ئەوها وەڵامی دڵشادت دایەوە و، لە سەرخۆ بۆ دڵدانەوەی دڵسۆزانە پێت گوت:

– *پەلە مەکە... دڵشاد، بۆ فرمانی قورستر هەڵمبژاردووی.*

بەم قسانەت... وەکو خوێنی هەڵچوو بێ... پتر دەنگی بەسەرتدا هەڵبڕی و بانگی کردەوە:

– *چاوەڕێ کردن... هێزی لێ بڕیوم.*

– *پێت خۆش بێ... یان ناخۆش، دەبێ ئەمجارەیان منیش ببەی.*

تفەنگەکەی بەرز کردەوە کە دەیگوت:

– *عەیب نییە ئەم شەش حەوت مانگە، ئەم تفەنگە نایابەم بەدەستەوەیە و، هەر بۆ ڕاوە چۆلەکە بەکاری بێنم؟!*

دڵشاد پاش ئەم قسانەی، بەتوندی تفەنگەکەی بۆ درێژ کردی و پێی گوتی:

– *ئەگەر هەر سووریش بی لەسەر ئەوەی کە لە بەشداربوونی فرمانی ئەم شەوەتان بێ*





*بەریم بکەن... فەرموو ئەوە تفەنگەکە.*

بەجۆرێک تفەنگەکەی لێ نزیک کردیەوە، ئەگەر خۆت وەلا نەختستبا بەڕوخسارت دەکەوت.

تۆش بێدەنگ بووی... لە مێشکی خۆتدا... لە وشەیێک دەگەڕای هەندێک لە تووڕەیی و خوێن گەرمییەکەی دڵشادی پێ کەمتر و سارد بکەیتەوە؛ کەچی هیچ وشەیێکت لە ئاستی باوەڕی و... بڕیارەکەی ئەودا نەدۆزییەوە، ناچاربووی بەبێ دەنگییە بەداوا و بڕیارەکەی قایل بی.

لە ڕاستیدا تۆ دڵشادت بەمنداڵ دەزانی، هەرزەکارێک بوو، تەمەنی لە شازدە ساڵان تێپەڕی نەکرد بوو، تاقانەی دایک و باوکی بوو، ئەو دایک و باوکە دەیانپەرست، خەڵکی (ڕەحیم ئاوا) ی کەرکووک بوون، کاتێ فاشیستەکان ئەو گەدەکەیان وێران و بەبلدۆزەر و شۆفل ئەخت کرد و لەسە ڕووی شارەکەدا سڕیانەوە، ئەمان وەکو خەڵکەکەی دیکەی گەڕەک دەربەدەر و ئاوارە کران... تا لە چەمچەماڵ خۆیان گرتبوەوە... دڵشادیش لە دەست جەللادەکانی شارەکە قوتابخانەی بەجێ هێشتبوو، لە سەرەتادا کە خۆی گەیاندە ئێوە، کاری تەتەریت پێسپارد، لاوێکی زۆر چالاک و ژیر بوو، خوێن گەرم و دڵپاک بوو، جێگای ڕێز و بڕوایی هەمووتان بوو.

ڕێییەکەی ئەو شەوەتان دوور و سەخت و دژوار بوو... فرمانەکەش قورس و ناهەموار، هەموو پیاوێک بەرگەی نەدەگرت، دەبوایە دوو سەعات ڕێگا پتر بەناو جێ مۆڵگەی سەرباز و جاشخانەکاندا بڕۆن هەتا خۆتان دەگەیەننە بۆ ڕبییەکانی نەوت، کە دنیا تاریک بوو کەوتنە ڕێ، دڵشاد شارەزای ڕێگایەکە بوو، پێشتان کەوت، هەر چەندە بارەکەتان قورسیش بوو؛ بەڵام توانیتان بەوریایی، بەپێ دزە، وردە وردە ڕەبییەکانی عەسکەر و جاشەکان ببڕن و تێپەڕن، پاش نیوە شەوێکی تاریک گەیشتنە جێ مەبەست، بەگورجی لێی کەوتنە کار، بەدینامێت بۆڕییەکانت هەڵتەکاند، لەگەڵ گڕ و تەقینەوەی بۆڕییەکان... سوولیە ئاگر بەرەو ئاسمان هەڵچوو، ئەو شەوە تاریکەی کردە ڕۆژی ڕۆشن، دوژمن لێتان بەئاگا هات، لە هەموو لایەکتان لەناو ڕەبییەکان، لە کوونە جاشەکان بوو بەتەقە و دەستڕێژ، کەوتنە ناو ئاگر و گوللەبارانێکی چڕ و سەخت، لەگەڵ یەکەم دەستڕێژ... دڵشاد پێکرا، برینەکەی کاریگەر و کوشندە بوو، بەهەر جۆرێک بوو لەناو ئاگرباران و تەقە و دەستڕێژدا دڵشادتان هەڵگرت... بەرەو دوا کشانەوە. بەرەبەیان بوو، کە لەجێیی مەترسی دوورکەوتنەوە، لە مەزراییێک دڵشادتان لەسەر پشت درێژ کرد.

هەمووتان بەپەرۆشی و دڵ برینداربییەوە بەدەوریدا کۆبوونەوە، هێشتا گیانی لەبەردا مابوو، دڵشاد چاوی هەڵهێنان، یەکە یەکە سەیری هەموو هاوەڵەکانی کرد... بزەیەکی گەش لە سەرزاری هەڵنیشت... لێوی جووڵاندنەوە... دەیەویست قسەیێک بکا... چاوی پتر گەشکردنەوە، بزەکەی سەرزاری گەورەتر دەبوو و، لەگەڵ ئەو بزەیەدا بۆ یەکجاری چاوی لێکنانەوە.

سام و خەمێکی گران باڵی بەسەرتاندا گرت، بەکۆمەڵێک داخەوە... تەرمەکەتان هەڵگرت... پاش بەکۆمەڵێک داخەوە قەرمەکەتان هەڵگرت و کەوتنە ڕێ، پاش سەعات دەی بەیانی گەیشتنەوە بنکەکەتان.

هەمووتان کاس و بێدەنگ بوون، پاش ماوەیەک بێ دەنگی، هەندێکتان کەوتنە گوڕ، خەریک بوون «گۆڕێک» بۆ دڵشاد هەڵکەنن، لە دوورەوە هەندێک زەلام دەجووڵانەوە، ئێستر سوارێک بوو لەگەڵ دوو کەسی دی، بنار و بنار بەبەزایەکەوە بەرەو لای ئێرە سەردەکەوتن!، کە لە مەودای چاو نزیک بوونەوە بۆت دەرکەوت ئێستر سوارەکە ئافرەتێکە... ئافرەتێکی شارستانییە! دوو کەسەکەی دیکەیش لە هاوڕێیانی خۆتان بوون، کاتێ کاروانە بچکۆڵەکە گەیشتە بنکە و ئافرەتەکە دابەزی و ئێوەی بەو شێوە بینی، وەک ئەوەی دڵی خەبەری پێ دابێ، بەگورجی بەرەو لای ئێوە بەزی و، بەهەموو هێزییەوە قیژاندی:

– کوا دڵشاد؟!

ئێوەش لەگەڵ پرسیارە کتوپڕەکە و، دیمەن و چۆنێتی دایکەکە واقتان وڕما! زمانتان گرێدرا، ڕەنگتان هەڵبزرکا... هەموو سەرێکتان لێ تێکچوو!، کەسێکتان زاتی ئەوەی نەکرد، بەزمان، چ بەئیشارەت شتێک بڵێ!!، یان وەڵامێکی ئەو دایکە جگەرسووتاوە بداتەوە! ئەویش، کە ئێوەی وا بەپەشێوی بینی، شێتانە سەرپۆشەکەی تێهەڵدا، ڕای کردە سەر تەرمەکەی دڵشاد، کە بەکۆنە بەتانیەیەک داتان پۆشیبوو، پێش ئەوەی سەری هەڵداتەوە، دوو چەپەڵۆکی لە ڕووی خۆی گیر کردن، زریکەیەکی لێ هەڵستا، دەستی بەلاواندنەوە کرد، ئێوەش سەرسام دامابوون، بەوڕوگێژی، بەپەشۆکاوییەوە سەیری چۆنێتی دایکەکەتان دەکرد.

* دایکە کوڕە جوانە مەرگەکەی دەلاوێنێتەوە:

– ڕۆڵە، دەمزانی جارێکی دی ناتبینمەوە.

– کەسەکەم، پشتت شکاندم.





لەپڕ لای کردەوە، کە ئێوەی بینی دڵگیرترن، هەناسەیەکی ئاگرینی هەڵکێشا و، بەتەوسەوە پێی گوتن:

– ئافەرین بۆ ئێوە و، بۆ پیاوەتیتان.

– ئەرێ بەزەییتان پێی نەهاتەوە؟! دڵتان پێی نەسووتا... ها؟؟.

– ویژدانتان نەبوو؟ پیاوێکتان لەنێودا نەبوو پێی بڵێ:

«کوڕم، ئەتو هێشتا منداڵی؟!».

– هەی هاوار... هەی لە خۆم سەر بەقوڕ و، ماڵوێران و، زگ سووتاو!...

وەکو پڵینگی بێچوو فڕێنراو پەلاماری لای تەرمەکەی دایەوە، بەتانییەکەی لەسەر لادا، ئامێزی لە ملی کوڕەکە وەرهێنا، کەوتە مژین و لستنەوە سەر و ڕوو و جێ گوللەی سەر تەوێڵی، لەپاشان سەری بەرز کردەوە، دەست و پەنجەی خوێناوی لە ڕووی خۆی هەڵدەسوون و، لە ڕوومەتە زەردەکانی دڵشادی هەڵدەسوونەوە، بەسۆزێکی خوداوەندانەوە بەکوڕە جوانەمەرگەکەی هەڵدەگوت و دەیلاواندەوە.

ئێوەش... دەست و پێشتان وەک زمانتان لاڵ و گۆد ببوون، وەک پەیکەری بێ گیان لە جێگاکانتان لێی چەقیبوون!، سەرت لەوە سوڕمابوو، کە دەتدی ئەو هاوڕێیانەت، کە هەمیشە گاڵتەیان بەفرمێسک دەکرد، ئەوانیش لەگەڵ دایکی دڵشاد هۆن هۆن فرمێسکیان دادەباراند!

دایک بەجۆرێک کوڕەکەی دەلاواندەوە، دڵی بەردینی دەتواندەوە، خۆی بەسەر سینگی تەرمەکەی دادەدا، گاه ڕوومەتەکانی ماچ دەکردن، گاه گەردنی بۆن دەکرد، بەهەموو هێزیشیەوە بانگی دەکرد:

– کوڕم... دڵشاد، جەرگم دڵشاد...

وەک شێت لێ هاتبوو، تەکانی دەدا کوڕە شەهیدەکەی ڕاست بکاتەوە، بەیەکجاری ئاگای لەخۆ و، لە دنیای دەوروبەری و، لە ئێوەی سامگرتووش بڕا بوو، تەنانەت کە لەپڕ دوو فڕۆکەی «مێگ» وەک تیر ئاسمانیان شەقار کرد و، بەیەک دەستڕێژی شەست تیر دنیا سامگرتووەکەی شڵەقاند، ئەو ئاگای لەچ نەبوو، هەستی بەهیچ شتێ نەدەکرد، لەسەر تەرمەکەیدا خۆی نەجووڵاندەوە، تەیارەکان چەند جارێک ئەمسەر و ئەو سەریان کرد، ئینجا بەسارووخ تێتان بەربوون، مردنی لە نزیک هەر یەکێکیان دەڕشت، ئاگر و دووکەڵی لە دەورەتان بەرز دەکردەوە، هاوڕێکانت ڕاپەڕین، هەوڵی خۆ قایمکردنیان دەدا، تۆ و هاوڕێیەکیش بەگورجی لە دایکی دڵشاد ڕوو بوون، لەسەر تەرمەکەوە

هەڵتـــان گـــرت و، بەرەو کـــونە تەیارەیەک ڕاتان فـــڕاند؛ بەڵام پێش ئەوەی بگەنە پەناگەیەک، ئەو خۆی لە دەستـتـان ڕاپچکڕی و بەرەو لای تەرمەکە بەزیبیەوە، لەگەڵ هەنگاوێکیشی هاواری دەکرد:

– بڕۆن ترسنووکینە، بڕۆن هەی بێ وەفاینە، بڕۆن خۆتان بشارنەوە.

– من چۆن جگەرگۆشەکەم بەتەنیا جێ دەهێڵم.

ئەمجارەیان چوو لەسەرینگانی کوڕە شەهیدەکەی دانیشتەوە، سەری دڵشادی کێشایە سەر ڕانی و، دەستی بەلاواندنەوەی کردەوە.

تەیارەکانی دوژمن ئەوەی دەیانکرد ئەو کاتە دەیانکرد، بۆ ماوەی (٤٠) دەقیقە بەسەرتانەوە بوون، (٤٠) دەقیقە بەدەم ئاسانە، لەو ماوەیەدا بەبۆمبا و شەست تیر ئاگر و مردنیان دەڕشت، ئەو ناوەیان وەک هەلاج پەڕە کرد و، کردیان بەیەک پاچە ئاگر، دەرفەتی ئەوەتان بۆ نەمابووەوە جارێکی دی بەدوای دایکی دڵشاددا بچنەوە، تا لە پەناگەیەک بیپارێزن، تەیارەکان بۆ دواجار چەند سارووخ و بۆمبایەکی ناپاڵم و ئاگرپژێنیان بەسەرتاندا هاوێشت، ئەو ناوە بوو بەتەم تومان، ئاگر... دووکەڵ، لەنێو ئەو دۆزەخەدا هیچ شتێکیان بەدی نەدەکرد، دڵشاد و دایکی لەنێو ئاگر و دووکەڵدا بزر بوون، دۆزەخێک بوو کەوتبوونەوە ناویەوە، کاتتان لێ نەدەگوزەرا، کاتی تەیارەکانیش ئاسمان قووتی دان و ڕۆیشتن، ئێوەیان سپاردە هەوڵ و کۆششی یەئس ئامێزەوە، خوێنی گەشی دوو هاوڕێی بەجەرگت، کە باسک و ڕانیان ساچمەی سارووخی پێ کەوتبوو، سوورایی بەزەییەکەی بەردەمتان بەخشی بوو، لە کونە تەیارە و پەناگاکان هەڵستانەوە، بەبێ دەستی خۆتان... بەرەو لای تەرمەکەی دڵشاد و دایکە جەرگبڕاوەکە بەزین، کە نزیکبوونەوە هەمووتان لەیەک کاتدا، بت ئاسا وەستان، سامگرتوو گێژ و کاس سەیری دیمەنەکەتان دەکرد، ئاگری ناپاڵم و بۆمبا... بارانەکە لاشەی دڵشاد و دایکە کلۆڵەکەشی هەڵلووشی بوون، هەردووکیان ببوونە (قەرە برووت)، دوو کەللەسەری ڕەش هەڵگەڕا و، هەندێک ئێسقانی دەست و لوولاق، کە هەرگیز لێک جیا نەدەکرانەوە، ئاخۆ کامیان هی دایکە و، کامیان هی ڕۆڵەکەیەتی! هەردووکیان تێکەڵاو ببوون، ببوونەوە یەک، هێشتا دووکەڵ و بۆن کرووزیان لێ هەڵدەستا، ئەوەندەی بڵێی یەک و دوو، بەبێ ئەوەی نە تۆ، نە هاوەڵەکانی دیت دەم بجووڵێننەوە، نوتقێک بکەن، شتێک لەو کاتە چەقیوەدا بڵێن، هەر لەو شوێنەدا چاڵێکتان هەڵکەند و، بەناو جەرگی دایکی ئەزەلی سپاردەوە، هەندێک بەرد و خۆڵیشتان لەسەر گۆڕەکە کەڵەکە کرد، تاوەکو شێوەی نیمچە قەبرێکی وەرگرت.





هەر ئەو ڕۆژەیش بۆ ئێوارە، (بلەی خۆشنووس) بەخەتێکی جوان لەسەر تەختە بەردێکی پان و زلدا، هەندێک نووسینی هەڵکۆڵی و، لە شێوەی کێلێک لەسەرینگانی گۆڕکە دایچەقاند، چاک وەبیرت دێتەوە، مەعنای نووسینەکە گەلێک کاریگەر بوو، هەر ئەو شەوە لەبەرت کرد و، تا ئێستایش زۆربەی دێڕەکانی لەنێو شانە پڕ پێچوپەناکانی مێشکتدا نیشتوون... جێگیربوون، بەڕەوانی وەبیرت دێتەوە، کە نووسینەکە بەم سەرەتایە دەستی پێ دەکرد!

«ئێرە ئارامگەی سەختترین قۆناخی دوو مرۆڤی سەدەی بیستەمە... ئا لێرەدا، کوڕ و دایک بەیەکتری گەیشتنەوە، خۆلەمێشیان تێکەڵ بەیەکتری بوو... ئالێرەدا، دڵشاد گەیشتەوە ئامێزی دایکی... هەردووکیشیان لە کۆشی دایکی برینداردا چاوەڕێی تۆڵەن...

(هۆ کاکی ڕێبوار، کاتێ لە کاروانی ژیانتدا، بەئێرەدا گوزەر دەکەی و، چاوت بەم دێڕانە دەکەوێ، لەگەڵ فاتیحە خوێندن، سەر بۆ ژوور... ژوور... ژوورتر هەڵبڕە و، سەرت لێ نەشێوێ، تەکان بدە، بڕۆ ڕێ گۆڕی مەکە، دڵنیابە... ڕێگای کاروان بەرەو ئەو بەرزاییانە، لێرەوە تێدەپەڕێ».

لەدوای ئەم ڕووداوەش، هەر یەک دوو مانگ جارێک باوکی دڵشاد دەهات، سەری خێزانەکەی دەدا، تاوەکو هێوارە درەنگ لە پایینی گڕەکەدا کڕ و بێ دەنگ لەسەر چۆک کڕنووشی دەبرد، تاقە فرمێسکێک لە چاوەکانی نەدەهات، زۆرجار دەچووینە نزیکییەوە، حەزت دەکرد بیدوێنی، ئەویش وەکو لە زمانەکەی وەرەس بوو بێ، زۆر کەمدوو و، وەڵام کورت بوو، بۆ هەر پرسیارێکی لێت دەکرد ئەو بە:

– ئا... یان... نا، وەڵامی دەدایەوە، کاتێ باسی دڵشادی کوڕی شەهیدی دەکرد، بزەیێکی تاڵی لەسەر زاری پەیدا دەبوو، خوزییەکی حەسرەتی قووت دەدایەوە، شازدە ساڵ تەمەنی دڵشادی بەم چەند وشەیە پڕ دەکردەوە:

– ئەو... خۆی ئەم چارەنووسەی بۆ خۆی نەخش کردبوو،

– هەرکە لە کۆشی دایکی دەرچوو فامی کرد، نەخشەی ئەم ڕێگا و قۆناخەی بۆ دەکێشا.

..........................

ئۆە ئەی وڵاتی خوێن و ئاگر...

ئەی وڵاتی ستەمدیدەی خەمگین، هۆ دایکی بریندار، ئەو فرمێسک و خوێنەی

ساڵەهای ساڵە، لە چاو و لە برینەکانت دەڕژێن، نەخوێن نەبێ وشک نابنەوە... ئەو چقڵ و دڕک و گیا بیژۆکەی لە مێرگە ڕەنگینەکانت ڕەگیان داکوتاوە، بەئاگر نەبێ ناسووتێن و لەبن نایێن.

دەبێ خوێنی پیر و لاو و ساوا، شەبەقی ڕۆژی نوێ لەنێو جەرگی ڕەش شەوی جەللادەکان بچێنێ... ڕەنگ و بۆ بەگوڵ و گوڵزاری مێرگەکانت... چەمەکانت... بنار شاخ و لوتکەکانت ببەخشێ.

ئێستایش تۆ لەدوا هەناسەکانی ژیانتدا، لەم شەوی کۆتاییەدا، کە پاش چەند سەعاتێکی کەم، خوێنت تێکەڵ بەو خوێنە ڕژاوانە دەبێ، کە ژیان بەزەوی دەدەن و، گوڕ و هەڵمەت بەهاوەڵەکانت، لەسەر لوتکە بەرزەکان ئێستا بەجۆرێکی سەیر وشەکانی باوکی دڵشاد وەکو وشەکانی سەر کێلی گۆڕی کوڕ و دایکەکە مێشکیان ئاخنیوی!، لەلایەکەوە چاوەڕێ کردنی دایکت گێژی کردووی، لەلایەکی دیکەیشەوە (کێلە قەبرەکەت) لێ بووە بەچرا و، پێش دیدەی ڕوون کردوویتەوە، ها... ئەوە بۆ هەڵسایتەوە سەر پێیان؟! سەیری ئەڵقەی زنجیری دەستوپات دەکەیتەوە، ئاوا دەستەکانت بەرز دەکەیەوە، دەتەوێ بەسووچە تیژەکەی زنجیرەکە وشە پیرۆزەکە بنووسییەوە!... ناتهەوێ هیچ ڕستەیەکی سەر دیوارەکان کوێر بکەیتەوە، دەتەوێ وەک ئەوانەی پێش خۆت گوزەری ئەم زیندانەیان کردووە و، دوا سەرنجی خۆیان بەیادگار لەسەر دیوارەکان هەڵکۆڵیوە، تۆش... دەتەوێ بۆ یادگاری ڕابردووی خۆت، بۆ یادگاریی دڵشاد و دایکی و ئەوانی تریش... وشەکانی سەر کێلەکەش لەسەر لا دیوارێک هەڵکۆڵییەوە؟، ئای ئەوە چیتە؟! ئەوە یەکەم پیت (س) ت نووسی!!

ئەوا وشە پیرۆزەکەی (سەرکەوتن)ت نووسییەوە... دیسان وشەی سەرکەوتن؟! وەکو نووسینی سەر کێلەکە و، هەموو ڕستەی یادەکانت تواند بێتەوە و، لە دوا دارشتنەوەیاندا ئەو وشە پیرۆزەی (سەرکەوتن)ەت بۆ دروست بووبێتەوە!.

ئیمشەو دژخەوی، بێداری ئۆقرەی لێ هەڵگرتووی، لە چاوەڕوانیی دایکت هەزار بیر و خەیاڵ مێشکیان تەنیوی، یانی چی دایکت وەها دواکەوت؟!.

بڵێی هەواڵەکەیان پێنەگەیاند بێ؟! یان کڵۆڵە... خۆی لە بەرزەبر و کۆستی هەواڵەکە نەگرتبێ؟! لە حەژمەتان زراوی تۆقی بێ؟!.

نا... نا بڕوا مەکە، نا... دایکت دایکێکی ئازا و بەجەرگە، دنیادیتەیە، زۆر تاڵی و سوێریی ژیانی چەشتووە، خۆی لەبەر زەبروزەنگی ڕۆژگار گرتووە، هەمیشە بەخۆی دەیگوت و دەیگوتەوە، بەتایبەت کە هەواڵی شەهیدێکی تازەی پێ دەگەیشت،





دەیگوت:

– بەرخی نێر بۆ سەر برینە!

باوەڕ مەکە ئەوەندە بێهێز و، کەم بڕوا بێ، ئەم ئافرەتە پاکە چۆن باوەڕێکی پتەو و بێ کۆتایی بەخۆیدا هەیە، هەروەها لە ڕووبەڕووی چارەنووسیش وەی ناکا.

دوو نییە، کە هەواڵەکەیان پێی گەیاندووە، سەری بەرز کردبێتەوە و دەستێکی وەڕووی خۆی داهێنابێ و بەهێمنی گوتبی:

– ئەمەی لە نێوچاواندا نووسرابوو.

– دەبوایە هەر وەها بێ!.

نا... قەت باوەڕ مەکە ئەم هەواڵە ئا بەم ڕەنگە کار لە دایکت بکا... یان... قەڵەمی دەست و پێی بشکێنی، دایکت گەلێک بەجەرگە، لە ڕووی برسییەتیدا، بەرامبەر بەکەند و کۆسپی ژیان، ڕووبەڕووی دژواریی تەمەنی پڕ خەم و پەژارە و مەینەتی، مەردانە وەستاوە، خۆ لە بەرگرتووە، بێ پەروا مەچەکی هەڵماڵیوە، ئەوەندی کرێکارێکی پیاوی بەتوانا، لە بری شەش حەوت سەعات کار، ئەو لە بەیانییەوە لەگەڵ ڕۆژهەڵات هەتا ڕۆژئاوا و پاش عیشایش، نانەوایی و جل شۆریی ماڵان دەکات، لە مانەیش بەولاوە پاش مردنی باوکت و نەسرینی خوشکت، خۆی هاویشتۆتە ناو هەندێک کاری ترس ئامێزەوە.

نا... نا... هەرگیز دایکت بەئاسانی ناڕمێ... مانای ژیان لەلای ئەوەوە، خۆ ئامادەکردنی جۆرێ مردنە، ئەو ژیانە لە جۆرە مردن و، مردنیش لە ڕێگای ژیاندا بەدی دەکا، لەبەر ئەوە هەرگیز لە مردن باکی نەبووە و، لە مردن ناترسێ.

ئای کە دڵت بەو دایکەت خۆش بوو، هەر کاتەی دەتبیست بەو هەموو ئارەزووەوە، بەبێ دڵ لێکدان، بەبێ ساف و ترس، سەر بەلانەکاندا دەکا... بەیاننامە نهێنییەکان بڵاو دەکاتەوە، شارە و شار لەنێو بەندیخانەکانەوە نامەتان بۆ دێنێتە دەرەوە و، دەیانبا و دەیانداتە دەست (تەتەری) نێو شار، خۆشییەک دەپەڕییە گیانتەوە، شانازیت بەخۆت دەهاتەوە، کردەوەکانی ئەو وای لێ دەکردی پتر و پڕ بڕواتر لەسەر هەڵویستی خۆت ڕشتت بکات، بۆچ وا نەبێ؟.

تۆش بەشی ئەو پیرێژنە بەجەرگ و ئازایەتی؟

تۆش هەر لەو دایکە نەبەزە نەبوویتە؟

لە سەرەتادا وەهات بۆ دەهات، کە هەر تەنها لەبەر خاتری تۆیە دایکت خۆ لەو کارە

پڕ مەترسی و دژوارانە دەدا! هەتا ئەو ڕۆژەی (مەرەخەسیت) وەرگرت، گەڕایتەوە ماڵ، ڕۆژێکی بەهار بوو، تاکو شەو داهات لە ئاقار شار مایەوە، بۆ شەو لەنێو تاریکایی ئەو شەوە نیسانییەدا، جەرگی ڕەشی جاسووسەکانی نێو شارت بڕی، خۆت گەیاندەوە ماڵ، ئەوەت پێ سەیر بوو، کاتێ سیرەت لە دەرگاکەوە هێنا، خۆت هاوێشتە ژوورەوە، هەستت کرد کە دایکت زۆر بەئاسایی و لەسەرخۆ بۆت هەستایەوە، سووکە بەخێرهاتنێکی کردی!

سەرت لەوە سوورما، کە بۆچ وەکو جاری جاران، کە دەگەڕایتەوە لای، پەلاماری نەدای بتگرێتە باوەش، بۆنت بکا... ڕوومەت و گەردنت بلێسێتەوە! ڕووە چورچ و لۆچاوییەکەی لە ڕووت هەڵنەسووی! سەری سپی لە باخەڵ و ژێر هەنگڵت وەرنەدا! بەهەناسەیەکی گەرم و پڕ جۆش بەخێرهاتنت ناکا! بەشکەم ئەو شەوە وەکو ئەوەی سۆزی گەرم و پڕ میهرەبانیی دایکییەتی لە دەروندا دامرکابێتەوە! نەک وەکو ڕۆڵە و دایک... بەشکەم وەکو هاوڕێیەک پێشوازی کردی! وەکو هاوڕێیەک لەگەڵتدا دانیشت! بەوردی لێت ڕادەما، بۆ جاری دووەم و سێیەمێش، لە سەرتەوە هەتا پەنجەی پێت، بەچاو تۆی پشکنی!! وەکو ئەوەی گومانی شتێکی لێ کرد بێ! ئاوەها هەتاوەکو خۆت ئاگادارت کرد، کە بەئیجازە و بۆ دیدەنیی ئەو هاتوویەوە شار و، خۆت هاوێشتە باوەشی، تامەزرۆیی خۆت لێی تێر کرد، ئینجا هەناسەیێکی خۆشی هەڵکێشا... بزەیێکی تەماوی لەسەر لێوەکانی هەڵنیشت، دیسان بەخێری هێنایەوە... گەرمتر لە هاوەڵ و هاوڕێیەکانی پرسی، لەگەڵ وەڵامەکانی تۆ، هەستت دەکرد کە بزەکەی سەر لێوی وردە وردە سیس دەبوو و، دەکوژایەوە! وا دیار بوو وەڵامەکانت بەدڵی ئەو نەبوون، لە مەیشدا ناحەقی نەبوو، چونکی دەنگوباسی هەڤاڵەکانت هەرگیز جێگای دڵخۆشی و سەربەرزی نەبوون! لەگەڵ ئاوات و خواستەکانی ئەودا یەکتریان نەدەگرتەوە، بەپێچەوانەوە... هەواڵەکان پڕیان بوو لە ڕک و قین و خەم و ناسۆری، بۆنی دوو بەرەکی و براکوژییان لێ هەڵدەستا، دایکت لەگەڵ ئەو دەنگوباسانەدا ئاهێکی توند و ساردی هەڵمژی، لە بەرچاوی تۆدا هەتا دەهات ڕووی گرژتر و، نیشانەی پیرییان پتر لەسەر ئاشکرا دەبوو! ماوەیەک چاوتان تێکەڵاوی چاوی یەکتر بوون... کڕییەک... کڕییەکی پڕ سام باڵی بەسەرتاندا کێشا... هەتا دایکت پەردەی ئەو سام و کڕییەی دڕی و، کەوتە گلەیی کردن لەسستی و نەفامی و بێ دەردەستیتان، نەفرەتی لە ڕەوەشتی ( ئەو دواییەتان) دەکرد، بەیەک دوو ڕستە قسەی تاڵ و تفت و پڕ لە بێزەوە گوتی:

– دەک داوەشێن... ئەوە شەرم ناکەن وەها دەستتان خستۆتە گیان و خوێنی یەکدی





و؟ ئامانجەکانی دوژمنتان ئەنجام دەدەن؟!

– ڕۆڵە... ئەگەر دەربەستی گیانی خۆتان نین، ئەگەر خوێن بەری چاوی گرتوون و، وەها سەرە ڕۆ ملتان ناوە و، بەبێ هۆ یەکتری دەکوژن... دەربەستی ئێمەی دایک بن، زگتان بەئێمە... زگتان بەم ڕەشوڕووتە زۆرلێکراوانە بسووتێ... ئێمەی دایک، ئێمەی ڕەشوو ووتی چەوساوە، نازانین ئێوە لەسەر چی ناکۆکن و؟! لە براکوژیدا دەستتان بەخوێنی یەکدی سوور کردووە!.

– ئێمە بەو کوڕ و برا و کەسوکارانەمان سەبارەت بەوە دڵخۆش و سەربەرزین، کە بەرگری لە مافی ئەم ڕەشوڕووتە چەوساوە و زۆرلێکراوانە دەکەن؛ کەچی ئێوە... هەی نازانم چیتان پێ بڵێم، هەی بەرخورداربن، ئەم برا کوژییەتان لە چییە؟.

– دەبێ ئەوەندە نەفام بن؟ دەبێ لەوەیش نەگەن، کە دوژمن ئەم تەڵەیەی بۆ داناونەتەوە؟ دوژمن دووبەرەکی و، دڵڕەشیی خستۆتە ناوتانەوە؟

دایکت پاش ئەو قسانەی، سەری دانەواند و بەدەنگێکی پڕ سۆز لەبەر خۆیەوە دەیگوت:

– دە ئێوە جارێ شتێک بۆ ئەم میللەتە لێ قەوماو و سووتاوە وەدەست بهێنن، هەندێک لە خەم و ئازارەکانی کەم بکەنەوە، برینەکانی ساڕێژ و، خوێن و فرمێسکەکانی وشک بکەنەوە... لە چنگ دوژمنی خوێنڕێژ ڕزگاری بکەن، پەناگەکی بۆ پەیدا بکەن، ئینجا لەسەر ڕەنگی زەرد و سوور و ڕەش ئەوەندە قەوچە بکەن و بفلێنن، ئەوەندە بنەڕێنن و هاوار بکەن، هەتا قۆڕ دەبن.

تۆش بەعادزی و دڵشکاوی سەرت داخست، دەتزانی دایکت بەو هەموو ساویلکەییەی خۆیەوە ڕاست دەکا و، ئەو قسانەی لە دەروونێکی برژاوەوە هەڵدەقوڵێن، دەتزانی بۆ ئێوەش نەنگی و سەرشۆڕییە، دەتزانی بۆ هەموو لایەکتان کەوتن و مەترسییە، ئەوها لە هیچی هیچەوە بەقسەی بەدفەڕ و خۆپەرستان، بەفیتی دوژمنەکانتان ئەوها دەستتان لە خوێنی یەکتر ناوە.

دوێنی شەو بەئاستەم و پچڕ پچڕ یادی ئەم سەر گوزەشتانەت دەکردەوە، ئەوا ئێستایش بەجۆرێکی دی، بەشێوەیەکی بەقەوارە و بەناوەرۆک جیاواز، بەبۆن و ڕەنگێکی دیکەوە، سەرنجی ئەو سەردەمە تاڵ و دژوار و قێزەونە دەدەیەوە! (ئێستا) بەهەردوو دەستت مێشکی خۆتت دەگوشی و، ناتەوێ ئەو هەموو هاوڕێیانەت وەبیربێنەوە، کە بەدەستی یەکدی کوژران و سەرەنگوون بوون... حەمە سوور... گورگە... ئاری... هتد!.

کەچی ئەو یادانەت لە دەست و لە مێشکت بەهێز و بەتەوژم ترن، زۆرانبازیت لەگەڵدا دەکەن،داوای دوا حیسابت لێ دەکەن... داوای دوا حیساب، وەکو پێشمەرگەیێک هەڵوێستێکت... هەڵوێستێکی ڕاستت بەرامبەر بەو شەڕی براکوژییە و خوێنڕێژییەی یەکتری و، ئەو کارەساتەی دواییەدا نیشان نەدا! بەگێژی و ناهۆشیاری و کوێرانە لەنێو ئەو زۆنگاوە پەلت دەکوتا و دەجوولایەوە و! بەمرازی ئەوەی ڕێگا بۆ خۆت خۆش بکەی تا مەیدان بەجێ بێڵی، خۆت لەنێو کەز و کووزی زۆنگاوەکە لە حەشار دەنا.

هەرەکە ماوەی مەرەخەسییەکەت تەواو بوو، بەرەبەیان خواحافیزیت لە دایکت کرد، بەترس و بەپەلە پەل بەکۆڵانە تەسک و باریکەکاندا تێ پەڕی، لەگەڵ هەر هەنگاوێکتدا ئاوڕێکت بۆ پشتەوەت، بۆ هەموو لایەکانت دەدایەوە، سەگوەڕ و حەپەی سەگی تۆڕی خەریک بوو ئاشکرات بکەن، گورگەکانی حکومەتت لێ هۆشیار بکەنەوە، کاتێ لە کۆڵانەکان ڕزگار بوون و کەوتییە پێ دەشتەکەی بەرامبەر زوورگەکان، لە مەترسیی سەگە هارەکان دوورکەوتییەوە، بیرت پتر ساف بووەوە و هەستت بەوە کرد، کە لەناوەوەت لەو گەڕانەوەیە دوودڵی!! قسەکانی دایکت کارێکی وەهایان تێ کرد بووی، گەلێک بیر و پلانی ژیانی ئەو کاتە و، دواڕۆژت لێ تێکەڵاو بێن! بەپێچەوانەی بەیانی... تا دەهات هەنگاوەکانت گران دەبوون، بەشلی لاشەت دەگوازتەوە، لەگەڵ ئەو شلییەی لاشەکەشت بڕوابیت بەخۆت، بەفرمانەکەت شلۆق دەبوو!! پرسیارێکی گەورە و قورس، کە بانی دەهەژاندییەوە و، لە تەمێکی بۆر لوولی دەدای! لەگەڵ خۆتدا کەوتییە حیساب کردن:

– *بۆچ لەو ماوەیەدا، لەنێو جەهەننەمی ئەو براکوژییەدا، بۆچ هەڵوێستێکت نەنواند!.*

– *دایکت ڕاست دەکا، هەی داوەشێی، بۆچ وەک ئامرازێک، ئامرازێکی بێ گیان، هەڵسوکەوت دەکەی؟!*

لەنێو یەک و دووی ئەو حیسابەدا، دوو دڵی و وەڕەسی پتر خۆیان بەسەردا سەپاندی، بەبێ دەستیی خۆت دەتەویست خۆت هەڵخەڵەتێنی! درۆت لەگەڵ خۆت و لەگەڵ ئەوانی دیکەیش کرد، سەگوەڕ و ترسی ئاشکرابوونت کردنە بەهانە و، یەکسەر ڕووت بەرەو پاش وەرگێڕایەوە! گەڕایتەوە شار، خۆت گەیاندە هاوڕێکانت، لەگەڵیاندا کۆبوویتەوە، ئەوەی لە مێشک و دەروونتدا دەخولایەوە و، ئەو وەڕەسییە و دڵساردییەی بیروباوەڕیان لەرزۆک کرد بووی، بەشێوەیەک کە بەدرێژایی ڕێگای





گەڕانەوەت خەریکی دارشتنی بووی، بۆ ئەو هاوڕێیانەت ئاشکرا کرد، کە پێیت گوتن:

– *براینە، من بەش بەحاڵی خۆم ڕێ لە کەس ناگرم، هەر یەکە و کەیفی خۆیەتی، هەر یەکەتان لە دەستنیشانکردنی سەنگەری خۆی لەم دوو بەرەکییەدا سەر پشکە، هەر کەسە و بەئارەزووی خۆیو، بەپێی قەناعەتی خۆی هەڵوێست دەنوێنێ، ڕێ ڕەوی خۆی نەخش و دیار دەکات.*

– *هەرچەندە من بڕواییم بەوە پتەوە، کە سەنگەری ڕاستەقینەی ئامانجەکانمان، دەبێ (یەکێتی) بێ، بەڵام من خۆم بەهیچ بەرەیێک نابەستمەوە، هەروەها خۆشم لە هەموو موناقەشە و دەمەتەقێ و زۆر گوتن لەسەر ئەم باسەوە دوور دەخەمەوە؛ چونکی بەقسە و دەمەقاڵی و حەوت و هەشت ناگەینە ئەنجامێک و، لەوانەیە بەو هۆیەوە کارەکە پتر ئاڵۆز و، کۆسپەکە سەختتر و، قوڕەکە خەستتر بکەین!.*

– ڕەنگە هی واشمان لەنێودا هەبێ بڵێ!

*هەر دوو بەرەکە ڕاست و ناڕاستن؛ بەڵام بەلای من ئەم چەشنە بیرکردنەوە و لێکدانەوەیە، بەسەرچوون و خۆ گێلکردنە؛ چونکی ڕاست هەرگیز نابێ بەناڕاست، هەروەها ناڕاستیش بەڕاست، بۆیە من بڕیاری خۆم داوە، ئەوەم لەلا ڕوون بۆتەوە، کە (دانیشتن) تاکە خزمەتێکە دەتوانم بیکەم و، هەر لە ئێستاکەوە تفەنگەکەم داناوە و هەرگیز جارێکی دیکە، بۆ ئەوە هەڵی ناگرمەوە، کە لە ڕووی برای خۆمدا بیخەمە کار... ئێوەش کەیفی خۆتانە، ئازادن لەوەی هەڵبژێرن... جا چ هەڵدەبژێرن هەڵبژێرن!.*

(ئێستا)... پێکەنینت بەو جۆرە بیرکردنەوە و، ڕایەی ئەو ساکەت دێتەوە!

ئێستا... لەسەر یەک بۆ خۆتی دووبارە دەکەیتەوە... ڕووداوەکانی ئەو سەردەمەت دەجوویتەوە، لەگەڵ دووبارە کردنەوە و جووینەوەیان دڵساردییێک دەتگرێ! دڵساردییەکی وەها، کە گریان و پێکەنینت لێ تێکەڵاو دەکا!! گاڵتەت بەو چۆنیەتییە و گریانت بۆ ئەو هەڵوێستەو بیرە ساکارانەت دێتەوە و! لەناوەوەت دەنگدانەوەیەکی تووڕە و گەورە هەڵدەستێ:

– *کوڕە دانیشتنی چی؟ کەنگی دانیشتن لەم چەشنە ڕۆژ و ڕووداوانەدا ڕاست بووە؟! یان بەهەڵوێست حیساب دەکرێ؟!*

– *کەنگی... ئەم میللەتە بەبێ تفەنگ لە ڕاستی دەگەن؟... یان کەینێ دوژمنانی ئەم میللەتە بێ تفەنگ چاویان بۆ ڕاستی دەکرێتەوە؟!.*

– *ڕاستی بێ تفەنگ... وەک وشەی بێ پێت... وەهایە! حەقتە... ئەگەر ئێستا*

*پێکەنین و گریانت بەخۆت بێتەوە!... پاش ئەو هەموو تاقیکردنەوە سەخت و دژوارانە، ئینجا تازە حەقیقەتت بۆ دەردەکەوێ؛ بەڵام تازە درەنگ داهات... تازە پاش چی؟؟.*

ئەوسا هاوڕێکانت تفەنگیان دانەنا، ئەوانە وەکو تۆ دانیشتنیان هەڵنەبژارد... تۆش لەگەڵ خۆتدا وەهات لێک دەدایەوە، کە کۆسپەییێک ڕێی پێ گرتبوون، کە چەکەکانیان دابنێن، ئەویش ئەوە بوو، کە:

– تفەنگ دابنێن... چ بکەن؟!

*– هەر یەکەیان لەلایەن مێرییەوە بەجۆریک تاوانبار کرابوون! سیخوڕەکان کون بەکون شوێنیان هەڵدەگرتن، تەڵەیان لە ڕێگا دادەنان، بۆ گرتنییان... بۆ لەنێوبردنییان بەشەو و بەڕۆژ لە کار و پلاندا بوون، کەواتە چۆن تفەنگ دابنێن؟!*

تۆ لەگەڵ خۆتدا وەهات لێک دەدایەوە!

ڕاستە گەلێک ئەو سەر و ئەم سەرت لەگەڵ هاوەڵەکانت کرد، زۆر لایەنی مەسەلەکەتان هێنایەوە پێش چاو؛ بەڵام نەگەیشتنە ئەنجامێک... ئەنجامێکی هەمەلایەنە!.

ڕاستە... پێتان خۆش بوو بەکۆمەڵ خۆتان بکوژن، نەک لە شەڕی براکوژیدا بەشدار بن؛ بەڵام خۆدانە دەست دوژمن... یان چوونە تاوڵەی جاشەکان... ئەمەتان هەرگیز بۆ قووت نەدەدرا... هاوەڵەکانت بڕیاری خۆیان داو، لە بەرزاییەکان دانەبەزین... تۆش لەنێو توندوتیژی ڕووداو، لەژێر باری گرانی سەرشان و تەوژمی ناوەوەت گێژ بووی، هەموو سەرێکت لێ شێوابوون، سام گرتوو، هەزار تف و نەفرینتان بۆ سەبەبکار دەنارد!؟ وەکو مەلەوانێک، مەلەوانێکی لەپڕ دەست و پێ گۆد بوو، خەریک بوو نقووم ببی، پەلت دەکوتان... هەموو توانا و تاقەتت خستبووە کار، هەوڵت دەدا... دەست و پێت، گەیەکانی لەشی سڕ بووت نەرم و شل بکەیتەوە، هەتا خۆت لە نقووم بوون ڕزگار بکەی!... پاش ماوەییێکی کەمیش... ئەو ڕاستییەت لەلا ساغ بووەوە، کە تۆ بەئاسایی لە چونێتی مەسەلەکەت دەڕوانی! هەرگیز هۆشیارانە لە بنەچەکە و هۆیەکانی سەرەکیی ئەو ڕووداوانەدا، ئەو ڕووداوە پڕ داخانەت نەدەکۆڵییەوە! تاکو... بگەیتە ئەنجامێک، خۆت لە خنکان ڕزگار بکەیت و، هەروەها هەسانەوەیەکیش بەمێشک و زەمیرت بدەی!.

تۆ... لەناوەوەت دەتهەویست پەیوەندیت بەو مەسەلەیە ببڕێ و، خۆت لە ئەنجامەکان دوور بخەیتەوە، وەک ئەو مەسەلەیە لە دوور، یان لە نزیک پەیوەندیی بەتاقیکردنەوەکانی ژیان و سەختیی ڕابردووتەوە نەبوبێ!! تۆ... لەناوەوەت بێ ئەوەی





ئازایانە ئەوە بۆ هاوەڵەکانت ئاشکرا بکەی، لەناوەوەت دەتهەویست خۆت لەو مەسەلەیە ڕزگار بکەی ... ئیتر ئەوە بوو بڕیارەکەی خۆتدا، کە:

*– برایتە... من بەش بەحاڵی خۆم ... خۆم بەهیچ بەرەییێک نابەستمەوە ... هتد .*

بەم ڕەنگە خۆت ڕزگارکرد، چەکەکەت دانا، شار و ناوچەکەت بەجێ هێشت ... ڕات کرد ... بەدزییەوە خۆت گەیاندە ئەوخوارانە... خۆت هاوێشتە ناودەمی ئەژدیهای شارە گەورەکە، دەتەویست خۆت لەوشارەدا بتوێنییەوە و کەس نەتناسی!... پێناسی ساختە و ناو گۆڕین فریات کەوتن، خۆت لە عالەتی ڕاستەقینەت شاردەوە، بەنانەسکێ ئیشت دەکرد، هەمیشە وەک هەزاران سەرلێشێواو و دەربەدەری دیکە لە شارە گەورەکە نقووم بووی، مەگەر بەشەوان، دەنا لە مەیدان و لە کۆلانە تەسکەکانی حەیدەرخانە، کە زۆربەی ڕەش و ڕووت و ئاوارە و برسی و کۆێرەوەرانی وڵات و شارەکەی لێ کۆببوەوە، هەناسەی ژیانی کولەمەرگیان لێ هەڵدەمژی ... بەشەو نەبووایە، لەو جێگایانە دەرنەدەکەوتی، دەترسای یەکێ بتناسێتەوە ! ڕووت نەدەهات ڕووبەڕووی ناسیاوێک ببییەوە، هەمیشە بێ ئارام و ئۆقرە لێ هەڵگیرابووی! لە هەرکونج و کۆڵانێک ڕادەبووردی، وەکو (دز) ئاوڕت بەدەوروبەری خۆتدا دەدایەوە، وات بۆ دەهات لەو شارە دوورەشدا، هی وا هەیە شوێن پێت هەڵدەگرێ و! بەدواتەوەیە... هەناسەکانت دەژمێرێ، دەنگی ئەو خەیاڵەت لە گوێ دەزرەنگایەوە...

– بەزیو... بەزیو!

لە پێناو پاراستنی وجودی خۆت ئاگات لە عالەم بڕا بوو، تەنانەت ئاگات لە دایکیشت بڕا!! لەناوەوەت خۆت بەوە ڕازی کرد بوو، کە دەبێ دایکت بەم کارەت ڕازی بێت! بەشکەم دڵخۆشیش بێ!! کەچی پاش چەند ساڵ غەریبیت و! لەگەڵ یازدەی ئازاری هەفتا گەڕایتەوە لای! بەڵام چ گەڕانەوەییێک، لەبیرتە... دایکت کە چاوی پێ کەوتی چی پێ گوتی؟!:

*– حەیف... پیاو نابێ سەنگەر جێ بهێڵێ، پیاو ئەگەر پیاو بێ چۆن وەها بەسووک و ئاسانی چەک دادەنێ؟!*

*– ڕۆڵە... تفەنگ بۆ ئێمەی کوردی زۆر لێکرا و پیاوەتییە، مان و نەمانە، ئەو میللەتە هەرکاتێ چەکی دانا، لە هەرکوێ بێ، ئەوە لەگەڵ دانانی چەکەکەی پیاوەتی و ئابڕوو و وجودی دەخاتە ژێر پێی و ونی دەکات؟.*

دایکت... خۆشیی دیدەنی تۆی لەگەڵ فرمێسکەکانی دەڕژاند، کە وای پێ گوتی؛ خۆ چاک لەبیرتە... ئا ؟!.

بۆت دەرکەوت دایکت ڕاست دەکا، سەرت بەرامبەری دانەواند و، ئەویش وردە وردە لێت هاتە پێش تاکو بەگوڕ باوەشی پێدا گرتی و، وەکو جاری جاران کەوتە بۆن کردن و لستنەوەت!

ئای... لە دڵی دایک، کەشتێکی سەیرە و، نهێنییەکانی ئەو دڵە بەشێکن لە نهێنییەکانی خودا و سروشت!... ئەو چەند ساڵ غەریبییەت زۆر شتی بۆ ڕوون کردیەوە و، زۆر شتی تریشی بۆ سەلماندی، لەوێ هەر کە دەیانزانی کوردی بەکەمیان دەزانی!... بەچاوی سووکەوە سەیریان دەکردی!! بەگێل و گەوج دەیان ژماردی! گاڵتەیان پێ دەکردی، تیرو توانجیان تێ دەگرتی!... ئەمەیش هەموو هەر سەبارەت بەوە بوو، کە کورد بووی!! چونکی کورد بوویو هیچی دیکە!.

ئەو ڕۆژەت لەبیر ناچێ، کە لەگەڵ کرێکارە عارەبەکە دەمەقاڵێت بوو، بەگلەییەوە پێت گوت:

*– کاکی خۆم... منیش وەکو تۆ کرێکارم، قوڕکێشم، هەر دووکیشمان لە خزمەت گەورەکان دەچەوسێینەوە... بەفەرمانی ئەوان... بۆ بەرژەوەندیی ئەوان، بۆ کامەرانیی و خۆشگوزەرانیی ئەوان، بەدرێژایی تەمەنمان ئارەقە دەڕێژین... خوێن و دەمارمان دەسووتێنین... ئیدی بۆچ بەم ڕەنگە لەگەڵم دەجووڵێیتەوە، بەم چاوە سووکە سەیرم دەکەی... کاکی خۆم... من و تۆ هابەشی دەرد و ئازاری یەکترین... گیرۆدەی یەک دەرد و مەینەتین، بۆچ پتر ئازاری یەکتری بدەین!؟.*

ڕاستە... کرێکارەکە تەریق بووەوە... شەرمێک دایگرت و ئاهێکی هەڵکێشا و، تەبەقە چەمەنتۆکەی خستە سەر ملی و، بێدەنگ وەک قالۆچەخشی و، بەخانووە چوار قاتەکەدا هەڵگەڕا؛ بەڵام لەو ماوەی یەی لەوێ بوو... گەیشتییە ئەنجامی ئەوەی، کە لە حەقیقەتدا ئەوان گێل و گەوجن... ئەوان سەر لێ شێواو و هەڵخەڵەتاون، وەک چۆن لە ڕاستی ناگەن، خۆشیان لێ ون بووە، بەو هۆیەوە بێزت لە خۆت و لەوانیش دەبووەوە، لە خۆت... کە بەدەستی خۆت لە ڕاست حەقیقەت خۆت گێل کرد و، خۆت هاویشتە نێو ئەو چۆنیەتیە، لەوانیش، کە نەفامی وای لێ کرد بوون، چاویان لە ڕاست چۆنیەتییەکەیان کوێر و، گوێیان کەڕو... ئەندامەکانی لەشیان شەل و گۆد ببی و، مێشکیان بمەیی و، خوێنی دەرمارەکانیان سارد و سڕ... دەورە ئەزەلیەکەی بدا!.

ئێتر هەر لەو ڕۆژە ڕووزەردانەوە... لەو غەریبییەت بۆت دەرکەوت، کە خۆت لەو چۆنیەتییەت مەسئول و بەرپرسی، ئەنگوستی پەشیمانیت دەگەزت... دەنگێک لە دەروونتدا دەیزیڕاند... دەنگێک ئازاری لێ هەڵدەستا و پێی دەگوتی:





*– تۆ کوردی... کوردیش دەبێ بزانێ چۆن پارێزگاری لە ئابڕوو و... ئینسانییەتی خۆی دەکا!*

گومانیشت لەوە نەما، کە:

*– بێ هێزی... بێ چەکی... دەماری پیاوەتیی مرۆسست دەکا! هەروەها دوورە وڵاتی و دەورو بەریش.*

ئۆقرەت لێ هەڵگیرا، ئارامت نەما... سەرت هەڵگرتەوە و بەرەو ژوور، بەرەو وڵاتی ئازیز سەرکەوتییەوە، وەک هەتیوێکی دایک لێ ون بوو خۆت هاویشتەوە باوەشی دایکت، کاتێ گەڕایتەوە لای بەیاننامەی ئاداری( ١٩٧٠ ) لە هەموو وڵات جاری دابوو، ڕووت نەهات بچیتەوە ناو دنیاکەی خۆت! وەکو تاوانبارێک خۆی لە چاوی خەڵک دەشارێتەوە... تۆش خۆت لە هاوەڵەکانت دەشاردەوە! لەگەڵ پیرەژنە کلۆلەکەدا لە کونجێکی شارە گەورەکەدا دەژیان، ئەو شارەی لەو ڕۆژانەدا بوو بەشارە زەردەواڵە و مێش هەنگ... شەو و ڕۆژ وزژەی دەهات... خەڵکی شارۆچکە و لادێیەکانی ناوچە ڕژابوونە سەر شەقامەکان و، بەبەژن و باڵای پارچە کاغەزەکەیان هەڵدەگوت... لە هەموو لایێک بڵاویان دەکردەوە و دەیانخوێندەوە و لەبەری هەڵدپەڕین!... زۆربەی خەڵکەکە بۆنی هەریسەیان کرد بوو... پێش ئەوەی هەریسەکەیش پێ بگا، ئەمان بەدەوری مەنجەڵی بەتاڵ سووڕیان دەدا و دەلەیزین، بۆنی بەیانەکە کاسی کرد بوون... بەجۆرێک سەر خۆش بوون، کە تەنانەت چوار لایەکانیشیان لێ تێکەڵاو ببوو!! هەر تاقمە ڕوو بەلایێک بای دەدا و، بەگشتی کەوتبوونە وشکە سەما! لەجیاتی قرمەی تفەنگ... گرمەی تۆپ و بۆمبا... چەپڵەڕێزان، بانگەوازی هەڵخەڵەتێنەر... دروشمی سەر موقەبیا و پارچە شاش خەڵکیان بێزار و... خەو و هەسانەوەیان لە چاو و گیانیان زەوت کرد بوو!... دروشمی نێو ئاودەستخانەکان سەریان لە زاری زۆربەی حەشامەتەکە دەرهێنا بووە دەرەوە، کە جار جارە لە پەناوە... یان پاش بانگی خەوتنان بەکۆڵانە و شەقامی شارەکە ڕادەبووردی بێزت لە خۆت دەبووەوە! ڕشانەوەت دەجووڵا، ڕقت لە چۆنیەتییە نا ئاساییە... لەو چۆنیەتییە ساختەیە دەبووەوە، دڵت لەگەڵ دروشمەکان دەخێورایەوە، بیرت لەوە دەکردەوە، کە چۆن ئەو هەموو خرپە و فرمێسکەی ساڵەهای ساڵی ئەم میللەتەت لەو چەند دێڕە قالۆچەییانە کۆبووەتەوە!!... چۆن ئەو پارچە کاغەزە بووەتە خۆڕاکی ڕۆژانەی خەڵکە ساویلکەکە؟! ئەو چۆنیەتییە تووشی دڵسادیان کردووی، هەوڵتان دەدا بەسەر ڕێرەوی ژیانتدا بچیتەوە، بیرت لەوە دەکردەوە... بۆ خۆت... بۆ دنیای خۆت... بۆ بەختەوەری و هەسانەوەی دایکە پەژارەکەت بژی!! لەو ماوەیەدا زۆرتر گۆڕانت بەسەردا هاتن، وەرەسی پتر خۆیان دەخزاندە دەمار و ماسولکەکانتەوە،

ژیلەمۆی ناوەوەت کاتێک دادەمرکایەوە و، ساتێک دەکەوتەوە کڵوکۆ! جستو جۆی دەروونت، تەوژمی مێشکت کاسیان کرد بووی، هەموو سەرێکیان لێ شێواندبووی، وەک مەڕی گێژ، سەرت بەهەموو لایەکتدا دەگێڕا... بێ ئەوەی لەوەوە دەستنیشان بکەی، توانای ئەوەت نەمابوو خۆت لەبەر ئەو ئاگر و ژیلەمۆی دەروونە و، تەوژمی مێشکە بگری، خەریک بووی خۆت بدۆڕێنی... ماوەیەک کەوتییە نێو باڕو وەک هەتیوی پێش دەرگای چێشتخانەکان خۆت لەبەر دەرگای مەیخانەکان دەدۆزییەوە!... بەسەرخۆشی کەوتییە نێو گەڕەکەکان... گەڕەکە ڕووت و شەت خوار و شێواوەکانی شار، هەوڵت دەدا خۆت لە بیر بکەی، چۆنیەتیی دەوروبەرت، ڕابردووی چڕ و خەستت... ئێستای مەییوی بێ تامت ڕەش بکەیتەوە، هەوڵت دەدا لە خۆت بکەیەوە!... تۆڵە... لە خۆت؛ بەڵام لەواقیعدا تۆڵەکەت ئاراستەی ئەوانی دی دەکرد!! دەتویست لەنێو جەنجاڵیی ئەو دەریا شێلوەی شار و گۆمی شڵەقاوی ژیانت ڕزگاریت ببێ!!... کەچی لەپڕ خۆت لە ڕۆخی زۆنگاوێکی لیخن و بۆگەنی دۆزییەوە!.

خۆت هەڵدەخەڵەتاند، هەوڵت دەدا خۆت بەوە ڕازی بکەی، کە مرۆ دەتوانێ بەئاسانی واز لە مرۆڤایەتییخۆی بهێنێ!... دەنگێکی لەرزۆک... دەنگێکی نووساو و گڕ لە تاریکاییێکی بێ دوایی ناوەوەت دەی نووزاند و، دەرژایە ناو مێشکتەوە، ئەو نووزەیە... ئەو دەنگە لەرزۆکە پێی دەگوتی:

*– پیاوەتی... وەکو پێڵاوێکە مرۆ دەتوانی بەپێی ئارەزوو کەی... چۆن ویستی دایبکەنێ و بەسەر پێیەوە بکاتەوە!! لەو ماوەیەدا... وردە وردە تەمی بار و چۆنییەتیی چەوتی... شێلوی ئەو ڕۆژانەت دەهات و دایدەپۆشی و بەسەرتدا دەکشا، لێڵایی بەچاوەکانت دەدا، شتت بەڕوون و ڕەوانی بەدی نەدەکرد، ڕەش و سپی... ڕاست و چەوت... خراپە و چاکە، ڕەنگەکانت لێ ئاڵۆزە و تێکەڵاو دەبوون، وایان لێ دەکردی خۆت هەڵخەڵەتێنی و بێیتە سەر ئەو بڕواییەش، کە دەتوانی ئەوانی دیکەیش هەڵخەڵەتێنی!! هەتا ئەو ڕۆژەی ڕووبەڕووی (لەیلا) بوویەوە!... پێت سەیر نەبوو، کە (لەیلا) چۆن لەو شارەی ژێرەوە گەیشتۆتە شارە جەنجاڵەکەت!... چونکی زۆربەی کوردەکانی ئاوارەبووی ناوەڕاست و خوارووش... ئەمانەش بۆنی بەیانەکە کێشابوونییە شارەکەت... تینوویەتی و تامەزرۆیی ساڵانی غەریبی و دەربەدەری خۆیان لە پەنا درووشمەکاندا دەشکاند!... زوور یەکترتان ناسییەوە، کاتێ غەریبایەتی خۆت و ئەو لەو خوارانەدا... کاتێ پێکەوە لە کارگەکە کارتان دەکرد و، تاڵاوی ئاوارەییتان هەڵدەچۆڕاند... ئەو کاتانەت لێ ژیانەوە... کچێکی شۆخی چاوگەش و بەڕاپەڕ بوو، زۆر هەوڵی دا بتهێنێتەوە هۆش و دڵسۆردییەکەت برەوێنێتەوە، ئەو لە ڕێگای خۆیەوە*





*دەیزانی تۆ کێی و! چۆن گەیشتوویەتییە ئەو شارە، دەیزانی... بەزیوی و... نەبەزیوی، دەیزانی... ورەت بەرداوە و... بەریشت نەداوە!! دەیزانی بڕواییت... ئەو دڵساردییەت تۆی دیل و سەرگەردانی ئەو گەرمەسێرە کردووە؛ بەڵام وەکو ئەو... تۆی دەناسی... تۆ ئەوت ئەوها دەناسی، هەروەهات بۆ دەهات، کە (ئەو)... (مێینەییێکە) ... ئافرەتێکە و بەرێکەوت یان... ڕێرەوە بەرەڵاییەکەت لە ڕێگای ژیانی نوێ... پیاو... تۆی (نێرینە) سەریان پێ هەڵدەوە! یەکەمجار، کە چاوت پێی کەوت... خوزیی تامەزرۆییت دادەوە... (سێکس) دەماری لەشی دەجوڵاندییەوە و خوێن تەوژمی بۆ مێشک و چاوت دەهێنا، بەدبینی چاوەکانی پتر تاریک دەکردی... حەزت دەکرد بیکەیتە نێچیرێکی گەوج، سەرەڕۆ و لە توانای خۆت بایی بووی! حەزت دەکرد هەموو ڕکوکینەت وەکو تۆڵەییێکی دۆڕانی خۆت لە لاشەی شیرینی ئەو کچە پاکە بڕێژی!! وات دەزانی کەروێشکێکی دەستەمۆیە و بەئاسانی دەکەوێتە ناو ئەو تۆرە ڕزیوەی مێشکو... ئەو چەنگەی لەناوەوەت بڕواییت وابوو چەنگی ئینسانێکی بەتینە؛ بەڵام بەچەنگی دڕندەیەکی لاواز و بێهێز خۆی نواند!... حەزت دەکرد وەک دڕندە لغاوت بەخوێنی سووری ئەو کچە ڕووسوور و بەجەرگ و خاوەن بڕوا و ئازایە سوور بکەی!!*

بەڵام قسەکانی لەیلا... هەڵسوکەوتی لەیلا... چاوەکانی لەیلا وەک تیرێکی ئاگرین دیواری ئەو بیرکردنەوە و حەز و ویستم شلۆقەی شەقار کردی! لەگەڵ ئەو تیرەیش هەموو (کیانت) شەق بوو... پلیتی شانەکانی شڵەژاندی و لێکی هەڵوەشاندنەوە، هەژانیک کەوتە و جوودتەوە، لەگەڵ ئەو هەژان و هەڵتەکاندنە هەندێک هاتییەوە هۆش خۆت.

ئەوە بۆ ئەوەندە سەرەتاتکێ دەکەی؟ بۆ سەر لی شێواوانە دەجووڵێیەوە و هەڵدەستییەوە سەر پێیان و سەر بەکولانەی دەرگا ئاسنینەکەی زیندانەکەت دەنێیەوە؟! ئایا لە ڕەشاییێکی وەک دڵی زۆردارەکان ڕەش و، چەند گڵۆپێکی سیسی زەردی وەک چاوی برسییەکان بەولاوە چ بەدی دەکەی؟!... ها؟.

ئەوە بۆ پتر گوێ بەکولانەکەوە گیر دەکەی؟ چ دەبیستی... چ دەبیستی جگە لە دەنگی کروزانەوە و... گریان؟ ئەوە دەنگی گریانی دایکی شێرکۆی هاوڕێتە تیکەڵ بەنووزە و کرووزانەوەی ژنە جحێلەکەی دەبێ! ئەم هاوڕییەت لەگەڵ دوو هاوڕێی دیکەت ئیمشەو لەگەڵ تۆدا... بەکۆمەڵ لەدار دەدرێن.

دەنگی گریە و کرووزانەوەکە وەک هەزاران سووژنی ئاگرین لە جەرگت دەچەقن، وەک لێشاوێکی ژەهراوی جیوە دەڕژێنە نێو دڵ و دەروونتەوە... (کیانت) دەلەرزێنی... ئاگرێک لەناوەوەت دەنێتەوە... جۆرە ترسێکی نادیار دەتگرێتە خۆ... لەشت سڕ

دەکەن!! دەنگە مندالآنەکەی کاروانت دێننەوە یاد، کە لە شەوێکی وەک ئەمشەو هاواری دەکرد:

*– دایە... دایە گیان جێم مەهێڵە... پێیان بڵێ نەمگوژن... کاتێ جەللادەکانیش لە کۆشی دایکی کۆشت کەوتووی وەک بەرخۆڵە بۆ قەسابخانەکە ڕەکێشیان دەکرد... ئەو پێی خۆی بەدایکییەوە دەقرساند... سەری بەسینگو مەمکی دایکییەوە گیر دەکرد، کە ڕەکێشیان دەکرد... ئەو پێی خۆی بەدایکییەوە دەقرساند... سەری بەسینگ و مەمکی دایکییەوە گیر دەکرد، کە ڕەکێشیان دەرد خۆی بەلاچکی کراسەکەی دایکە کلۆڵەکەیەوە هەڵدەواسی... خۆی نەدایە دەست قەسابەکان و هەر هاوار و بانگی دەکرد.*

*– وایە... جێم مەهێڵە... پێیان بڵێ بانەمکوژن... ئای لەم دەنگی گریە و نووزە و کرووزانەوە بێ ئامانە، کە وەک چۆڕاوگەیێکی خوێناوێکی خەست و سوێر و تاڵ بۆ ناوەندی هەناوی بریندارت دڵۆپە دەکەن و، وردە وردە... لەسەرخۆ هەناوت دەکۆڵن، وەک تیخێکی ئاگرین... بێ دەنگی و سام و تاریکیی ژوورەکەت شەقار دەکەن... شەقارەکانی دیواری ژیانی ڕابردووی خۆت وەبیر دەهێننەوە.*

ئەوە بۆ ئەوها سڕ بووی؟ ئەوە چ یادێکە لە ناوەختی سەرەڕێیان لێ گرتووی، وەک کاروانێکی درێژ و دوانەهاتوو ڕێچکەیان بەستووە، وەک ئەم شەوی دواییەی دوانەهاتووەت، هەر دواییان پێ نایێ؟!

هەست بەچ ئازارێکی پڕ سووتوو سوێ دەکەی؟ ها... ئای ئەوا بۆچ لەگەڵ ئەو بادانەت دەست و پێت ئەوها گۆد بوون؟! خۆت بۆ لەسەر پێیان بۆ ناگیرێ! هەموو لەشت وەک سێ بەڕۆ گرتوو... هەموو لەشت دەلەرزێ! چاکتر وایە ڕێگانەدەی دەستەکانت شل بن و، توانای گرتنی شیشەی کولانەکەیان نەمێنێ... تاکو نەکەوتووی چاکتر وایە لە قوڕنە تاریکەکەی ژوورەکەت لێی کۆببیتەوە.

نەخێر... وا دیارە ئەو یادانەت دەستبەردارت نابن!! لە هەموو لایەکتەوە گەمارۆیان داوی، وەک ئەژدیها دەمیان بۆ کردوویتەوە، بۆ کرووز و هالاوی ڕۆژانی بەرەڵلاییت دەدەنەوە نێو ژووری زیندان، لا پەڕەی ڕۆژانی سەرلێشێواویت هەڵدەدەنەوە، وا دیارە ئەمشەو ئەوانیش وەک جەللادەکانت دەیانەوێ هەموو حیسابێکت لە گەڵدا ببڕنەوە!.

ها... ئەوە بۆ دەمی خەیاڵت گیراوە؟! زمانت لاڵ... وەک تەڵەی تەقیو لە جووڵە کەوتووە؟! وەها... بەلاڵە پەتێ و بەقسەی تێکەڵاو و بێ سەروبەر و بەرەڵلا وەڵامی ناوەوەت دەدەیەوە؟! ئەوە بۆچ هەر نوقتەیەک... هەر پیتێک... هەر وشەیێک هەر ڕستەیێکی سەر لاپەڕەکانی ئەو ڕۆژانەت لێ بوونەتە دێو و درنج... عەزیا... هەموو لەشیان تەزاندووی... سام گرتووانە تینی جوولانەوەیان لەبەر بڕیووی؟! توانای





ئەوەشیان لێ زەوت کردووی وەکو مرۆیێک بەرامبەر بەو یادە مەچەک هەڵماڵیوانەت بوەستی!...

هەر چەندە حەز دەکەی پاکانە لە کردەوەکانی ئەو ڕۆژانەت بکەی، پەشیمانی بەرامبەر بەو بەدبیری و بەد تەدبیرییەو... بەد ڕەفتارییەی ئەو سەردەمەت؛ بەڵام ئەفسوس کار لە کار ترازاوە و ئەمڕۆ... (ئێستا) ئەو یادانەت دەستیان لە هەوکت توند کردووە و، نقەیان لێ بڕیوی، نەفەس بڕۆ بەسەر چۆکان دایان داوی!... چییە...؟! دەتەوێ بڵێ ی منیش وەکو هەموو مرۆیێک، وەکو هەموو هەرزەکارێک، هەموو ئینسانێک... ئینسانێکی خاوەن هەست و سۆز و غەریزە، هەقی ئەوەت هەیە جارجارە جڵەوی سۆز شل بکەی و بەکامی ئارەزووی دڵ ڕەفتار بکەی؛ بەڵام کێ ڕێی ئەم هەقەی لێ گرتووی؟! هەرچەندە هەقیش سنووری خۆی هەیە و، هەروا سۆز و ئارەزووش، مرۆ نابێ سنوورەکان تێکەڵاو بکا، یان بیانبەزێنی، دەنا دەبێ حیساب لەگەڵ ئەوانە نەکرێ، کە سنووری هەقی ئەوانی دی پێشێل دەکەن و، بەسەر سنووریان باز دەدەن و تێدەپەڕن! باش لەبیرتە، چۆن خۆت لە خۆشەویستی لەیلا شاردەوە... چەند لە خۆبایی بووی و، مافی ئەوەت بەخۆت دەدا، کە لە خۆت بەولاوە کەسێکی دی لە دنیادا نییە! «گەنجێکی کەڵەگەتی شەرمنۆک، کەمدوو، گەنمڕەنگ... ڕەفتار لادێی ئاسا، دەیەوێ هەموو شتێک هەر هی خۆی بێ، بەلاویی خۆی، بەهێزی لەشی خۆی دەنازی، وای لێک دەدایەوە، کە هەرگیز هەڵە ناکا و ناخلیسکێ، هەر ئەوا ڕاستە و، ئەوانی دی بەهەڵەچوون!! لەیلا وەها وەسفی دەکردی.

چاوەکانی لەیلا بەیەکەم دیتن، بەیەکەم نیگا دڵی داگیر کردی، هۆگری بووی... بوو بەپەرستگات، دەتپەرست تاکو ئەمڕۆیش هەر دەیپەرستی.

ئەو ئێوارەیەی پێکەوە لە کارەکە دەگەڕانەوە، لەگەڵ لەیلا کەوتنە گفتوگۆ، قسەت بۆ دەکرد، ئەویش بەوردی گوێی بۆ قسەکانت هەڵخستبوو، کە دەتگوت:

*– لەیلا... ببوورە، ترسنۆک نیم... لەبەر خاتری تۆ... لەبەر خۆشەویستی تۆ، لەبەر ڕووناکیی بیروباوەڕی تۆ... دەتوانم بڵێم هاتوومەتەوە هۆش دەمەوێ بڵێم... پەشیمانم... پەشیمانم لەو هەڵوێستەی منی گەیاندۆتە ئێرە و... پەشیمانم لەو چۆنیەتییەی تا ئێستاشم!... چونکی هەموو ئارەزوو و ئاواتم بەختەوەریی تۆیە و بۆشم ناکرێ بەختەوەرت بکەم، ئەو ئاوات و ئارەزووانەم بهێنمە دی!*

*لەیلا گیان ببوورە، هەر چەندە بیری لێ دەکەمەوە، کەسێکی وەکو من چەوساوە، بێدەنگ... دەوروبەر بەهەزاران دا و تەنراو... کەسێکی وەکو من دەربەدەر و ماڵ وێران... کە هەموو ژیانی لە پێناو مرۆڤایەتی بەخت دەکات... تێدەکۆشی یەکێتی و یەکسانی لە*

*دنیاکەیدا بهێنێتە دی... ئەم کەسە چۆن دەتوانی لە خەونیشدا قەناعەت بەخۆی بێنی و، بیری ئەوە بکاتەوە، کە ببێتە خاوەن خێزان و لەگەڵ هاوسەرێکدا بەهێمنییەوە بژی؟! چۆن دەتوانی تۆی کامەرانی و بەختەوەری بۆ نەوەکانیان بڕوێنن؟!*

*لەیلا گیان... ڕاستە خۆشم دەوێی... ڕاستە دەتپەرستم و تاماوم گیانم لەڕێی ڕۆژێکی کامەرانیی تودا بەخت بکەم؛ بەڵام هەر چەندە سەیری ئەم کارە دەکەم، بیر لەو ئاوات و ئارەزووانە دەکەمەوە... شتەکە وەک ئەوە دێتە بەرچاو، کە گەوجێکی بێفەڕ لە جیهانی سێیەمدا، لەژێر سایەی ڕژێمێکی ڕەگەزپەرستدا... داوای دیموکراتییەت دەکا!!.*

لەیلا... بمبورە، دەشێ بۆ یەکەمجار ببیسی وببینی کەسێک لەبەر خۆشەویستی، خۆشەویستەکەی بەجێ بهێڵێ! ئەوەش دەزانی و، تەنانەت دەش بینی، کە زۆر بەزۆریی گەنج و پیاوەکانی میللەتەکەمان، تاقە پاکانەی بێ جولەیی و، خەم ساردییان لە ئاستی وڵات و نەتەوەکەیاندا ئەوەیە، کە دەڵێن :

– *ژن و ماڵ و منداڵمان هەیە...*

– *چی بکەین ... ماڵ و منداڵ ڕێگایان لێ گرتووین...*

– *هی ڕووی ڕۆژگار ڕەش بێ...*

بەم ڕەنگە... خۆیان لە ڕاستی دەدزنەوە... باری ئەم سەردەمە و، باری ئەوانی دیکەیش هەتا خۆشەویستترین کەسیشیان دەخەنە لاوە و، ژن ومنداڵ دەکەنە لاق ودەست و، لە پێش ئەرک وفرمانی مرۆڤایەتی و ژیان ڕادەکەن!

شتەکە لەلایەکەوە وەکو ڕاست دێتە بەرچاو... مرۆ دەڵێ ناحەق نیە ئەوهابیر بکاتەوە... چونکی هەر بەدکارێکی دەبیینی، کە لێی ورد دەبییەوە ئەو هات بۆ دێ، کە هەمووی تەنها لە پێناو (نان)و...(ماڵ و منداڵ)مە! بگرە هی وەهاش هەن، کە درۆ لەگەڵ خۆشیان دەکەن و، تەنانەت بەسەرشۆڕییش قایل دەبن... بۆ ئەوەی ژیانی ڕۆژانە یان دابین بکەن ... زۆربەی خەڵکەکەیش ... ئەوانەی بەو چۆنیەتییەڕازی نابن و، هەر بۆ نان و ورگ و ئارەزوو ناژین و... ژیانی سەرشۆڕی ڕەفز دەکەن و، بەرامبەر چۆنییەتیی تاڵیی ژیان و دژوارییەکانی ڕۆژگار یاخی دەبن... ئەوانە دەزانن، کە لە ئەنجام برسییەتی و دەربەدەری بۆ ماڵ و منداڵیان بەجێ دەهێڵن و، ئەمەیش پاڵیان پێوە دەنێ بەرەو لاڕێ گرتن و لادان و بەڕەڵڵایی بێ پەروەردەیی و لاساری دەیانبا و... میراتێکی قورس لەم پەژارەییە بۆ خانەوادەکەی کۆ دەکاتەوە!

دوریش نییە هەندێک لە ڕەوشت نوێنی بەو کەسە یاخی بووانە بڵێن!

– جا... کەسێک نەتوانی خزمەتی ماڵ و منداڵی خۆی بکا، لە دەست ماڵ و منداڵ





ڕابکا... ئەوکەسە چۆن باوەڕی پێ دەکرێ گەر لافی خزمەتی نەتەوەیی لێ بدا...

لەیلا گیان... دەمزانی ئەم قسانەم بریندارت دەکەن، هەست و سۆزی پاکوڕەوانت دەڕووشینێ، بەڵام وەکو چۆن (ئێستا ) لەم کونجە تاریکەی دنیای بوون ونەبونم لێک جودا دەکاتەوە... چۆن (ئێستا ) یادی ئەو قسانە دەکەمەوە... هەموو ئەو قسانەم لێ دەبن بەوشەی بریندار و باوەشێنی ئاگرێک لە دەروونمدا هەڵگیرساوە، باوەشێنی ئەو ئاگرەی دەروونم دەکەن، ئەو کاتەش کە ئەم قسانەم بۆ دەکردی و، تۆش بەبیری پاک و ڕووناکەوە خۆت ئەم قسانەت هەڵدەسەنگاندم، هەر ئەو کاتە دەمزانی تۆ ڕاستی، تۆ ڕاستگۆیی، تۆ ڕاستگۆیی و خۆشەویستیی ڕاستەقینەیش دەبێ بەهاندەری هەموو مرۆییکی حەق پەرست و ڕاستیخواز و، ڕێگای بەرەو ڕاستی، بەرەو هەق بۆ دیار دەکا؛ بەڵام ڕەنگە تاکو (ئێستایش) لە سۆزی دایکێتی و باوکیەتی نەگەییبێ!... دڵنیاشم لەوەی، کە ئەوەی کوێرانە تیر و توانج لە خەڵکی دەگرێ، هەرگیز ناتوانێ و نەیتوانیوە وەکو ئێمە کە پێویست دەبێ بلێ (نەء) و لە پانەی قەنارەش دا سوور بێ لەسەر ئەو ووشەیە و هەر بڵێ (نەء).

گیانەکەم، لەو ماوەیەی لە شارڕە گەورە گەرمە سێرەکەدا یەکترمان ناسێ، هۆگری یەکتر بووین، هەر دووکمان لەو هۆگرییەوە،هۆگری ئامانجە گەورەکە پتر هەست و هۆش... پترتین و توانای بێ دەبەخشین پتر پڕ بڕوا لەوە دڵنیای دەکرین، کە ئەو ڕێگایەی ئێمە گرتوومانە لەو جێگایەوە ڕادەبوورێ، کە ئێمەی لێ وەستاوین، ئەو ڕێگایەیە، کە دەمانگەینێتە ئەو ئامانجە گەورەیە... کاروانی چەوساوەکانە دەگرێتە خۆی، هەر لەسەر ئەو بیروبڕوایەشەوە، ئەوەم بۆ ساغ بووەوە، کە من هەرگیز ناتوانم وەک (حەمەی) کۆنە هاوڕێم بڵێم:

– ئاسانە... دەتوانم بەدزی و سەرشۆڕی... دەتوانم هۆشیاری کوڕم بکەم بەپیاوێکی ئەم دەورە!!... دەتوانم ئەگەر بەچاو شۆڕییش بێ، کوڕەکەم بنێرمە دەرەوەی وڵاتیش و دوارۆژێکی دیاری بۆ مسۆگەر بکەم!!؛ بەڵام من هەر سەبارەت بەوەی زۆرم خۆشدەوەیی، لەخۆم خۆشتر دەوێی، دەمەوێ ئەو ڕۆڵەیەی لە دوارۆژدا زەدەی خۆشەویستیمان دەبێ، ئەو ڕۆڵەیە لە هەموو زانستی چاکتر و کاریگەرتر... حاڵی بکەم و تێی بگەیەنم، کە (ژیان واتە سەربەرزی) ، دەمەوێ تێیبگەیەنم، کە ئەوانەی لە ژیاندا بێ ئامانج دەژین، ئەوانەی بۆ خۆیان دەژین و لە پێناو ئەو ژیانەدا بەچاو شۆڕییش ڕازین، ئەوانەی ستەم نەدیدە و ڕەنج بەخەسارن، ئەوانە سەرشۆڕن و لە ڕیزی میللەتەوە دەچنە ڕیزی دوژمنانی میللەت، ئەمانە هەرگیز چێژ لە ژیان و بگرە لە مردنیش وەرناگرن، چونکی چێژی ژیان ئەوەندە بەتەمەن نییە، چێژی ڕاستەقینە و

تێربوون... تەنیا لە جۆری مردن دایە... چونکی ژیانی ڕاستەقینە و هەوڵدان بۆ مسۆگەرکردنی ئەم جۆرە ژیانە پڕ شانازی و بەچێژە تەنها لە جۆری هەڵبژاردنی مردن خۆی دەنوێنێ، واتە ژیانی ڕاستەقینە مەشقێکە بۆ هێنانەدی ئەو ئامانجانەی لە پێناویان دەژین و، هەروا ئەمەش لە ئەنجامدا وەکو مەشقێک بۆ فێر بوون و ڕوونکردنەوەی، کە چۆن بمری... خۆی دەنوێنێ! گیانەکەم... کەسایەتی مرۆ لە ژیاندا بەبێ دیارکردنی جۆری مەرگ تەواو نییە، ئێمە کە ژیان هەڵدەبژێرین... ئەو ژیانە هەڵدەبژێرین، کە پاش دەرچوونیشمان لەم مەیدانەدا... پاش مردنیش درێژایی بەو ژیانەمان بدا... ئێمە ژیان لە مردندا دەدۆزینەوە... نەک مردن لە ژیاندا... ئێمە بۆ ژیان دەمرین... نەک بۆ مردن دەژین، کەواتە ئەو ڕۆڵەیەی لێمان دەبێتەوە، ئەو حەقیقەتەی لەگەڵ فرچک... لەگەڵ یەکەم قومی شیر... لەگەڵ هەناسەیدا بچێتە ناو خوێن و دەماری و شانەکانی لەشی، لەسەر ئەو ڕاستی و هەقیقەتە هەڵبێنین، دەنا ژیانی بەسەرشۆڕی و خۆ بەدەستەوەدان، کە مردنەکەش مردنێکی سەرشۆڕانە دەبێ... نابێ ئەم جۆرە ژیان و بەم ڕەنگە مردنە لاپەڕەی بوونی ئەو ڕۆڵەیەمان ڕەش و ڕووزەردە بکات.

بەڵێ ڕاستە... ئەوە هەرگیز لە بیرناکەم، کە زۆر هەوڵتدا، داوات لێ کردم، کە لەگەڵمدا بی و، بەشداریی چۆنیەتیم بکەی؛ بەڵام چونکی چۆنیەتی و بارووەزعی ئەو ڕۆژانەم، کەچ و خوار و لار و ناسک بوون... ناچار پێم دەگوت:

– *نا... نەکەی دوایی هەزار و یەک قسەوقسەڵۆکمان بۆ هەڵدەبەستن!.*

ئەم قسانەشم قسەی دڵ بوون، لەنێو دڵەوە هەڵدەقوڵێن، چونکی تۆش ئەوەندە دەزانی، کە ئێمە، میللەتی ئێمە، ئەوەندەی گوێ هەڵدەخەین... ئەوەندە مێشک و عەقڵ ناجوولێنینەوە! ئەوەندەی قسە کارمان تێ دەکا... گوللە ئەوەندە کارمان تێ ناکا!!.

گیانەکەم من دڵنیا بووم لە تۆ؛ بەڵام ئەدی خەڵک... ئەدی خۆم؟!... ئەوە شت لێ ناشارمەوە، کە لەم ڕۆژانەدا تەنانەت بڕواییم بەخۆشم نەدەکرد!...

***

لەوە دوو دڵ بووە، کە لەیلا بەپێچەوانە لە قسەکانت گەیشتبێ؛ بەڵام تازە کار لە کار ترازا بوو، تازە شتەکە بەسەر چوو و، لەدەست دەرچوو! تازە چیت بۆ دەکرێ؟... ها؟.

تازە هیچ هێزێک نییە ئەو لەیلایەت بۆ بگەڕێنێتەوە، یان هەر تەنانەت کارێکی وا بکات، کە جارێکی دی بتوانی گوێ بۆ قسەکانت شل بکاتەوە.





جارێکی دی بچیتەوە ناو وشەکانت، ئەو وشانەی لەنێو دەروونی تۆوە سەریان هەڵدا بێ!... حەزت دەکرد بڕژێنە دەروونی ئەوەوە و! نهێنییەکانی ناوەوەی تۆ بۆ کچە خۆشەویستەکە ئاشکرا و ڕوونتر بکاتەوە، هەر چەندە دڵ ئاوێتەی دڵ بێ و، دەروون دەنگی دەروون بداتەوە؛ بەڵام کەنگی ئەسڵ و وێنە، کەنگی دەنگی ڕاستەقینە و دەنگدانەوە وەکو یەک خۆیان دەنوێنن و مەعنا دەبەخشن؟.

کارەساتەکەی لەیلا تای خستە گیانت، و ڕووگێژی کردی، بەڕەنگ و ڕوو... هەڵسوکەوت... دایکت گومانی نەخۆشیی لێ دەکردی، چەند ڕۆژێک لە ماڵدا نەچوویتە دەرەوە، شەو خەوت لێ زڕا بوو، تاکو نیوەشەو تەنیشت گۆڕیت دەکرد، یان لە پڕ لەنێو نوێنەکەت کێل دەبوویەوە و مێشکت دەخستە نێو هەردوو لەپتەوە، مێشکت دەگوشی... دەتگوشی... دەتگوشی وەکو بتهەوێ بەو مێشک گوشینەت هەموو بیر و ئازارێک... هەموو ژان و سۆزێک، کە وەک کرم مێشکیان دەرزی ژەن دەکردی، بیانخنکێنی و... وە دەریان نێی!! کاتێک کە ماندووش دەبووی... دڵە کوتێ دەیگرتی... هەناسەت تەنگ دەبوو... دەهات ببورێییەوە تاپۆی خەوێکی دڕ وەک مێردەزمە خۆی بەسەرتدا دەسەپاند و لەژێر باری ئەو مێردەزمەی خەوە، زوو ڕادەپەرییەوە هانات دەبردە بەر چەند حەبێکی ڤالیۆم.

توانای ئەوەت نەبوو بەرامبەر بەو ڕووداوە جەرگبڕە و بەرامبەر بەویژدانی خۆت بەرگە بگری و... لەیەک کاتدا خۆت بەتاوانبار و بێ تاوان بخەیتە ڕوو!!

پاش ماوەیێک ئۆقرەت لێ هەڵگیرا، ئارامت لە دەست دەرچوو نەتتوانی لە ژوورەکەدا خۆت ڕابگری، ژوورەکەت لێ بوو بەدوژمنێک... بوو بەشایەدی کردەوەکانت! ئەنگوستی تاوانبارییان بۆ ڕایەڵ دەکردی، لەژێر تەوژمی ئەو هەموو لێکدانەوانەدا لە ژوورەکەت دەرپەڕییە دەرەوە، سەرت هەڵگرت، کات بەرەبەیان بوو، کەوتیە ناو کۆڵانە تەسک و تەنگە بەرەکانی گەڕەک، سەگی تۆڕی هەستیان پێ کردی، لە ڕۆخ کۆڵانەکان ملیان بۆت درێژ دەکرد و پێت دەوەڕین... پێت دەوەڕین... وات بۆ دەهات، کە سەگەکانیش بەتاوانبارت دادەنێن!! بەحەپەی پچڕ پچڕ نووزە نووزیان ڕاوت دەنێن، ئەوانیش وەکو شاهید لێت قیت دەبوونەوە! هەوڵت دەدا خۆت لەو دنیایەدا، لەو چونیەتیەدا... بشاریتەوە! سەرت هەڵگرت... بێ ئامانج هەنگاوت دەهاوێشت... تاکو لە ئەنجامدا هۆگری مەیخانەکان بووی... خۆت فێری خواردنەوە کرد! بەو هۆیەوە گەلێک شتت لە بیر دەچووەوە... خۆڵەمێشت کرد بەسەر ئەو بیر و یادگارانەدا... ئەو یادگارە دژوارانەی ژانیان خستبووە گیانت... لەشت و لە پەلوپۆیان خستبووی؛ بەڵام ئەوەت فەرامۆش کرد بوو، کە ئەو خۆڵەمێشەیش جۆرە ڤالیۆمێکە هەرگیز توانا و بڕشتی

ئەوەی نییە مۆرکی ڕووداوەکان و چۆنێتی ڕابردووی نا لەبارت لەسەر ڕووی ژیانتدا، یان لەنێو شانە و شا دەمارەکان و... لەنێو خوێن و لەشت... لە واقیعی بوونتدا... ڕەش بکاتەوە، بیانکوژی و... بیانتوێنیتەوە!

هەو ڕۆژێک لەو ڕۆژانەی ئەو سەردەمت... تۆ یەکەم کەسێک بووی سەرت بەبارەکەدا دەکرد... هەتا ماوەیێکی زۆر لەو کورسییە بەولاوە، کە تۆ پڕت دەکردەوە، هەموو کورسییەکانی بارِ لە چاوەڕوانیی نێچیرە نیمچە ئینسانەکانی وەکو خۆت، هەموو کورسییەکان وەک تەڵە دەمیان ئاوەڵا و، بەش کرد بووەوە. پاش نیوە شەویش... تۆ دوا کەسێک بووی بارەکەت بەجێ دەهێشت.

بەدرێژایی ڕۆژانی ژیانت لە بارِ دەبردەسەر، لە ـــــ لێی دەکەوتی، وات بۆ دەهات، کە ئەم چۆنیەتیە تازەیەت، چۆن لە خەمەکانت دوورت دەخەنەوە، هەروەهاش لە داو و چاوی سیخورەکان دەتشارنەوە!... لەو ماوەیەدا بەشێک لە هاوڕێکانت کەوتنە تۆڕی فاشیستەکان، لە بەندیخانەکان قایم کران و، لەژێر جەزرەبە و چەرمەسەریدا... لەژێر دار و ئامرازەکانی ئازاردانی زۆردارەکاندا گیانیان لە دەست دا! جەلیلی هاوڕێشت کە لە ڕۆژانی خەبات، لەو ڕابردووەتدا... لە کاتی کۆبوونەوەکان بەقسە چۆن کوڵی نەدەدا و پاڵەوانێک بوو بۆ خۆی، تەنانەت لە مەیدانی خەباتدا وەک خۆی دەنواند کەس بەکەسی نەدەزانی، کاتێ ئەو هاوڕێیەت کەوتە ناو تۆڕی سیخورە فاشیستەکان و دەستگیر کرا، بەجۆرێک ڕووخا، کە بەدان پێدانان نەوەستێ؛ بەڵکو لەگەڵ سیخورە چەکدارەکان سواری لاندرۆڤەرێک دەبوو و، ماڵی هاوڕێکانی یەکە یەکە بۆ ئەو خوێنڕێژانە دەستنیشان دەکرد!!

پێت سەیر بوو، کە تۆ چۆن لەو دەستنیشانکردنانەی جەلیل بەرنەکەوتی! وات لێک دەدایەوە، کە ئەمە هەر لەبەر ئەوە بێ، کە تۆ کەم دەچوویتەوە ماڵ، ماڵێکی چۆڵ و هۆل و بەخۆت دەتگوت ڕەنگە خەڵکی دیکەی گەڕەکیش هەر وایان دانابێ، کە ئەو خانووەی ئێوە چۆڵە.

تۆ و دایکت بوون... تۆ کەم پێت دەکەوتەوە ماڵ... دایکیشت هەتا ڕۆژئاوا نەبوایە... هەتا تاریکایی دانەکەوتبا لە کارەکەی ئازاد نەدەکرا.

ڕەنگە هەر سەبارەت بەم هۆیانەش بێ تۆ بەرنەکەوتی، هەرچەندە لەناوەوەت حەزت دەکرد کۆتاییت بێت... حەزت دەکرد زوو بەزوو لەو چۆنیەتە دژوارەی تێیدا دەژیای ڕزگارت بێ و، تەنانەت ئەو هەوایەی بۆ ژیان هەڵت دەمژت تامی ژیانی پێوە نەبوو، لەو هەوایەش وەرس و بێزار ببووی.

ڕۆژێکی بەهار بوو، هەر لەنێوەڕۆوە هانات بۆ مەیخانەکە بردەوە، هەتا بیرت





دەکردەوە، هەتا هەستت بەخۆت و بەدەوروبەرت مابوو هەر دەتخواردەوە!... کاتی بیرکردنەوەیشت وەستا... هەستت بەبوونی خۆتەوە نەما... هێشتا هەر دەتخواردەوە، تاکو سەردەمێک نەتدەزانی کەی و چۆن و چەند بوو... خۆت لە گۆڕستانەکە دۆزییەوە! ماوەیەک وەکو گێژ بەناو ئەو عالەمە خامۆشەدا گەڕای، زۆرجار لە کێلە بچکۆڵەکان... لە گردۆڵکەکان... گۆڕی منداڵان هەڵدەنگووتی... بەڕوودا دەهاتی... ساتمەت دەبرد... خۆت بەکێلە گەورەکان دەگرتەوە.

لەژێر کاریگەریی خواردنەوە... لەژێر باری ڕووداوەکانی ڕابردووت، وەک پیرەمێردێکی سەد ساڵەی شان لەژێر باری ڕۆژگار چەماوە شل و شەکەت کووڕ ببوویەوە، وەک کەسێکی ژانگرتوو لەناوقەدەوە خۆت دەچەماندەوە و، بەسەر کێلەکان کووڕ دەبوویەوە، بەهەنگاوی شلۆق و ئاڵۆز کە لەشت ڕەکێشی ژێر دار زەیتوونەکە کرد، سێبەری دارەکە تینێکی ساردی پێ دەبەخشی... هەستایەوە سەر پێیان، هەندێک هۆشیار بوویەوە... جارێکی دیکەش... بەناو قەبرەکاندا گەڕایەوە، بەنووسینی سەر کێلەکان، گڵکۆی (نەسرین)ت دۆزییەوە، لە تەنیشت گۆڕەکە کسکۆرت کرد، هێزت تێدا نەمابوو... دەروونت لەناوەوەدا دەزوورایەوە... دەبرژا، ئاگرێک کەوتە دەروونتەوە، تۆ خۆت بەرامبەر ئاوا بوونی ئەم جوانەمەرگە بەربار و تاوانبار دەزانی! وڕێنە و فرمێسکت تێکەڵ یەکتری بوون، گاهـ لە دنیا بەرینەکەی بەردەمت لە شارە خامۆشەکە، کە دوا قۆناخی هەزاران کەسی نەناسراو و، سەدان کەسی ناسراو و... دەیان هاوڕێی خۆت ورد دەبوویتەوە، گاهـ خەمی هەڵچوون سەریان دەکرد و، وەک کانییەکی بەهار لە چاوەکانتا دەتەقی و دەڕژانە سەر خۆڵەکەی بەردەمت، گۆڕی ئازیزەکەت پێ دەڕشاند.

ئاگات لە ئێوارە و ڕۆژئاوا نەمابوو... شەو هەتا بەیان لەو شارە بێ دەنگەدا خۆت ون کرد، سووی بەرەبەیان و، شەو بای شەوی ڕابردوو پتر هێناتیانەوە هۆش خۆت، هەستت بەو چۆنیەتییەی ئەو کاتەت کرد، تانەیێکی شەرم ڕووی فرمێسکاویی هەڵبزرکاوییان داپۆشی... بەپەلە هەستایتەوە سەر پێیان، ئاوڕێکی دەوروپشتی خۆت دایەوە، جریوەی مەلی بەیان لەسەر کەلی دار زەیتونەکە و، دارەکانی دیکەی نێو گۆڕستانەکە وەک ئاوازێکی ئەزەلیی بێ دوایی دەڕژایە نێو ئەو دنیا کشوماتە و دەگەڕایەوە لای خۆت... پەردەی گوێچکە و مێشکی دەلەراندییەوە، پتر هۆشیارییان پێ دەبەخشی.

لەسەر بەرزایی گۆڕستانەکەوە، سەیرێکی گەورەکەت کردەوە، شارە گەورەکەی وەک کەشتییەکی زەلام، لەنێو دەریای تەمی ئەو بەیانییەدا نقووم بوو.

بەپەلە جووڵایەوە، بەگردەکەوە شۆڕبوویتەوە ناو شارە تەماوییەکە... بەنێو پێچوپەنای کۆڵانە تەنگەکاندا هەنگاوی ئاڵۆزت بەرەو ماڵ هاویشتن، لە سووچی یەکێک لەو

تیلمە کۆڵانەدا وێستێکت کرد... دیمەنێکی نائاسایی ڕایگرتی!! تاقیکردنەوەکانی چەند ساڵەت فێری کرد بووی، کە چۆن پیاوی چاک وخراپ بەسیما و جووڵە و بەسەرنج لە یەکتری جودا بکەیتەوە،خۆت پاشە و پاش کێشایەوە پەنا سووچەکە، بەپێ دزە بۆی دەرچووی و خۆت لەو دیمەنە دزییەوە، بۆ نیوەڕۆی ئەو ڕۆژەش هەموو شتێکت لا ئاشکرا بوو، بۆت دەرکەوت کە مەترسییەک ئابلۆقەی داوی، مەترسییەک وای لێ کردی هەر بەغەریزە بجولێیتەوە، فریای ئەوەشی نەدای، کە جارێکی دی چاوت بەدایکت بکەوێتەوە... یان خوا حافیزییەکەی لێ بکەی، ناچار بەبێ ماڵئاوایی لێ کردن جارێکی دیکە ئەو کلۆڵەت بەتەنهایی سپاردەوە و، بەبازووە لاواز و بێ هێزەکانی دیسان بەرەو چیاکان کەوتیەوە ڕێگا، لەوێش هەر خەمی ئەوەت بوو، کە چ جۆرە ڕەوشتێک بکەیتە هاوسەنگی بیروباوەڕت! چونکە ئەوەت دەزانی، کە میللەتەکەت ئەوەندەی سەیری ڕەفتار و ڕەوشت دەکا، بەو ئەندازەیە حیساب بۆ ئایدولۆژیا ناکا، خەمی ئەوەت هەبوو، کە دیسانەوە پاش... ئەو ئاشبەتاڵ و تێکهەڵچوونەوە، پاش ئەو هەموو کۆست و سەرەنگوونە... پاش ئەو هەموو ڕووداوە جەرگبڕ و خوێناویانەوە، دیسان هەر بەدڵسافیەکە و بێ باکیەکەیەوە دەرس و عیبرەتێکی وەرنەگرتبێ! دیسانەوە عەشیرەتبازی و چاوپۆشین... خۆ خۆیانێ... ئاغایەتییەکەی جاری جاران هەر لە گۆڕێ دابێ! خەمی ئەوەت بوو، کە دیسانەوە ڕۆشنبیران نەتوانن لەگەڵ چۆنیەتییەکە بگونجێن و، ئاوات و ئامانجی ڕەشوڕووتەکان دووبارە بکەنەوە! دیسانەوە دیارییەکی دەوڵەمەندەکانی شار... دەعوەتێکی پارەدار و پەیوەندارە گومان لێکراوەکان... ئەمانە بکاتەوە شێری مەیدان! یان دووبارە چەشە و شڕە پەیمان لە خشتەیان بباتەوە!.

کاتێ گەیشتیتەوە چیا... گەیشتیتەوە هەمان ڕەشوڕووتی پازدە بیست ساڵ لەمەوبەری نەتەوەکەت، بەهەمان دڵسۆزی و لە خۆبووردنەوە کەوتبوونەوە کار... هەستت کرد، کە ئەمانە لە جاران پتر بەورە و دڵسۆزن، ڕووداوەکانی ڕابردوو پتر پشت قایم و بڕوا قایمتریان کردوون، هەستت کرد چۆن پڕ هیواتر و لەخۆ بوردووانە بەهەنگاوی گەورە و بەتین بەرەو ژوور... ژوورتر هەورازەکەی خەباتیان گرتۆتەوە بەر.

هایهو... هایهو... ئەمانە لە کوێ و... دەزگا کۆنەکان لە کوێ؟ ئەو دەزگایانەی بێزت لێ دەبوونەوە، هەر ئەو بێزەیش وای لێ کردی بکەویە ئەو زۆنگاوەی، کە نەتوانی خۆی لێ ڕزگار بکەی، زۆنگاو قووتی دای... قووتی دای... هەموو لەشیی لە قوڕولیتە و چڵک نقووم کردی.

– *ئۆخەی... کە لەم زۆنگاوە ڕزگارم بوو.*

بەمجۆرە لەگەڵ خۆتدا ئاواتی ناوەوەت دەربڕی، هەناسەیێکی فێنک و خۆشت پڕ





بەسیپەلکەکانت هەڵکێشا.

– *ئۆخەی... کە لە ڕوخساری بزە ئامێز و، چاپلۆس... لە گەوج و ئەحمەق... لە بەڕواڵەت (شۆڕشگێر) و، لە ڕەفتاری ئاغایی جاری جارانەوە قورتار بووی... لە مۆمیای بەبەرگی ڕازاوە و بەدەیان دروشمی بریقەداری کاڵفام خەڵەتین داپۆشرا و ڕزگار بووی.*

– *ئەمجارە تووشی دڵساردی و گومان و دوودڵی نەبوویەوە...*

*ناهومێدی بەر چاوی ڕەش نەکردییەوە، یەکسەر بیرت گەڕاندەوە دواوە، بیرت بۆ ئەو هاوڕێیانەی شارت چوو، کە چۆن بەهۆی دوو بەرکیەکە، یەخەی یەکتریان گرتبوو! یەکتریان دەگەوزاند، لە هیچەوە دڵی یەکتریان بریندار دەکرد! لێک زوویر دەبوون... دڵی یەکتریان دەڕەنجاند، لەسەر ئەوە دەمەقاڵێیان دەبوو، کە ئەویان ڕاستە، یان ئەمیان ڕاستە!!.*

*لە خۆشیی ئەو کاتەت لەناوەوە دەگەشایەوە... ڕستەی فرمێسکەکانت لێ پچڕا... فرمێسک سەریان کرد و، لە چاوەکانتا دەبارین... دڵت بەمیللەتەکەت دەسووتا، بیرت لەوە دەکردەوە کە ئەو دووبەرەکییەی بەچەند ئەشکی چاو و، خوێنی سوور لەسەر وەستا.*

*تۆش هەمیشە پشتت بەمیللەتەکەتەوە ئەستوورتر بووە، کاتێ ئەم چۆنیەتییەت بەچاو دەدیت، پشت ئەستوورتر بەو میللەتە بریندارە لەخۆ چووە، کە هەموو لەشی خوین دادەچۆڕێنێ... بەستەمت زانی پشت تێکەی و بۆ ئەوروپا تێی تەقێنی و لەنێو لینگی ئافرەتاندا خەون بە (مفاوضات) و ئازادیی میللەتەکەت ببینی، بڕیارتدا بەشداریی ئەوە بکەی، کە ئەم لە خۆ چووە وەئاگا بهێنییەوە، ئەم ڕەفتارەت بەدڵ چ کەسێکی مەسئوول نەبوو، ڕاپۆرتیان لەسەر نووسی، ئەنجام ئەوەیە خۆت دەبینی، کە ئێستا لە کوێدای.*

***

ئەوە فرمێسک لە چاوەکانتدا دەرژێن! شەرمە ئەگەر ئێستا کەسێک بەم شێوەیەت ببینێ... دەڵێ ئەوا لە ترسی مردن دەگریێ!! ئەوا خۆ چاوەڕێ کردنەکەی دایکت، درێژەی کێشا!!... دایکت هەر نەهات!.

بەمەزەندەی خۆت، ئێستا شەوە، هەر چەندە ئاسمانیشت لێوە دیار نییە و، ڕۆژانی زیندانەکەشت وەک شەو ڕەشایی لە خۆیدا پێچاون؛ بەڵام بەمەزەندە ئیستا دەبێ شەو بێ، واتە دەبێ لە چاوەڕوانیی دایکت بێ هومێد بی باشە، ڕاستە لە ناخەوە حەز

دەکەی بۆ دوا جاریش نەیبینی!... ئەمەش هەر لەبەر خاتری ئەوەی، چونکی تاقیکردنەوە ئەوەی بۆ سەلماندووی، کە بیستن هەر چەندە کاریگەرتریش بێ، هێشتا ناگاتە هەزار یەکی بینینی... جا ئەوە چاکترە، کە دایکت هەر ببیستێ کوڕەکەی کوژراوە... لەوەی بێت و بتبینێ و ساتەکان... دەقیقە و چرکەیەک یەکە یەکە بژمێرێ و بەهەست ساتی گیان دەرچوونت بچەقێتە نێو مێشکییەوە... ناو دەروون و گلێنەی چاوەکانی... ئەوا سەرتاسەری ژیانت... ساتەکانی تەمەنت، ئەمجارە بەتێکەڵ و پێکەڵی بەبەرچاوتەوە ڕادەبوورن!... وەکو تەمومژ، هێواش هێواش دەخزن و دەرژێنە ناو هەست و گیانتەوە، هەناسەت پێ تەنگ دەکەن، ئارامت لێ دەخنکێنن!... بۆچ ئەوها بەپەلە... کەوتییە جووڵە و؟! هەستایتەوە سەر پێیان؟!. ئەوا بەتوورەییەوە دەست بۆ ئەڵقەکانی زنجیری دەستت دەبەیەوە، ڕەنگە مەبەستت بێ وشەیەک... دێڕێک لەم مەنزڵگایەی دواییەت لەدوای خۆتدا بەجێ بێڵی... ئەوا دەستەکانت بەرز کردنەوە، سووچی قوڵفێکی ئاسنەکەی مەچەکت لە دیوارەکە نزیک کردنەوە!...

ئەوا دەستت بەنووسین کردەوە...

ئایا وازت هەیە چ بنووسی؟! چ دێڕێک... چ پەندێک؟ چ قسەیەک... وەسیەتنامەیەک لە دیوارە ڕەشەکە هەڵکەنی؟

دیوارەکەی لای چەپت بەوشەی سەرکەوتن دەستنیشان کردووە، دەتەوێ هەموو دیوارەکانی دیکەیش هەر بەم وشەیە پڕ بکەیەوە!.

خۆ هەڵکۆڵینی ئەم وشەیە... هەڵکۆڵینی بەم پانی و پۆڕییە چەند سەعاتێکی تەمەنی گەرەکە!...

ئاه... سەیرە... خۆ ئەوا شێتانە بەگورجی جێی پیتەکان لەسەر دیوار هەڵدەکۆڵی!! بەرقەوە زیاتر دەستەکانت گیر دەکەی... توندتر دایان دەگری و بەرەو ناخی دیوارە کۆنکریتییەکە، ئەڵقە تیژەکانی زنجیرەکە دادەخزێنی!.

ئەوا سەعاتێکە خەریکی... هێشت پیی (ڕ) ی وشەکەت بەتەواوی هەڵنەکۆڵیوە...

ئایا مەرگ ڕێگات دەدا... ماوەت دەدا، کە وشە پیرۆزەکە تەواو بکەی... بەمەزەندەی خۆت نیوەشەو تێپەڕیوە... چاوەڕێی جوانەمەرگی... چاوەڕێی جەللادەکانی... وا دەنگی پێی پۆستاڵ لەپێیان بەرەو گوێت دێ!!... تۆش بەپەلەتر... بەهەموو هێزێکتەوە گوڕت داوە بەخۆت.

تەواو